د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

رێنیسانس

فوئاد میسری

کردوویە بە کوردی



د. كەمال مەزهەر ئەحمەد

رێنیسانس

سەدەی بووژاندنەوە

فوئاد میسری

کردوویە بە کوردی

چاپخانەی ـ الحوادث ـ

بەغدا ١٩٨٤



پێشەکی‌ی چاپی کوردی

چەند بایەخ بدرێت بە ڕۆژگاری ڕێنیسانس‌و دەسکەوتە زۆرەکانی هێشتا کەمە ، چونکە دەتوانین زۆری لێوە فێربین • دیارە هەر ئەوەشە وای لە ڕووناکبیرانی هەموو جیهان کردووە بێ وچان بەرز بڕوانە دیاردە جیاوازە زیندووەکانی چەرخی بوژاندنەوە کە ئێمەی کورد زۆر نی‌یە لە شێوازێکی تایبەتی‌ی خۆماڵیدا ڕێگەیمان گرتۆتە بەر • لەخۆڕا نەبوو پێشەنگی دەستەی ڕووناکبیری « چەرخی بوژاندنەوەی کورد » لە گەلێك دەرگەیان دەدا ، تیایاندا هەبوو لە یەك کاتدا زانای ئاین‌و ئەدیب‌و مێژوونووس‌و ڕۆژنامەنووس‌و پیاوی کۆمەڵ‌و سیاسەت بوو • قازی محەمەدو جەلادەت بەدرخان‌و مەلای گەورەو ئەمین زەکی‌و پیرەمێردو حسەین حوزنی موکریانی‌و ڕەفیق حیلمی لەو کەڵانەی کوردن کە وەك نەمرانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس لە پێناوی وریاکردنەوەی گەلدا بۆیان بکرایە خۆیان دەکرد بە کونی دەرزیدا •

جا دیارە کورد پێویستی زۆرە بەو بەرهەمانەی دەتوانن ببنە یاریدەری بۆ دۆزینـەوەی ڕێڕەوی ڕاست • بـە وێنە شەرمە گەر لە بواری سەختو بێ ئەندازە پێویستی داڕشتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوودا نەتوانین کەڵـك لە تاقی‌کردنەوە یەکجار بەکەڵکەکانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس ببینین •

سوپاسی زۆرم بۆ کاك فوئادی مەجید میسری کە ئـەرکی وەرگـێڕانی ئەم بەرهەمەمی لە کوڵ‌کردمەوەو بە کوردیـیـەکی ڕەوانو پێشەکی‌یەکی قووڵـەوە کردیـیـە دیاریی دەسـتی هەردوکمان بۆ خوێنەری کوردی ئازیز کە وریاکردنەوەی مەبەستی بەرو دوای زۆربەی نووسینەکانمە •

کەمـال

نەورۆزی ١٩٨٤

پێناسـەی

ئیستاتیکای قۆناغێکی نوێ

زانیاریی مێژوو ، وەك هەموو لقەکـانی دیـکەی زانستە مرۆڤایەتی یەکان ، بە درێژایی مێژووی ئادەمیزاد سەدانو هەزاران کـەس توخنی کەوتوونو شتیان لەبارەوە نووسیوەو بەشێوەی جۆر بەجـۆر لێیان کـۆڵیوەتەوەو بیروڕای خۆیان لەسەر دەربڕیـوە.

بەڵام تا ناوەڕاستی سـەدەی نۆزدەهەم ، ئەم زانیاری یە کـە راستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕەوتی گەشەکردنی مێژووی ئادەمیزادەوە هـەیە ، ئەو شەقڵە زانستی یەی نەگرتە خۆ کـە پێویست بوو لـە نووسینەوەیدا پەیڕەو بکرێ . لای هـەندێك ، مێژوو گارەزووی تاکە کـەس پاڵپێوەنەری بووە . هەندێـکی دیکەیش دەیانبردەوە سەر خواسـتی هێـزە نادیارەکانو لـەو روانگـە میتافیزیکی یـەوە تێیان دەڕوانی .

لـە دوای ئەو مێژووە ـ واتە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ـ بیرو ڕای زانستی یانە ، وەك پێداویستێکی مێژوویی هاتە کـایەوەو

سەرباکی ئەو بۆچوونو لێکدانەوانەی پووچ کردەوە کە پێشتر لەسەر مێژووی کۆمەڵو لەروانگەی ئایدیالیزمی یەوە نووسرابوونەوە • لەو کاتەوە ، مێژوو بووە زانیارییەکی سەربەخۆو توندوتۆڵو بە باری ئابوری‌و بەرژەوەندی چین‌و توێژە کۆمەڵایەتی یەکانەوە گرێ دراو سەلمێنرا کە بنکەی ئابوری کۆمەڵ هێزی پاڵپێوەنەری مێژووە • وەنەبێ ئەم رایە ئەوە بگەیەنێ کە بیرونەریتی کۆمەڵایەتی‌و باوەڕی ئاینی‌و هونەر بەگشتی ، هیچ رۆڵێکیان لە ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی مێژوودا نی‌یە ، نەخێر ، چونکە ئەوانەیش لە باروزرووفی خۆیاندا بەم یان بەو شێوە کار لە بنکە ئابورییەکەی کۆمەڵ دەکەن‌و دەوری خۆیان دەبینن • منیش لە ناوەرۆکی ئەم چەند دێڕەدا ، مەبەستم ئەوە نی‌یە پێشەکی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بنووسم کە خامەی رەنگین‌و بە بڕشتی شارەزاو پسپۆرێکی لێهاتووی کورد بەرهەمی هێناوە • بەڵکو دەمەوێ توخنی بنچینە تیورییەکانی ئیستاتیکای ئەو سەردەمە بکەوم کە دکتۆر لە دووتوێی کتێبەکەیدا بایەخێکی زۆری پێ داومو لەبەرهەمی نووسەرو هونەرمەندانی کۆلیوەتەوەو لە تێروانینێکی زانستی یانەوە چەسپاندویەتی کە پەرەسەندنی باری ئابوری ئەورووپا ، زەمینەیەکی بەپیتی بۆ هونەرو ئەدەبیات‌و تێکڕای زانیارییەکانی تر رەخساندو لەسایەیدا کۆمەڵگای ئەورووپایی ئەو گۆڕانە مەزنەی بەخۆیەوە دی کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا

گرنگی‌یه‌کی له ئه‌ندازه به‌ده‌ری پێ دراوه‌و تا ئێستایش مایه‌ی ده‌یان‌و بگره سه‌دان توێژینه‌وه‌و لێکۆڵینه‌وه‌ی جۆربه‌جۆره •

زاناو فه‌یله‌سووف‌و هونه‌رمه‌ندو نووسه‌ران که باسی مێژووی په‌ره‌سه‌ندنی ئیستاتیکا «علم الجمال» ده‌که‌ن ، لایان وایه سه‌ده‌کانی بووژاندنه‌وه قه‌ڵه‌مبازێکه به‌سه‌ر ئیستاتیکای سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاست‌و بیروڕای کڵێسه‌داو هه‌وڵدانێکی مه‌زن بووه ، بۆ رزگار کردنی ئاده‌میزاد له‌و کۆت وپێوه‌ندانه‌ی ئیستاتیکای ده‌ره‌به‌گایه‌تی له‌ده‌ست‌و پێی نووسه‌رو هونه‌رمه‌ندانی توند کردبوو •

پاش ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی به‌رهه‌م هێنانی کۆیله‌یه‌تی له ئیمپراتۆریه‌تی «رۆمانی»دا تێك‌وپێك درا ، سه‌ره‌تای قۆناغێکی نوێ ده‌ستی پێ‌کردو چه‌ند کۆمه‌ڵگایه‌کی ده‌ره‌به‌گایه‌تی له ئه‌وروپادا هاتنه کایه‌وه • بێ گومان ئه‌و گۆڕانه بنچینه‌یی‌یه‌ی به‌سه‌ر باری ئابوری کۆمه‌ڵدا دێ ، به دوای خۆیدا بیروڕاو بنه‌مای فیکریی خه‌ڵکیش ده‌باته بارێکی تره‌وه‌و مه‌فهومی چاکه‌و خراپه‌و به هێزیی‌و لاوازیی ومافی ئاده‌میزاد به چه‌شنێکی تر ، لێك ده‌درێنه‌وه • یاسا ئیستاتیکی‌یه‌کانیش له‌م روانگه نوێ‌یه‌وه ، ده‌ڕواننه سه‌رجه‌م مه‌سه‌له‌کانی ژیان‌و له‌دوایین لێکدانه‌وه‌دا شه‌قڵ‌و سیمایه‌کی تر ده‌گرنه خۆ •

له سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاست‌دا ، هونه‌ر به گشتی‌ی که‌وتبووه ژێر ده‌سه‌ڵاتی کڵێسه‌وه‌و پیاوانی ئاینی به‌و چه‌شنه‌ی له‌گه‌ڵ بیروڕای کڵێسه‌دا بگونجێ ، هونه‌ریان ئاراسته ده‌کردو ده‌یان

ویست لـە خزمـەتی ئاینـدا بێ • نووسـەرو هونەرمەندانیش، ـ بەپێچەوانەی قۆناغی کۆیلەیەتی‌یەوە ـ چینێـکی هـەڵبژاردەی کۆمەڵ نەبوون ، بەڵـکو سـەر بە چین وتوێژە کۆمـەڵایەتی‌یە هـەژارو نەداراکـان بوون • ئەمانە ئەگەرچی لـە ژێر باری چەوساندنەوەدا دەیان‌ناڵاند ، بەڵام بەچـەشنی کۆیلە تەماشـا نەدەکران وکەس مافی کوشتن وکڕین‌و فرۆشتنیانی نەبوو •• بـە جۆرێـکی‌تر بڵێین هاوولاتی‌یەکی ئاسـایی بوون‌و دەیان‌توانی ، بەپێی یاسا ، سوود لە مافی رەوای خـۆیان وەربـگرن • چینی دەرەبەگی دەسەڵاتداریش لە پێناوی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیدا ، ناچار بوو دان بە مافی رەوای چینە هەژارەکـاندا بنێ ، چونـکە رۆڵێکی گرنگیان لـە بەرهەم هێناندا دەگێڕا • ئـەم واقیعە نوێ‌یە کارێـکی کرد چینی دەرەبەگ ناچار بێ حسابێکی وورد بۆ نیازو مەبەستە مەعنەوی‌یەکانیان بـکا • لەبەر ئەوە کەوتە خۆو هـەستی بەوە کرد پێویستی بەئایدۆلۆژیایەك هەیە بەرژەوەندی‌یەکانی بنج بەست بـکاو لەهەمان کاتیشدا بیخاتە مێشك‌و دەروونی جەماوەرەوە•

لـەو قۆناغەدا ئاینی مەسیحی توانی ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێ ، بۆیە بیروڕای کڵێسە داوای لە چینە هەژارەکان دەکرد ملکـەچی فرمانەکانی کڵێسە بن‌و سەرکێشی‌ی لـە یاساکـانی نەکـەن ؟ بـە سەرێـکی تریش بانـگی یەکسـانی‌ی بەگوێی خەڵـکیدا دەدا • بەڵام چ جـۆرە یەکسانی‌یەك ؟!• یەکسانی ئێش‌و ئازار چـەشتن‌و مردن‌و ئـەو دونیا !!•• ئەنجامیش حاڵ گەیشتە ئـەوەی بیروڕای

کڵێسە بووە پاڵپشتێکی بەهێزی سیستەمی دەرەبەگایەتی • بەو جۆرە دەرەبەگایەتی لـە مەیدانی ئابووری‌و سیاسی وکۆمەڵایەتیدا رەگ‌و ریشەی داکوتاو توانی دەورێـکی گەورە لە هەموو ئەو بوارانـەی ژیاندا ببینێ • تاقە توێژێـکی کۆمەڵایەتیش کـە دەیتوانی‌و بۆی هەبوو توخنی لایەنەکانی رۆشنبیری بکەوێ پیاوانی سەر بە کڵێسە بوون • ئەمانیش هەموو توانای خۆیان خستە کار تاوەکو سیمایەکی ئاینی بە سەرجەم هونەرو ئەدەب‌و لقەکانی تری رۆشنبیری ببەخشن و بیانخەنە ژێر رکێفی یاسا ئاینی‌یەکانەوە •

شـیعرو چیرۆك‌و شـانۆو پەیـکەرتاشین‌و نیـگارکیشیان ، بەرادەیەك کەوتنە ژێر چـاودێری‌و فەرمایشتی پاپاو قەشـەکانی کڵێسەوە ، هیچ نووسەرو هونەرمەندێك بۆی نەبوو سەرپێچی لـە راستیدا بـکا • راستی‌یەکەیشی هەر ئەبوو بەو جۆرەبێ • چونـکە ئەوانیش بە رۆشنبیری ئاینی‌ی پەروەردەو گۆش کرابوون • کڵێسەو بیروڕای ئاینی مەسیحیش بەرخانێـکی گونجـاوو لەباری بنـکە ئابووری‌یەکەی دەرەبەگایەتی‌یان پێك دەهێنا • بیروڕای کڵێسە لـە هەموو بوارێکی ژیاندا ئەوەی رادەگەیاند کە ئادەمیزاد لـە پێنـاوی ئەو دونیا «قیامەت» دا تێ بکۆشێ وکارێك ئەنجام بدا لەو دونیـا بەهەشتی بە نسیب بێ ، چونکە ژیانی ئەم دونیایە کاتی‌یە وپاداشتی راستەقینە ئەوەیە لە قیامەتدا بە ئادەمیزاد دەبەخشرێ !!••

لـە قۆناغی یەکـەی سـەدەکانی ناوەڕاستدا ، بەرهەمی هونەرمەندان شەقڵی رەشبینی‌و بێ‌بڕوایی بـە ژیان‌و کوێرەوەری

ئادەمیزادیان پێوە دیار بوو • هەڵوێستی فیکریی پیاوانی سەر بە کڵێسە ماوەی گەشەکردن و پەرەسەندنی لە تێکڕای بەشەکانی هونەر بڕیبوو • خۆیشیان هەستیان بەم حەقیقەتە کرد • پاش ئەوەی لەو راستییە تێ گەیشتن کە تا چ رادەیەك ئەدەب وهونەر دەتوانن کار لە بیرو هۆشی جەماوەر بکەن ، ناچار بوون بە شوێن رێگایەکی تردا بگەڕێن ، بۆیە کەوتنە خۆ تاوەکو هونەر بکەنە ئامرازێك بەهۆیەوە خزمەتی ئایدیۆلۆژیای خۆیانی پێ بکەن •

بەڵام لە قۆناغی دووەمداو لە هەمان روانگەی رەش‌بینی‌یەوە هەوڵیان دەدا چی ناکۆکی‌یەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی هەیە ، هەر لە ناکۆکی نێوان خێزانە دەرەبەگەکانەوە ، تا هەڵوێستی نارەوای پاپاو قەشەکان و راپەڕینی جووتیاران و پیشەگەران هەبوو لە بەرهەمەکانیاندا رەنگیان دەدایەوەو بەرجەستە دەبوون • بەو شێوەیە هونەری ئەم قۆناغە تا رادەیەکی باش لە ریالیزم نزیك بووەوە ، هەرچەندە نائومێدیی و ڕەوا نەبوون بە ژیان باڵی بەسەریاندا کێشابوو • جا ئەگەر باری ئابوری رۆڵی سەرەکیی و بنچینەیی لە پێکهێنانی ئێستاتیکایەکی نوێدا گێڕابێ ، مەرجە لێرەدا دەست بۆ حەقیقەتێکی مێژوویی رابکێشین کە پەیوەندی راستەوخۆی بەم مەسەلەیەوە هەیە •

کاری پیشەیی «العمل الحرفی» لەو سەردەمەدا توانی پەرە بە وزەو توانای داهێنەران بدا • چونکە لەو قۆناغەدا پیشەگەرێکی دەست رەنگین ئەوەندە شارەزای پیشەکەی خۆی بوو ، دەیتوانی

لــه سەرەتاوە تا کۆتایی چی وزەو توانای داهێنەرانەی هەیە بیخاتە کار ولێهاتوویی خۆی بنوێنێ ، لە هەمـــان کاتیشدا بەربەرەکانێی هاوپیشەکانی پێ بـکاو کڕیاری زۆرتر بۆ بەرهەمەکەی پەیدا بکا، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کــە پیشەگەران هــەروەك سامـــانی مادی‌یان بەرهەم دەهێنا ، هونەرمەندی لێوەشاوەیش بوون‌و هێزو توانای داهێنەرانەیان دەخستە کـــارو بیرو بۆچـوون‌و هــەستی هونەرمەندانەیان تێکەڵ بە بەرهەمەکەیان دەکرد •

پەرەسەندنی کاری پیشەیی وگەشەکردنی بازاڕ ، بوونە هۆی ئەوەی شاری گەورە گەورە بنیات بنرێن‌و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی دانیشتوانیان روو لە زیادی بێ • هەر ئەم دیاردەیە لـــە قۆناغێکی گەشـەکردو تردا ، بووە هۆی ئەوەی ساختمان‌و کڵێســەو دەیری گەورەو بڵندیان تێدا دروست بکرێن‌و بە شێوازێکی رەمزی تەعبیر لە هێزو دەسەڵات‌و سەربەستی ئەو چین‌و توێژە کۆمەڵایەتی‌یە تازە پێگەیشتووانە بـکەن کە ژیانی نوێ هێنابوونی‌یە دونیاوە •

سەرەڕای هەموو ئەمانە ، هونەرو ئەدەب تا قۆناغەکانی دوایی سەدەکانی ناوەڕاست لە ژێر دەسەڵاتی کڵێسەو چاودێریی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا بوو • لەوە بەدوایش‌و ســەرەنجامی گەشە کردنی باری ئابوری کۆمەڵـگای ئەوروپایی ، نووســەرو بلیمـــەتی وەك «دانتی» و «پەترارك» و «بوکاشیۆ» هاتنە کـــایەوەو حـــەقیقەتی سیستـەم‌و دامودەزگـــای کڵێسەیان بۆ خەڵـکی روون کردەوەو تەنانەت مۆری تاوانباریشیان نا بـــە تەختی تەوێڵیانەوە • ئەمـــانە

هەرچەندە دژ بە ئاینی مەسیحیو یاسا بنچینەیی‌یەکانی نەبوون ، بەڵام هەڵس‌و کەوت‌و ژیانی رۆژانەی پاپاو قەشەو میرو دەرەبەگەکان ، بە جۆرێك هەژاندیانن کردنیانە کەرەستەو بابەتی بەرهەمەکانیان • بەو چەشنە بەردی بناغەیان بۆ ئیستاتیکای سەدەیەکی نوێ دامەزراند کە بە سەدەی بووژاندنەوە «رێنیسانس» ناسراوە • پاش ئەوانیش «لیوناردۆ دافنشی» و «میکائیل ئەنجیلۆ» و «رۆفائیل سانتی»و «شەکسپیر»و «سەرڤانتس»و •• تاد ، لە بارو دۆخێکی گەشەکردوتردا هاتنە ژیانەوەو شان بە شانی پەرەسەندنی شارستانیەتی نوێ کا رۆڵی مێژوویی خۆیان بینیو بنچینەیەکی نوێیان بۆ ئیستاتیکا چەسپاند •

لای کەلە هونەرمەندانی رێنیسانس ، ئادەمیزاد لەهەموو شت لە پێشترە • لەبەر ئەوە بە پلەی یەکەم بایەخیان پێ دەداو بە جۆرێك نیشانیان دەدا ، خەریکە لە کۆت وپێوەندی یاسا ئاینی‌یەکان دەرباز ببێو دەیەوێ ماوەی بدرێتێ چالاکیی بنوێنێو پەرە بە وزەو توانای لەبن نەهاتووی بدا • چونکە ئایدۆلۆژیای کڵێسە هەموو رێگایەکی لە بەردەم بزووتنەوەی داهێنەرانەی مرۆڤدا تەنی‌بوو ، جگەلەوەیش لەو چاوەوە دەیروانی‌یە ئادەمیزاد هەروەك بوونەوەرێکی دەستەپاچەو بێ تواناو هیچ لەبارا نەبوو بێ !!•

ئەدەبیات‌و هونەری رێنیسانس بە جۆرێك لە ئادەمیزادیان دەکۆڵی‌یەوە کە پاڵەوانێکەو لەتوانایدا هەیە کاری زۆر گەورەو مەزن‌و بەکەڵك ئەنجام بدا •

ئیستاتیکای سەدەی نوێ ، واتە ڕێنیسانس ، مەفهوومێکی نوێی سەبارەت بە جوامێریی ئادەمیزاد هێنایە گۆڕێ • بە پێی ئەم مەفهوومە نوێیە ، نرخ وبایەخ بۆ ڕەچەڵەك و بنەماڵەو خانەوادە نەمایەوەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە فامیلیای مرۆڤ پەیوەندی بە جوامیریی ئادەمیزادەوە نی‌یە ، بەڵکو مرۆڤ بەهۆی کارو کرداری چاکەوە دەتوانێ مەزنیی بەدەست بهێنێ • گەشەکردنی زانیاری‌یە سروشتی‌یەکان ، یارمەتیدەرێکی گەورەی نووسەرو هونەرمەندانی ڕێنیسانس بوو • تەنانەت هەندێك لەوانە خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەو زانیاری‌یانەدا هەڵئەسووڕان • ئەم دیاردەیەیش بووە هۆی ئەوەی بە هەموو توانایانەوە ڕوو بە ڕووی بیروڕای کڵێسە ببنەوەو بیرکردنەوەو ڕەخنە گرتن و تاقی‌کردنەوە بکەنە سەر مەشقی لێکدانەوەکانیان •

بایەخدان بە ئادەمیزادو سروشت ، لای زاناو هونەرمەندانی ڕێنیسانس گەیاندنی‌یە ئەوەی لە پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان هونەرو واقیع تێبگەن و خاسی‌یەتی ئەبستمۆلۆجی «الخاصیة المعرفیة»ی هونەر بە بارێکی زانستی‌یانەتردا لێك بدەنەوە •

بە پێی بۆچوونی هومانیسانی (*) ڕێنیسانس ، ئەرکی هونەر نیشان‌دانی واقیعە ودەبێ ئادەمیزادو سروشتی تێدا بەرجەستە بکرێ • چونکە ئادەمیزاد لە هەموو بوونەوەرێکی سروشت

(*) هومانیستان : الانسانیون •

کامڵترو بێ گەیشتووترە . هومانیستان گەرەکیان بوو ، راستگۆیانە وێنـەی واقیع بکێشن ، بۆیە گرنگی‌یان بە لایەنی تەکنیکی دەدا بـە تایبەتی لە هونەری نیگارکێشانو پەیکەر تاشینداو بەوردیی حسابیان بۆ هارمۆنیای رەنگ‌و هێـڵو بارستایی‌و ... تاد دەکرد . ئـەم لێکدانەوەیە ناچـاری کردن فێری زانیـاری یەکـالاّ کردنەوە «التشریح»و ماتماتیك‌و فیزیك ببن ، تا لـە کارە هونەری‌یەکانیاندا پەیڕەویان بـکەن .

ئەوانە کە دەیانگوت : پێویستە وێنـەی واقیـع بکێشرێ ، مەبەستیان ئەوە نەبوو ، واقیع کۆپیە بـکەن .. نەء .. بەڵـکو دەیانویست هەموو ئەو لایەنە جوانانەی لەناو سروشتدا هـەن ، هونەرمەند کۆیان بـکاتەوەو لە کارێکی هونەریدا بەرجەستەیان بـکاو ماوە نەدا یاساکانی سروشت بشێوێنرێ . پەیوەندی نێـوان هونەرو واقیع لای هومانیستان بە شێوەی جیاواز لێك دەدرایەوەو بە شێوازی جۆر بەجۆر پەیڕەو دەکرا . هەندێکیان باوەڕیان وابوو کـە مەرج نی‌یە ئەو نیگارو وێنەی هونەری‌یانەی دەکێشرێن کت‌و مت لەو کەسە بچن کە مەبەستە ، گرنگ ئەوەیە لە ئادەمیزاد بچێ‌و خاسی‌یەتەکانی دەم‌و چـاوو لەش‌و لاری بنیادەمی تێـدا پەیڕەو کرابێ .. هەندێکیشیان باوەڕیان وابوو : کـە دەبێ ئەو نیـگارانە وێنەیەکی دەقاو دەقی ئەو کەسە بێ کە وێنەی کێشراوە .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە جوانناسانی رێنیسانس توخنی مەسـەلەی پەیوەندی نێـوان تایبـەت‌و گشتی‌ی کـەوتوون‌و لێیان

کۆڵیوەتەوە • بەمەیش بنچینەیەکی تیوری‌یان بۆ مەسەلەی خەیاڵی هونەرمەند داڕشت‌و لە سنووری کۆپیە کردنی واقیع دەرباز بوون• ئەوانە کە ئادەمیزادیان لـــە قەوارەیەکی لـــە خۆی گەورەتردا دەنەخشـــاند ، دەیانویست تەعبیـــر لـــە هێزە ئیجـــابی‌یەکانی سەردەمەکەیان بـــکەن • چونکە بەپێی تێگەیشتنی خۆیان ئـــەو جۆرە کەسانەی ئەمان دەیان نەخشێنن کامڵترین‌و پێ‌گەیشتووترین کەسی کۆمەڵن‌و لـــە توانایاندا هـــەیە کۆمەڵـــگاکەیان بە بارێـــکی باشتردا بگۆڕن • دیارە ئەم شێوە تێ‌ڕوانینەیان لەوەوە هاتبوو کـــە لە روانـــگەیەکی میتافیزیـــکی‌یەوە دەیانـــڕوانی‌یە ئەو یاســـا مـــەوزوعی‌یانەی کۆمـــەڵ‌و سروشت بەڕێوە دەبەن • لەلایەکی تریشەوە مەبەستیان بوو لەو ڕێـــگایەوە رەخنەی پێ لـــە کۆمـــەڵی کۆن‌و یاساو داپ‌و نەریتی کڵێسە بگرن •

جـا سەبارەت بەوەی مەودای زەمەنی رێنیسانس چـــەند سەدەیەکی خایاند ، دەبینین بیروڕای ئیستاتیکی جیاجیای تێـــدا هاتنە کایەوەو سەرباری ئەم هەموو دەستکەوتە گرنگانە ئیستاتیکای ئەو قۆناغە مێژوویی‌یە ، نەیتوانی لەســـەر هێڵێکی چەسپاو سەقامگیر بێ • دیارترین ناتەواوی‌یەکانیشی ئـــەوە بوو کـــەمتر توخنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەکەوت‌و زۆرتر بایەخی بە کـــارە هونەری‌یەکان دەدا •

هـــەر ئـــەم شێوە تێ‌ڕوانینەیش بنچینەیەکی تیوری بۆ ئیستاتیکای چینی بۆرژوا داڕشت‌و تا ئیستایش لە لایەن جوانناس‌و

هونەرمەندو نووسەرانی سەرمایەداری‌یەوە ، بەم یان بەو شێوە بەیرەو دەکرێ ؟ بێ ئەوەی ئەوانە توخنی ئەو مەسەلە جەوهەری‌یە بکەون کە : هەرچەندە ئیستاتیکای رێنیسانس هەنگاوێکی گەورەو بەرفراوان بوو بەسەر ئیستاتیکای دەرەبەگایەتیدا بەلاّم لەم سەردەمەدا هەڵو مەرجی پەیرەو کردنی لە ئارادا نەماوەو چی هەوڵ وکوششێکیش لەو مەیدانەدا دەدرێ ، تەقەللایەکە بۆ ئەوەی هونەر بەگشتی‌ی لە ئەرکە کۆمەلاّیەتی‌یەکەی دوور بخرێتەوەو لە دوایین لێکدانەوەدا ئەوە دەگەیەنێ ، دەویسترێ درێژە بە تەمەنی پڕ لە شوورەیی سیستەمی سەرمایەداری بدرێ •

بەش بە حالّی خۆیشم کە شەرمی بە کوردیی کردنی ئەم بەرهەمەی دکتۆرم پێ رەوا بینرا ، هەموو هیواو ئاواتم ئەوەیە توانیبێتم بۆشایی‌یەکی زۆر بچووك لە نامەخانەی کوردیدا پڕ بکەمەوە ، تاوەکو خوێنەری کوردیش زانیاری‌یەکی سەرەتایی لە بارەی «رێنسانس»ەوە پەیدا بکاو بەقەدەر توانا سوودی لێ وەربگرێ‌و رێنومایی بکا •• گەر چ نیەتی وەرگێڕانەکەیش بە دلّی مامۆستای بەڕێزم دکتۆر کەمال بوو ، مایەی ئەوپەڕی خۆشحالّی‌و پێ زانینمە •

فوئاد

پێشەکی

چاپی عەرەبی

ڕێنیسانس (Renaissance) * جێگایەکی دیاری نەك هەر لە مێژووی ئەوروپادا ، بەڵکو لە سەرانسەری مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا هەیە . سەرباکی ئەو داهێنانە فیکری و هونەری یانەی ئەو سەدەیە پێشکەش بە مێژووی مرۆڤایەتی کردو ئەو گۆڕانە بنچینەیی یەی لە شێوەی تێڕوانینی ئادەمیزاددا بەرامبەر بە ژیان هێنایە گۆڕێ ، بەڕادەیەك کاریان لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کرد ، ناوەرۆکی ڕێنیسانس مەودایەکی فراوانو بەرینی گرتەوەو خۆی لە خۆیدا قەڵەمبازێك بوو لە مێژووی سەرجەم گەلانی جیهاندا . چونکە هەر بەوەوە نەوەستا لە چوارچێوەکەی ئەوروپادا گیربخوا ، بەڵکو سنووری


(*) دکتۆر لە ژمارە (٤ و ٥ و ٦ و ٧) ی گۆڤاری (کاروان) دا لێکۆلینەوەیەکی تری بە زمانی کوردیی بلاوکردەوە بە ناونیشانی (ئەدیبو ئەرکەکانی قۆناغ لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەکانی ئەوروپای ڕۆژگاری ـ ڕێنیسانس ـ دا)

ئـــەو کیشوەرەی تێ پەڕاندو تا ئێستایش لـە هـەموو سـووچو قوژنێکی ئـــەم جیهـانەدا هەست بە پرشنگە درەوشەدارەکانی دەکرێ •

ڕێنیسانس بووە هۆی زیندوو کردنەوەی کۆنو پەرەپێدانی ئەو لایەنە بە نرخانەی تا ئەو کـــاتە پەیڕەو دەکران • هـــەر بەوەیشەوە نەوەستا ، زۆر لایەنی زانستی‌یە مرۆڤایەتی‌یەکانی لـە بنەڕەتەوە گۆڕی‌و لەو مەیدانەدا هەنـگاوی گـەورە گەورەی نا • هەر لەبەر ئەم هۆیانەیش بوو ، رۆژگاری ڕێنیسانس لای زانایان واتای سەدەیەکی تەواوی دەبەخشی‌و تا ئێستایش مێژوونووسان‌و لێکۆڵەران مەبەستیانە لێی تێ بـگەن‌و وایش دەردەکەوێ ئـــەم ئەرکە مەزنە بەردەوامە ؛ چونـکە گەنجینە بەنرخەکەی ڕێنیسانس هێنـــد دەوڵەمەندە ، هـــەرگیز لەبن نایە • کـــەواتە هـــەموو رۆشنبیرێك پێویستی بەوە هـــەیە ئاگاداری‌یەکی باشـی لەبارەی مێژووی ڕێنیسانسەوە هەبێ‌و شارەزای ئـەو باروزرووفە بێ تێیـدا لـە دایك بووەو مەرجو دەستکەوتە رەسەنەکانی لە بواری هونەرو زانستدا بەووردیی هەڵبسەنگێنێ • خاڵێکی تریش هەیە وا دەکـــا لێکۆڵینەوەو تێ‌گەیشتنی تاقی‌کردنەوەکانی ئەرکێکی ئێجگار گەورە بخـــاتە ئەستۆی پسپـــۆڕو شارەزایان • زۆربەی ڕووداوەکانی رۆژگاری ڕێنیسانس کـە وولاتانی ئەوروپایان گرتەوە ، لەگـــەڵ ئەو ئاڵ‌و گۆڕە گورجو خێرایانەدا کـە ئەمڕۆ لەجیهانی سێ‌یەمدا دەبینرێن ـ ئەگەر جیاوازیی زەمان وزەمینی لێ دەربهاوێژین ـ زۆر

لەیەك دەچن • لەبەر ئەوە گەلانی دونیای سێیەم بەگشتیی‌و ئەو کەسانەی لە مەوقیعی سەرکردایەتیدان‌و زانایان‌و قەڵەم بەدەستان بەتایبەتی ، بۆیان هەیە دەرسێکی باش لەو مێژووە وەربگرن ؛ دەرسێك شیاوی ئەو قۆناغە گەورەیە بێ •

مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ، دەست نیشانی ئەو زەمینە مێژوویی‌یە بکەین کە رۆژگاری رێنیسانس هێنایە کایەوە ، هەروەها خاسی‌یەت‌و ئەنجامەکانی دیاری بکەین‌و بێ بە پێی ئەمانەیش رووی راستەقینەی داهێنانی گەورەترین پیشەواکانی بخەینە بەرچاوو لە رێگایەوە رۆشنایی ئاراستەی گرنگترین لایەنەکانی ئەم بابەتە خۆش وگرانە بکەین •



بەشـــی یـــەکەم

ئەورووپا لە بەردەم سەدەیەکی نوێدا

وولاتانی ئەوروپا بە درێژایی چـــەند سەدەیەك لەژێر باری گرانی دواکەوتوویی‌و تاریکی‌و ناڕەزاییدا دەیان‌نالاند • تێـــکڕای مێژوونووسان لەســـەر ئەوە رێککەوتوون کـــە ئەو قۆناغە ناوبنێن سەدەکانی ناوەڕاست کـــە لای هەندێکیان دەگاتە ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەم‌و لای هەندێـــکی‌تریشیان خـــۆی لـــە ناوەڕاستی ســـەدەی حەڤدەهەم دەدا • هەرچی چۆنێك چوارچێوە مێژوویی‌یەکـــەی لێك‌بدرێتەوەو با دوا قۆناغـــەکانیشی ماوەیەکی زۆریان خایاندبێ ، ئـــەو ســـالانە ســـەرەتای چـــەند گۆڕانێکی گەورە بوون کـــە کیشوەری ئەوروپایان گـــەیاندە سەدەیەکی نوێ‌و رووداوەکـــانی خستیانە بارو دۆخێکەوە لەتەك زۆربەی وولاتانی دیکەی جیهـــاندا کـــە لـــە دواکـــەوتووترین قۆناغی ژیاندا بوون بەراورد ناکرێ ، هەروەك لـــە ژیانی دوو کیشوەرە تازە دۆزراوەکەی ئەمریـــکادا دەبینران • هەندێـــکی تریشیـــان تازە پێیـــان نابـــووە قۆناغـــی دەرەبەگایەتی‌یەوەو پەیوەندی پاتریارکی هێزی بنچینەیی وولاتانی

ئەفریقاو تەنانەت بەشێکی زۆری ئاسیایش بوو • بەشێکی تریشیان ـ مەبەستمان لــە رۆژهــەڵاتی دێرینەی خۆمانە ـ لــە ڕووی شارستانیەتی‌یەوە بە ئەندازەیەکی ترسناك دابوویانە دواوە ؛ ئەمــە لــە کاتێکا بەردی بناغــەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەوێدا بنج‌بەست کراو دەیویست شارستانیەتی بگەیەنێتە پلـــەی گەشـــە کردن‌و پێ گەیشتن •

کیشوەری ئەوروپا «بەتایبەتی بەشی رۆژئاوای» لە سەرەتای ئەم ســـەدە نوێ‌یەدا گەلێك رووداوی مێژوویی‌و کۆمـــەڵایەتی‌و فیکریی گرنــگی بــە خۆیەوە دی‌و لەناو هەموویاندا ڕێنیسانس جێگایەکی دیاری هـــەیە • وەنەبێ دۆزینەوە جوگرافیـــایی‌یە گــەورەکان‌و بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی‌و (*) شۆڕشەکانی چینی بۆرژواو پەرەســەندنی زانیاری‌و زۆر دیاردەی گرنــگی تریش بایەخیان لـــە رۆژگاری ڕێنیسانس کەمتر بووبێ ، بە پێچەوانەوە هــەر یەکێك لەو دیاردانە ئەڵقەیەکی لـــە پچڕان نەهاتووی یەك زنجیرە بوون‌و شوێنەواریان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەك رۆژی ڕووناك لەبەر چـاوە •

بێ گومان هەموو ئەم ڕووداوانە بــە شێوەیەکی خۆرسك‌و بێ پەیوەندی سەریان هەڵنەدا ، بەڵــکو بە شێوەیەکی سروشتی تەعبیریان لــەو گۆڕانکاری‌یانە دەکرد کــە بە حوکمی چـــەند

(*) بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی : حرکة الاصلاح الدینی •

هۆیەکی دیاری کراو خەریك بوون بەر لە وولاتانی تر جێ پێی خۆیان لە ژێرخانی کۆمەڵگای ئەوروپایدا قایـــم ئەکرد • بــەو پێیە جڵەوی شارستانیەت لە دەست گەلانی رۆژهەلات وەرگیراو کەوتە دەست ئەوروپایی یەکان •

لە دوادوای سەدەکانی ناوەڕاستدا ، پەیوەندی سەرمایەداریی نوێ لە مناڵدانی کۆمەڵــگای دەرەبەگیدا کەوتە نەش ونما کردن • ئەمـــەیش بووە هۆیەکی بنچینـــەیی‌و تا دەهـــات زیاتر بنــکە ئابوری‌یەکەی بەرەو لاوازیی‌و گەندەڵ بوون دەبرد • کۆمــەڵانی خەڵکیش هەروەك نامەزرۆی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە نوێیەکان بوون ، قێزیشیان لە پەیوەندی‌یە کۆنەکان دەهاتەوە • جا هەرچەندە سەرەتای ئەم پرۆسیسی گۆڕان‌و گەشـــە کردنە بەسستی دەستی پێ‌کرد ، بەڵام ســـاڵ لەدوای ساڵ‌و تادەهات‌و لەئەنجامی چـــەند هۆیەکی چەسپاودا ، هەنگاوی گورج ترای دەنا •

بە نموونە : ئامرازی بەرهەم هێنانی پیشـەیی‌و کشتوکاڵی‌ی ئەوروپا لـــە نێوان سەدەکانی یانزەو پانزەدا تا رادەیەك پەرەیان ســەند • ئەگەرچی پیشەگــەرو جووتیارانی ئەوروپا لەژێر زەبری چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتیدا دەیان نالاند ، بەڵام توانیان زیاتر سوود لە بەرهەمی رەنج‌و تەقەللای خۆیان ببینن‌و لەپێناوی قازانج‌و دەستکەوتی زۆرتردا بایەخ بــە گەشە پێدانی ئامرازەکانی بەرهــەم هێنـــان بدەن‌و رۆژ لە دوای رۆژیش بەهۆی تاقی‌کردنەوەکانیـــانەوە

تەکنیکی بەرهەم هێنان بەرەو پێشەوە ببەن •

ئا بەو جۆرە دەبینین بەر لەوەی سەدەی پانزەهەم کۆتایی بێ، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوەی بەرهەمهێنانی سامانی ماددیی چەندین وولاتی رۆژئاواو ناوەڕاستی ئەوروپادا رووی‌دا •

پێشکەوتنی سامانی مادی ، راستەو خۆ بووە هۆی ئەوەی لە وولاتانی ئەوروپادا سەرمایە بەخێرایی کەڵەکە بێ ، بە خێرایی‌یەکی ئەوتۆ نە مێژوو تا ئەو کاتە بەخۆیەوە دیبوو ، نە هیچ بستێکی تری سەر رووی زەمینیش دەیتوانی شان لەشانی بدا • لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە سەرەتای ئەو گۆڕانکاری‌یە نەك هەر پشتی بە گەشەکردنی بەرهەمهێنانی لادێو شارو پەیوەندیی بەینی نێوانیان دەبەستو رووی‌کردە مەیدانی بازرگانی‌ی دەرەوە ، بەڵکو پەنای بردە بەر ووزەو توانای ئادەمیزادیش ، بەتایبەتی لەو قۆناغەدا هەزاران هەزار جووتیاری ئاوارە کە لە لادێکاندا هەموو سەرچاوەیەکی ژیانیان لەدەست چوو بوو ، ئامادە بوون لەناو شارەکاندا بە رۆژانەیەکی کەم ئیش بکەن ★ • ئەم دیاردەیەیش

(★) ئەم دیاردەیە بەتەواوی لەو قۆناغەدا خۆی نواند کە پیشەسازیی رستن‌و چنین پەرەیان سەندو خاوەن زەوی‌یە گەورەکان لەبری بەرهەمهێنانی کشت‌وکاڵ دەستیان دایە بەخێوکردنی مەڕومالات‌و چی زەوی بەپیت‌و فەڕیان هەبوو کردیانە لەوەڕگای گەورە • ئەنجامیش جووتیاران ناچار بروون رووەو شارەکان رەو بکەن‌و بە رۆژانەو بە پارچە لە کارگە تازەکاندا ئیش بکەن •

بووە هۆی ئەوەی خاوەن کارگەکان سوودی لێ وەربگرنو زیاتر پەرە بە دەزگا ئابوری‌یەکانی خۆیان بدەن •

هەموو ئەمـــانە کارێـکی وایان کـــرد لـە دوادوای قۆناغی دەرەبەگایەتیدا چینو توێژی کۆمەڵایەتی نوێ پەیدا بنو ئەنجامیش بوونە هێزی پالپێوەنەری گۆڕانو گەشەکردن ، چونکە ئەم چینو توێژە تازە پێگەیشتووانە خاوەنی پەرژەوەندیو خواستی تایبـــەتی خۆیان بوون • ئەو پەرژەوەندی‌یانەی لەبنەڕەتەوە دژ بە یاساو بیرو رەوشتی باوی سەدەکانی ناوەڕاست دەجەنگانو چی‌تر بۆیان نەدەلوا پێکەوە هەڵبکەن • لـــە کۆتایی سەدەی پانزەهەمـدا چینی بۆرژوا هەلو مەرجێکی لەباری بۆ رەخسا تا وەکو چینێکی سەربەخۆ لەچەند وولاتێکی ئەوروپای رۆژئاوادا بوونی خـۆی بسەپێنێو بەخێرایی گەشە بـکا ، بە رادەیەك سەدەیەك زیاتری نەخایاند لە ئینگلـستاندا بووە چینێکی کامڵو پێگەیشتوو • توێژە جۆر بەجۆرەکانی دیـکەی چینی بۆرژوایش رۆڵێکی بنچینەیی‌یان لەو گۆڕانە کتوپڕی‌یەدا بینی کە سەرجەم لایەنی کۆمەڵایەتیو ئابوریو فیـکریی کیشوەری ئەوروپایان گرتبووەوە • بەڵام توێژە رۆشنبیرەکەی چینی بۆرژوا «ئینتیلیگێنسیا»(١) لەو قوناغـە نوێ‌یەدا لـــە هەمووان زیاتر ئەرکی

---

(١) «ئینتلگێنسیا» کە مانای « بەهرەمەند » یان « لێهاتوو » یاخود « تێگەیشتوو » دەگەیەنێو لە ووشـــەی « ئینتیلیگێنس »ی لاتینی‌یـەوە وەرگیـراوە ، رۆنـاکبیرانی ئەوروپـا لەکـۆتای سەدەی نوزدەهەمەوە کەوتنە بەکارهێنانی •

پەرەپێدانی مادیی‌و فیکریی ئەوروپای کەوتە ئەستۆ • رۆشنبیرانی سەر بەم توێژە بەهۆی دۆزینەوەو داهێنانی نوێوە بەشداری‌یەکی گەورەیان لەپەرە پیدانی شێوازی بەرهەمهێناندا کــرد • هــەر ئەوانیش بوون ئایدۆلۆژیای چینــی بۆرژوایان خســتە قاڵبێــکی فەلسەفی‌یەوەو بنچینەیەکی تیوری نوێیان بۆ ئابوری سەرمایەداری دامــەزراندو رۆژ لــە دوای رۆژیش ئــەم تیوری‌یە هــەل‌و مەرجی لەبارتری بۆ رەخسا تاوەکو بــە گورجی بنچینــە ئابوری‌یەکانی دەرەبەگایەتی لەق بــکاو لەجێی ئەو کۆمەڵێــکی پێشکەوتووتر بنیــات بنێ •

جا ئەگــەر ئەم توێژە کۆمەڵایەتی‌یە جڵەوی بزووتنــەوەی رۆشنبیری - زانستی - وفیکریی لە رۆژگاری رێنیسانسدا گرتبێتە دەست ، ئەوا لەرووی مەنتقی مێژووەوە تەواو لەجێی خــۆیدا بووە • چونکە پێویستی‌یەکانی کۆمەڵگای نوێ ناچاری کردن لــە جــاران زیاترو بەشێوەیەکی فراوانتر روو بکەنە رۆشنبیری‌یەك پەیوەندی بە مەسەلە دونیایی‌یەکانەوە هەبێ • بۆ سەلماندنی ئــەم حەقیقەتە باشتر وایە نموونەیەك بــە بەڵــگەی سەلمێنەر بهێنینەوە • نەش‌و نما کردنی بەرهەمهێنان بەو خێرایی‌یەو دەرکەوتنی رۆڵی دراو «پارە - النقــد» لــە بواری ئاڵ‌وگۆڕ کــردن‌و بازرگــانی‌ی بەو شێوە فراوانە، بە پلەی یەکەم پشتی بەرێککەوتنی بازرگــانی‌ی «صفقة تجاریة»و قــەرزو بەربەرەکانێ‌یەکی توندو تیژ دەبەست • ئەمــە جگە لەچەند هۆیەکی تریش کــە گیروگرفت‌و ناکۆکی

ئابوری لەنێوان بازرگانو خاوەن کارگەو پیشەگەرە دەستی‌یەکانو داهێنـــەراندا خولقاندو سەرەنجـــام پێویستی‌یان بەیارمـــەتی‌و دەستگیرۆیی پارێزەران دەبوو • ئەم دیاردەیەیش ئەو حەقیقەتەمان بۆ ســـاغ دەکاتەوە کــە تا چ رادەیەك پارێزەران بەشێکی گەورەو کاریگەری بۆرژوا پێك دەهێنن • لێــرەدا پێویستە دەســـت بۆ حەقیقەتێکی تریش رابکێشین کە پەیوەندی بە بنەمای کۆمەلایەتی ئەم توێژەوە هــەیە • بە پێچـەوانەی قۆناغی دەرەبەگایەتی‌یەوە ، زۆربەی ئەو رۆشنبیرانە ســەر بەتوێژە هەژارەکانی کۆمەڵ بوون• زۆربەیشیان ـ بەتایبەت ئەوەی یەکەمیـــان ـ نەگەیشتبوونە پایەیەك دەستبەرداری ئەو پەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یانە بین کە توندو تۆل بەچینەکـــەی خۆیانەوە گرێی دابوون • باشترین بەڵــگەی بێ سەلماندنیش ئەوەیە کە پێشەوایانی سەدەی بووژاندنەوە بایەخێــکی تــەواویان بەواقیعـــی ژیانی ئـــەو توێژانـــە دەداو لەکــارە هونەری‌یەکانیاندا تەعبیریان لێ دەکردو تیاندا زمـــانو پەنـــدو فۆلکلۆری میللی‌ی بەقووڵی‌ی رەنگیان دەدایەوە ، وەك لە پاشـدا باسی دەکەین • لەوەیش زیاتر ، هەندێك لە رۆشنبیرانی ســـەر بەئینتلیگێنسیا لـە رووی ئایدۆلۆژیاوە ســەر بە چینەکەی خـۆیان بوونو بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە گیروگرفتەکانی ژیانیان دەنەخشاندو لەقالبێکی فەلسەفیدا دایان دەڕشت • شۆرشگێڕی ئالمانی « تۆماس مۆنزێر ١٤٩٠ ـ ١٥٢٥ »و زانای فەرەنسایی «ژان میسیلیە ١٦٦٤ ـ ١٧٢٩ » لەو کەسانە بوون • هەر لــەو قۆناغەدا چینی کرێــکاران

له وولاَتانی ئەوروپاداو لەسەر حسابی ئەو جووتیارە هەزارانەی زەوی‌یان شك نەدەبردو سەرچاوەی ژیانیان ووشكی كردبوو ، پێ‌گەیشت • برێكی تریشی لەو پیشەگەرە بچووكانە پێك هاتبوو كە لە سایەی شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا توانای كاركردنیان بۆ نەمابووەوە • چونكە لەو قۆناغەدا شێوازی بەرهەم‌هێنانی سەرمایەداری گۆڕانێكی وای بەخۆیەوە دیتبوو ، لە رووی چەندایەتی‌یەوە زۆرترو لە رووی چۆنیەتی‌یەوە بەرهەمی باشترو هەرزانتری لەكەل‌و پەلی پێشەگەرە دەستی‌یەكان دەخستە بازاڕەوە • ئەنجامیش بۆیان نەدەكرا لە رووی ئابووری‌یەوە بەربەرەكانێ‌ی بكەن‌و ناچار لەناو دەزگا سەرمایەداری‌یەكاندا دەبوونە كرێكار • چینی كرێكاران بە هەمان شێوەی چینی بۆرژوا چەند قۆناغێكی مێژوویی بڕی ، تاوەكو لە دوایدا بە تەواوی بنج بەست بوون • سەرەتا ئەوانەی بەرۆژانە كاریان دەكرد ، تەنانەت لە پێشكەوتووترین وولاَتانی ئەوروپادا بەشێكی بچووكی كۆمەڵیان پێك دەهێنا • دوا بەدوای ئەمەیش ووردە ووردە پرۆلیتاریا(١) وەك چینێكی سەربەخۆ لە كارگەكاندا دروست بوو •

---

(١) پرۆلیتاریا : لە ووشەی (Proletarius) ی لاتینی‌یەوە ، وەرگیراوە كە واتای « میرات » دەگەیەنێ • یەكەمجار لەسەردەمی رۆمانەكاندا وەك زاراوەیەكی كۆمەلاَیەتی بەكار هێنراوە • بەپێ‌ی ئەو ئیسلاحاتەی « سیرڤیۆس تیللیوس »ی چاری رۆمان لەسەدەی شەشەمی پێش زایندا هێنایە كایەوە ، كۆمەڵگای رۆمان بەپێ‌ی ئاستی سامانی مادی‌یان كرا بە =

نابێ ئەو حەقیقەتەیش لەیاد بکرێ کە زۆربەی ئەو کەسانەی سەر بەم چینـــە بوون تا ماوەیەکی دوورو درێژیش هەوڵیـــان دەدا پەیوەندی‌یان بەلادێو شێوازی بەرهـــەمهێنانی کشتوکاڵی‌یەوە بهێڵنەوە ؟ نەك هـەر ئەوەیش بەڵـکو چەشنـــە پەیوەندی‌یەکی پاتریارکی‌یان لەگەڵ خـاوەن کارگەکاندا پێك هێنا • لەبەر ئـەوە دەبینین چینی کرێـکاران لە رۆژگاری رێنیسانسدا تەنهـــا توخمێکی کۆمەڵایەتی بووە ، بێ ئەوەی لە رۆڵی مێژوویی خۆی تێ بـگا • بە جۆرێـکی تر بڵێین : بەتەنهـــا بووە سووتەمـــەنی ئاگـــری بەرەسەندن‌و هیچی تر •

هـەموو ئەو گۆڕانە گـەورانەی وڵاتانی ئەوروپا بەخۆیانەوە

سێ بەشەوەو هەر بەشەیان بە پێی مەرقیعی ئابووری‌یان لە ئەنجومەنی گەلدا جێـگایان درایە • بەلام لەبەر ئەوەی ئـەم دەستەیە هەر لەبنەڕەتەوە توێژێـکی هەژارو نەدارا بـوون‌و پشتاو پشت میراتیان بۆ نەمابووەوە ناوی پرۆلیتاریایان لێ نرا لە ۱۹۳ کورسی ئەنجوومەنی گەل تاقە کورسی‌یـەکی پێ رەوا بینرا • بێ گومان مەفهوومی سیاسی‌و کۆمەلایەتی ئەم زاراوەیە لەگەڵ پەرەسەندنی مێژوودا گۆرانێـکی تـــەواوی بەسەردا هات • یەکەمجار زاراوەی پرۆلیتاریا لـە کـونگرەی گەلانی رۆژهەلاتدا کە لە ئەیلوولی ۱۹۲۰ دا بەسترا ، کـــرا بەعەرەبی‌و لەســـەر یـەکـێك لە دروشـمەکانی نووســرابوو « یا صعالیك العالم اتحدوا » ـ **دانـەر** ـ

(★) ووشەی « صعالیك » بە واتا فەرهەنگی‌یەکەی ئەو هەژارانە دەگرێتەوە کە خاوەن سامانەکان تالان دەکەن‌و پاشان بەســەر رەش‌و رووتەو نەداراکاندا دەیبەشنەوە • ـ **وەرگێر** ـ •

دی ، لەگەڵ خۆیاندا بیری نوێیان هێنایە کایەوەو لە ناوەرۆکـدا تەعبیریان لە پەرژەوەندیو ئامانجی ئەو هێزو توێژە کۆمەڵایەتییە تازە پێگەیشتوانە دەکرد کە ناچار بوون ململانێو زۆران بازی لەتەك پەیوەندییە کۆنەکاندا بـکەنو رۆژ لەدوای رۆژیش زیاتر پێویستیان بەوە دەبوو پەیوەندییەکانیان مسۆگەر بکەنو پەرەی پێ بدەن • رۆژگاری رێنیسانس یەکێك بوو لـەو دیاردە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییانەی پێش وەخت سەری هـەڵداو هاوچـەرخی قوناغێك بوو تێـدا سەدەکانی ناوەڕاست رووەو سەدەیەکی نوێ هەنـگاوی دەنا •

جـا وەنەبێ بەتەنها ئەو هۆیانەی رۆژگاری رێنیسانسیان هێنایە دونیاوەو کاریان لە بنکە ئابوورییەکەی کۆمەڵگای ئەوروپایی کرد ، تاکە هۆی ئـەو هەموو گۆڕانکارییانە بووبن کـە روویان دا ، نەخێر • چـەندین هۆی تری دەرەکی «خارجی» ئاوێتـەی هۆیەکانی ناوەوە بوونو رۆژمێکی توندیان پێ بەخشینو بوونـە هێـزی پاڵپێوەنەرو راستەوخـۆ بەشـداریی دروست بوونی هەندێکیان کرد •

لە دوا دوای سەدەکانی ناوەڕاستدا ، ئەوروپا دەرگـای بۆ چەند لایەنێکی گرنگی کەلتووری رۆژهەڵات خستە سـەر گـازی پشتو بەهۆیانەوە یاساو نەریتی کۆمەڵـگای دەرەبەگایەتی هاتنـە لەرزین • زۆربەی کەلتووری رۆژهەڵاتیش کـە لـە بنەڕەتدا

ئیسلامی بوون‌و لەرێـگای «ئەندەلوس»و «سقلیە»و ئەو وولاتـــە عەرەبانەی کە بەسەر رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا دەیان روانی گەیشتە خاکی ئەوروپا • لە رێگای «ئەندەلوس»ەوە بەرهەمی فەیلەسووفە کۆنەکـــان‌و لەســـەرو هەموویانەوە «ئەفلاتوون»و «ئەرستۆ» کـە بە درێژایی چـــەند ســـەدەیەك وون بووبوون بەڕی‌یەوەو گەیشتنە دەست ئەوروپایی‌یەکان • هـەر چـەندە ئەو نووسینانە لە خەوش‌و ناتەواوی بەدەر نەبوون ، بەلام لەروانـگەی ئاین‌و شارستانیەتی ئیسلامی‌یەوە هـــەندێ شتی نوێیان خرابووە سـەر • لە رێـگای «سقلیە»وە کە بە درێژایی دوو سەدە لـە ژێر دەسەلاتی عـــەرەبە ئیسلامەکاندا بوو ، زۆر بابەتی زانیاریی وەك سروشتناسی‌و پزیشکی‌و فەلسەفی گەیشتە ئەوروپا •

شـەپۆلی سوپای خاچداران کە بەتێك‌شکاوی دەگـەڕانەوە هەر بەوەوە رانەدەوەستان ئەو چیرۆکە سەیرو عەنتیکانە لەگـــەڵ خۆیاندا بهێنەوە کـــە باسی خۆشی‌و رابوواردنی دەرباری میـــرو خەلیفەکانی رۆژهەلاتیان دەکرد ، بگرە لەگەڵ ئەمانەیشدا داهێنانی تازەو بیری نوێیان دەبردەوە • هەموو ئەمانەیش بەس بوون بۆ وروژاندنی بیری خەلـکی تاوەکو بەراوردێکی کەلتووری خۆیان‌و پێشکەوتنی ژیانی ڕووناکبیریی رۆژهەلات بکەن •

پاش ئەوەی دەرەبەگە ئەوروپایی‌یەکان بەخۆیان‌و لەشـکرو دەست‌و پێوەندیانەوە لـە رۆژهەلات گەڕانەوە ، هەستیان بە کرۆکی ئەو پەندە کرد کـە دەڵێ :«لە ژیاندا ئەوەندە تێبکۆشـە وابزانـە

هەتا هەتایە دەژیت» لە کاتێکا بیرو رای کڵێسەی کاتۆلیـــکی وای پەروەردە دەکردن لە شوێنی خۆیان نەبزوون و لەپێناوی قیامـــەتدا هەموو ئان و ساتێك مردنیان لەپێش چاوبێ !!•

لێرەوە ئەوروپایەکـــان کەوتنــە خۆو وەك دانیشتـــووانی رۆژهـــەڵات ناوەرۆکی هـــەردوو پەندەکـــەیان رەچاو دەکرد • بەسەرێك کۆشکی بڵندو رازاوەیان بنیات دەناو بەسەرێکی تریش بۆ دروست کــردنی دەیرو کڵێسە وەستـــایی یەکی بێ سنــووریان دەنوانـد •

دەبێ ئەوەیش لەیاد نەکرێ کە بەر لە رۆژگاری رێنیسانس و لەئەنجامی ئـــەو هۆیانە ، یان هەندێکیاندا کــە پێشتر باسیان لێوە کراو بەهـــۆی بزووتنەوەی «کارولنجی»ی ســـەدەی نۆهـــەم و «ئۆتونی» ســـەدەی دەهەمەوە ، پرشنـگی شارستانیـەت ناو بەناو ئەوروپای رۆشن دەکردەوە • بەڵام سەبارەت بەوەی بەگشتی ی و لەبوارێکی تەسکدا دەجووڵان و کاریان لەژیانی کۆمەڵایەتی دەکرد ، دەتوانین بڵێین بـــە تەنها توانیان زەمینـــەیەکی لەبار بۆ رۆژگـــاری گەورەی رێنیسانس لەئەوروپادا برەخسێنن کە لەکۆتایی ســـەدەی پانزەهەمدا گەیشتە لوتکە • چونکە خاسی یەتە تایبەتی یەکانی لەهەموو راپەڕینەکانی دیکەی مێژوو بە ڕادەیەك جیادەکاتەوە ، تا ئەو کـــاتە کیشوەری ئەوروپا بەخۆیەوە نەدیبوو •



بەشی دووەم

خاسیەتو ڕۆژگاری ڕێنیسانس

مەفهوومی ڕێنیسانس :

لەبەر رۆشنایی ئەو حەقیقەتانەی پێشتر باسیان لێوە کرا ، بۆمان دەردەکەوێ کە «ڕێنیسانس» لە ئەنجامی حەتمی کۆمەڵێك هـۆی ناوخۆیی‌و دەرەکیدا هاتە کایەوەو پێکەوە لە مناڵدانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ئەوروپادا کاری خـۆیان کرد • کەواتە ڕێنیسانس بەحوکمی ئەو واقیعەی تێیدا لەدایك بوو ، چ‌لە شێوەی تێ‌ڕوانینیدا بۆ دیاردەکانی ژیان‌و چ لە بیرکردنەوەدا ، ڕێبازێکی نوێی گرتـە بەر ، تەواو بە پێچەوانەی بیروڕای باوی کۆمەڵی کۆن‌و پەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکانەوە بوو • بەتایبەتی چونـکە لە رۆژگـاری ڕێنیسانسدا ئەو پەیوەندیە کۆنانە لە لایەك بوو بوونە بار بەسـەر شانی کۆمـەڵانی خەڵکی‌یەوەو لەلایەکی تریشـەوە تەعبیریان لەسیستەمی کڵێسەی کاتۆلیکی‌و هـەڵس‌و کـەوتی دوگماتی‌یانەی

دەکردو کۆسپێکی گەورەشیان لەبەردەم داهێنـــانو بیـری نوێی پەرەسەندوودا دانا بوو • زانایان لـەم بارو دۆخە تازەیەدا کەوتنە خـــۆو شێوازی نوێی جۆربەجۆریان دەدۆزی‌یەوە تا بەهۆیانەوە بەربەرەکانێی سیستەمی کۆنو بیروباوەڕی بـاوی دەرەبەگایەتی پێ بکەنو پەردەیان لەسەر هەڵبماڵن • بۆ ئـــەم مەبەستە ڕێـــگای ژیاندنەوەی کەلتووری کۆنیان گرتە بـــەر ، بەتایبەتی کـەلتووری یونانی • ئەوانە وا بۆ مەسەلەکە دەچوون گوایە بەهۆی ژیاندنەوەی کەلەپووری کۆنەوە دەتوانن لـــە کۆتو پێوەندی ســـەدەکانی ناوەڕاست دەرباز بنو باشتریش دەتوانن لـــە یاساکانی سروشت تێ بـگەن •

لەم ڕوانگەیەوە ئەم ڕێبازە فیکری‌یە نوێیە بەناوی ڕێنیسانسەوە (Renaissance) کە بەزمانی فەرەنسایی واتای «ژیاندنەوە» یـان «زیندووکردنەوە» یاخود «لەدایك بوونی نوێ» دەگەیەنێ کـــەوتە ناوناوانەوەو پیاوانی ئەو ڕۆژگارە بۆ یەکەمجار بەکاریان هێنا(١) •

---

(١) لە زمانی عەرەبیدا ووشەی « النهضة » بۆ ئەو ڕێبازە فیکری‌یەو سەردەمەکەی بەکار دەهێنرێو وەك زاراوەکی مێژاوویی دەیان ساڵە نووسەرە عەرەبەکان بەکاری دەهێنن • ـ دانەر ـ •
هەر وەك زاراوەی « النهضـــة » بە زمانی عـــەرەبی مـــانای ڕێنیسانســـ ناگەیەنێ ، لـەزمانی کوردیشـــدا وەرگـێڕانی بەهـــەڵە زاراوەی « ڕاپـــەڕین » یان بۆ دانـــاوە کـــە واتـــای « الانتفاضـــة » دەگەیەنێ • بۆیـــە وا بـــەچاك زانـــرا لـــە بەکوردیی کردنی ئەم کتیبەدا « ڕێنیسانس » بەکار بهێنینو دکتۆر خۆیشی هەر ئەمەی بەلاوە پەسەندە ـ وەرگێڕ ـ •

لای ژمارەیەك فەیلەسووفو مێژوونووس ، سەرپاکی مێژووی مرۆڤایەتی بەر لەو سەدەیە رووداوێــکی لــە رۆژگاری رێنیسانس گرنگ‌و مەزنتری بەخۆیەوە نەدیوە • راستی‌یەکەیشی هەر وایە • چونکە چەندین داهێنان وگۆڕانی فیکریی نوێ هاتنە کایەوە کــە راستەو خۆ پەیوەندی‌یان بەو رۆژگارەوە هەیەو تا ئێستایش سەدان مێژوونووس‌و هونەرمەندو رەخنەگری سەر بە رێبـــازو قوتابخانە فیکری‌و فەلسەفی‌یە جۆربەجۆرەکان ، لای خۆیانەوە بایەخێـــکی لەئەندازە بەدەری پێ دەدەن • لەبەر ئـــەو هۆیانە ئەگـــەر ناوبەناو مشت‌و مڕو بۆچوون‌و هەڵسەنگاندنی زانستی‌ی جیاواز دەربکەون‌و لەخاسی‌یەتی رۆژگاری رێنیسانس‌و ئەو بابەتە گرنـگانە بکۆڵنـەوە کە لەمەودوا هەوڵ دەدەین رۆشنایی بخەینە سەر لایەنە گرنگەکانی نابێ بەرێـکەوت لەقەڵەم بدرێن •

ئیتالیاو مەودای مێژوویی رێنیسانس :

تا ئەمڕۆ دەست نیشان‌کردنی مەودای مێژوویی رۆژگـــاری رێنیسانس‌و ئەو وولاتانەی تێیــاندا دیاردەی راپەڕینێـــکی نوێ ســـەری‌هەڵدا ، یەکێکە لـــەو مەسـەلە ئاڵۆزانەی مشت‌ومڕی زانستی‌یانەی سوود بەخشی لەسەر دەگرێ • بێ گومان هەموو ئەو بەرهەم‌و داهێنانەی لەسەدەی پانزەهەم‌و شانزەهەمدا هاتنە کـایەوە مل‌کەچی یاساو رێبازەکەی رێنیسانس نەبوون • چونکە شان بەشانی بیروڕای ئەو رۆژگارە ، کەلتووری سەدەکانی ناوەڕاست لەکاردا

بوو • ئەمە جگە لەوەی کە دیاردەکانی رێنیسانس بە تەنها ووڵاتێك دووانی نەگرتەوەو گەشاندنەوەو پاشان سیس‌بووونیشیان لەسەر هێڵێکی دیارو چەسپاو نەدەڕۆیشت • هەموو ئەم دیاردانە بە پێی بارو زرووفی ئەو ووڵاتانە بەڕێوە دەچوون کە بووژاندنەوەیان بە خۆیانەوە دیبوو • بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازی‌یانەیش مێژوونووس‌و لێکۆڵەران باوەڕیان وایە کە ئیتالیا لانکەی رێنیسانس‌و بزووتنەوەی مرۆڤایەتی‌یە •

ئێمەیش لەم بۆچوونەوە دەتوانین بیروڕایەکی گشتی‌ی سەبارەت بە رۆژگاری رێنیسانس بخەینە بەر دەست‌و قۆناغە سەرەکی‌یەکانی دەست نیشان بکەین •

لە ئەنجامی چەند هۆیەکی دیاری کراودا کە هەریەکەیان بەم یان بەو شێوە کاریان لەوی‌تر دەکرد ، بیروباوەڕی رێنیسانس لە ووڵاتی ئیتالیادا بەر لەووڵاتانی دیکەی ئەوروپا خۆی نواند •

ئەم ووڵاتە لە کۆتایی سەدەی ناوەڕاستدا زۆر بە خێرایی بەرەوپێش دەچوو • لەسەدەی یانزەهەم بەدواوە ئابوری ئیتالیا بەتەواوی پشتی بە بازرگانی دەرەوە بەست‌و ئەنجام ووزەو توانای کەشتی‌یەکانی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا رۆژ بەرۆژ بەهێزتر دەبوون‌و توانی هەموو ئاڵوگۆڕێکی نێوان ئەوروپاو رۆژهەلات بۆخۆی قۆرخ بکا(١) • چونکە لەوە تێ‌گەیشتبوون کە کەل‌و

---

(١) J. R. Strayer and Others, the Mainstream of Civilization, Second Edition, New York, 1974, P. 207.

پەلی دانسقە «بەهارات و ئاوریشم‌و عەترو خشڵی زێڕو زیو» لە وولاتانی ئەوروپادا بازاڕێکی بەفرۆختیان هەیە ؟ دیارە ئەنجامی ئەم ئاڵ وگۆڕەیش ئیتالیایی‌یەکان قازانجێکی زۆریان دەست کەوت ، بەرادەیەك «هەریەکەیان لەجاران زیاتر دەوڵەمەند بوون»(١) •

هێشتا سەدەی سیانزەهەم کۆتایی نەهاتبوو ، ئیتالیا لەمەیدانی ئابوری‌و کۆمەلایەتیدا ریزی پێشەوەی داگیر کردو شارەکانیشی لە وولاتانی دی زۆرتر پێش دەکەوتن • تەنها لەشاری «ڤینیسیا»دا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەپیشەسازی چنینـدا کاریان دەکرد گەیشتە «١٦» هەزار ولە پیشەسازی کەشتی دروست‌کردندا ژمارەیان خۆی‌دا لە «٦» هەزار کەس(٢) • جا ئەگەر ژمارەی یەکەمیان ئاوێنەیەکی بێ گەردی پێشکەوتنی پیشەسازیی بێ لەشارێکی وەك «ڤینیسیا»دا ، ئەوا ژمارەی دووەمیان ئەوە دەگەیەنێ کە تا چ‌رادەیەك بازرگانی نەش‌و نمای‌کردووەو چەندیش پێویستی بەو هۆیانە بووە تاوەکو کەل‌وپەلەکانی لە دەریای سپی‌یەوە بەرەو دەریای سوور بگوێزێتەوە •

---

(١)
H. Baron, The Crisis of Early Italian Renaissance. Princeton, 1967, P. 365 .

دانەر بەتایبەتی باسی دانیشتوانی فلۆرەنسا ئەکاو مەبەستیشی ئەوەیە ئەو سەردەمە جیابکاتەوە کە بەشەڕو شۆڕەوە خەریك بوون •

(٢) کاتێك نرخ‌و بەهای ئەو ژمارانەمان بۆ دەرئەکەوێ کە بە پێوەدانی سەردەمی خۆیان پێوانەیان بکەین •

دانیشتووانی «ڤینیسیا» وەك تێکڕای شارو بەندەرەکانی دیکەی ئیتالیا ، بێ دوو دڵی خۆیان دەکوتایە هەر مەیدانێکی بازرگانییەوە بە مەرجێك بیانزانیایە قازانجیان مسۆگەرە (*) ، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی چەندین بازرگان خەریکی کڕینو فرۆشتنی کۆیلەی سپی بوونو بەردەوام کۆشکی میرو خەلیفەکانی رۆژهەلاتیان بە ئافرەتی «بولکان»ی سیخناخ دەکرد ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو بڕیارەی «پاپا» دەری کردو تێیدا کڕینو فرۆشتنی ئافرەتی بەکارێکی دژ بەیاساو نەریتی ئاینی مەسیحی لەقەڵەم دەدا . دەڵێن تەنانەت ئەو بڕیارەیش هیچ شوێنەوارێکی لە دڵو دەروونی بازرگانەکاندا بەجێ نەهێشت ، چونکە «بازرگانییەك بوو قازانجی زۆری لە دوابوو»(۱).

شاری «جەنەوا»و «فلۆرەنسا»و چەند شارێکی دیکەی ئیتالیا ، شان بەشانی یەك پەرەیان دەسەندو گەشەیان دەکرد . بەڕادەیەك

(*) « شەکسپیر » ی گەورە نووسەری دراما توانی ئەم حەقیقەتە مێژوویییە لە شانۆیی «بازرگانی ڤینیسا»دا بەرجەستە بکا . ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە تا چ رادەیەك ئەدەبو هونەر ئاوێنەی باری ژیانی کۆمەڵەو تا چرادەیەك مێژووی ئەدەب بە مێژووی ئابووریو سیاسی وکۆمەڵایەتییەوە بەستراوە . ئەم حەقیقەتە بەروونیی لەوەشدا ئاشکرا دەبێ کە دکتۆر بۆ نووسەرو هونەرمەندانی رۆژگاری رێنیسانی تەرخان کردووە . « **وەرگێر** »

(۱) G. Cl. Sellery, The Renaissance , Its Nature and Origins, Madison, 1962, P. 18.

شاری «فلۆرەنسا» لەزۆر بواری ئابوریدا شاری «ڤینیسیا»یشی بەجێ هێشت • جموجۆڵی ئابوری بـەو شێوە فراوانەو پێشـکەوتنی پیشەسازیو ئاڵو گۆڕ کردنی دراو خستی‌یە مەوقیعێکەوە «کـاری کردە سەر تێکڕای ئابوری وولاتانی ئەوروپا»(١) وسەرهەڵـدانی یەکەمین دامەزراوی شێوە سەرمایەداری لەسەر ئاستی هـەموو جیهان بۆی بووە شتێکی سروشتی‌ی •هەر لە «فلۆرەنسا»دا یەکەمجار پەیوەندی‌یەکانی سـەرمایەداری دەرکەوتن‌و یەکـەم مانیفاکتۆرەو ترۆستی دارایی «الاتحاد المالی» هـاتە گۆڕێ‌و ژمارەیەکی زۆر پیشەگەرو بازرگان تێدا کۆبوونەوە • ئەو ترۆستانە سەرپەرشتی هاوردن‌و هەناردنی کەل‌وپەلیان‌دەکرد •

لـە سەدەی چواردەهـەمدا ژمارەی کارگـەی پیشەگەرە گـەورەکانی «فلۆرەنسا» کـە گەیشتبوونە قۆناغی مانیفاکتۆرەو قوماشیان بەرهەم دەهێنا لە «٢٠٠» کارگـە تێپەڕی کـرد(٢) • گەشەکردنی پیشەسازی بەو خێرایی‌یە بووە هۆی ئەوەی نیسبەتی کرێـکاران بـگاتە ٨٠٪ی هەموو دانیشتووانی شار(٣) ئەمـەیش

(١) D. Hay. The Italian Renaissance in its historical background. Cambridge, 1966 . P. 89.

(٢) پروفیسۆر ف.ف سیمیونۆف • مێـژووی سەدەکـانی ناوەڕاست • بەزمانی رووسی • چاپی سێیەم • موسـکۆ ١٩٧٠ ل ٢٨٠

(٣) J. Gage, Life in Italy at the time of Midici, London, 1968, P. 101.

ژمارەیەك بوو نەك هەر لەئیتالیادا بەڵكو لە سەرپاكی كیشـوەری ئەوروپاو جیهاندا وێنەی نەبوو .

هەر لـەو قۆناغەدا لە شاری «فلۆرەنسا»دا گەورەترین بانك بەشێوە نوێیەكەی دامەزراو ئاڵو گۆڕی بـە بەهێزترین دراوی زێڕەوە دەكرد كـە لـەو سەردەمەداو لەهەموو ئەوروپادا هیچ پارەیەك نەیدەتوانی شان لـە شانی بداو(١) دەزگای ئیعتیمادی بۆ بازرگانەكانیش خستە سەر گازی پشت . نەك هەر ئەوەیش ، بەڵكو دەستگیرۆیی وولاتانـی دیـكەی ئـەوروپایشی دەكـردو قەرزوقۆڵەیشی دەدانێو چـەند جارێكیش پارمەتی ئینگلستانی دا . دامو دەزگای «فاتیكان»یش بۆ كۆكردنەوەی دەرامەتی خۆی لـە ئەوروپادا ، تەنهـا پشتی بە بانكەكانی «فلۆرەنسا» دەبەست(٢) . تا ئێستایش زۆربەی ئەو زاراوانەی گەلانی ئەوروپا لـە ئیش وكاری بانـكدا بەكاری دەهێنن بەڕەگەز ئیتالیاینو هـەندێكیشیان بەهـۆی پەیوەندی‌یان بـە گـەلانی عەرەبو ئیسلام وبیزەنتی‌یەكانەوە ، هاتوونەتە ناوناوانەوە . یەكێك لەرواڵەتەكانی تری گەشـەكردنی «فلۆرەنسا» ئەوە بوو ژمارەی دانیشتووانی لـە ماوەی سـەدەو

---

(١) «فلۆرەنسا» بەر لەهەموو شارەكانی تری ئیتالیا سـكەی پارەی زێـڕی لێدا كە بە «فلۆرین» ناو دەبرا . شـاری «ڤینیسیا» بەلای كەمـەوە «٣٠» ساڵێك دوای «فلۆرەنسـا» دەستی بەسكە لێدان كرد .

(٢) ف.ف سیمیۆنۆف سـەرچاوەی پێشـوو ، ل١٨٧ ، ٢٨٠ ـ ٢٨١ .

نیوێکدا نزیکەی دوو ئەوەندە زیادی کرد • لە کۆتایی ســەدەی سیانزەهەمدا ژمارەی دانیشتووانی گەیشتە «٧٠» هەزار کــەس ، پاشان لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەمدا خۆیدا لە «١٥٠» هــەزار ئەم دیاردەیەیش دەبێ بە پێوانەی دیمۆگرافیی سەدە ناونجییەکان حسابی بۆ بــکرێ چونــکە لەو کاتەدا گەورەترین شاری ئەورووپا ژمــارەی دانیشتووانی لە هەشتیەکی ئــەو ژمــارەیەی دوایی تێنەدەپەڕی(١) • هــەموو ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانە لــە سروشتی سیستەمی سیاسی شارە پێشکەوتووەکانی ئیتالیادا رەنــگیان دایەوە ، زۆربەی خێــزانە دەسەڵاتدارەکانی ئیتالیای خستە بارودوخێــکەوە بەیوەندیەکی توندو تۆڵیان لەگەڵ کاروباری پیشەسازیو بازرگانیدا بەستو لەئیشو کاری کشتو کاڵی زیاتر بایەخیان پێ دەدا •

خێزانی «میدیچی»(٢) * فلۆرەنسایی باشترین نموونــەی بنەماڵەی حوکمڕانن • ئەوەی شایانی باسە ، پارەدارەکانو بەتایبەتی

---

(١) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٨٢

(٢) ووشەکە لــە زاراوەی (Medici) یەوە ، وەرگیراوە کــە پەیوەندی بە ئیشو کاری ئەجزاچێتیو پزیشکییەوە هەیە •

(*) «بەرتۆلد بریخت» لەشانۆیی «ژیانی گالیلۆ» دا پەردە لەســەر حەقیقەتی ئەم بنەماڵەیە لا دەدا ، کە چۆن پەرۆشی داهێنــانی نوێو کاروباری دەرەوە بوون • بڕوانە سانۆیی «ژیانی گالیلۆ» وەرگێڕانی فوئاد میسری • بلاوکراوەی دەزگای رۆشنبیرییو بلاوکردنەوەی کوردی ١٩٨٢ • «وەرگێڕ»

بازرگانەکان نوێنەریان لەئەنجوومەنە رەسمی‌یەکانی چەند شارێکی ئیتالیادا زۆربە نەبوون • ئەم دیاردەیەیش ئـەوە دەگەیەنێ کـە تەوژمی بەتینـی ئابوری نوێ ئەوەنـدەی کـات نەهێشتبووەوە سەرمایەدارە ئیتالیایی‌یەکان خـۆیان بەکـاروباری ئەنجوومـەنە رەسمی‌یەکانەوە خەریك بکەن‌و پەرژەوەندیەکانیان لـەو پەندەدا دەبینی‌یەوە کە « کات لەهـەموو شـت بەنرختره »(۱) • لەوەیش گرنگتر ؛ بەردەوام بوونی هەر سیستەمێکی سیـاسی لەشارەکـانی ئیتـالیادا ، توندوتۆل بەسترابوو بەهەڵوێستو رادەی پشتـگیریی کردنی ئەو سیستەمەوە لەلایەن پارەدارەکانەوە ، تەنانەت لەهەندێ کاتدا دامو دەزگا ئابوری‌یەکانیان «دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون لەناو دەوڵەتدا »(۲) •

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کـە هەرەس‌هێنانی پەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکانی ئیتالیا پێش وولاتانی‌تر کـەوت‌و بەحوکمی ئەو گۆڕانکاری‌یانە •

پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵی نوێیش بەر لەشوێنانی‌دی لـەوێ دەرکەوتن • ئەمەیش خۆی لەخۆیدا هۆیەکی بنچینەیی بوو تاوەکو ئیتالیا بـکاتە لانـکەی رێنێسانس • بـە ئەندازەیەك لەسـەدەی

---

(۱) J. Gage. Op. Cit., P. 57.

(۲) کاتی خۆی یەکێك لە بانکەکانی شاری «جەنەوا» بەو جـۆرە تاریف کراوە • (Ibid, P. 57.)

چواردەهەم‌و پانزەهەمدا شاری «فلۆرەنسا» بووە مەڵبەندی هەموو جموجۆڵێك‌و ناودارترین پێشەواكانیشی خەڵكی ئەو شارە بوون‌و جێی خۆی بوو كە ناوی «پایتەختی» رێنیسانسی لێ بنرێ(١) ٠

شان بەشانی ئەم هۆ بنچینەیی‌یە ، كۆمەڵێك هۆی تر لەئیتالیادا هاوبەشی‌یان لە گەلاڵە بوون‌و نەش‌و نما كردنی رێنیسانسدا كرد ٠ چونكە ئەو وولاتە هەر بەتەنها ئەڵقەی پەیوەندی بازرگانی نێوان ئەوروپاو رۆژهەلات نەبوو ، بەڵكو بەحوكمی شوێنە جوگرافیایی‌یەكەی ، ئەڵقەی پەیوەندی فیكریی نێوان هەردوولای پێك دەهێنا٠بەهۆی ئیتالیاوە بیروڕاو دیاردە گرنگەكانی شارستانیەتی رۆژهەلات دەگەیشتە ئەوروپاو جێ پەنجەی لە بووژاندنەوەی ئەوروپادا بە ئاشكرا دیارە ٠ ئەو دەورە گرنگەی ئیتالیا بینی ، بەتایبەتی لە سالانی شەڕی خاچ پەرستاندا دەرەدەكەوێ‌و سەرجەم مێژوونووسان لەو باوەڕەدان كە پاشماكشەی سوپای شكستەیان زۆر دیاردەی شارستانیەتی لەرۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا پەڕاندەوەو بەر لەهەموو شتێك لەبووژاندنەوەی ئەوروپادا رەنگیان دایەوە ٠

رەگەزەكانی كەلتووری رۆژهەلات‌و لەسەرو هەموویانەوە كەلتووری عەرەبی ئیسلامی ، هەر زوو لەبیروباوەڕی رێنیسانسدا كاری خۆیان كردو دوایش لە دەستكەوتەكانیدا خۆیان نواند ٠ شتێكی بەڵگە نەویستە كە لەبەرهەمی دووكەس لە سێ پێشەواكەی

---

(١) ف٠ی٠ رۆتینبورگ ، كەلەپیاوانی رۆژگاری رێنیسانس ، بەزمانی رووسی ٠ لینینگراد ١٩٧٦ ل ٣٠

ڕێنیسانسدا ، واته «دانتی»و «پۆکاشیو» هەست بـــه کـارتێ کردنی داهێنانه ڕۆژهەلاتی یەکان دەکرێ(١) • له بواری زانستیشدا ئەوەندە بەســـه نمـــوونەیەك بـــه بەڵـگه بهێنینەوە تاوەکو له ناوەرۆکو مەودای ئەم کارتێ کردنه تێ بـــگەین • له ڕۆژگاری ڕێنیسانسدا پورتوگالی یەکان ، لـه ناو هەموو دەریاوانەکـانیاندا کەسێـکی وەك «ڤاسکۆ دی گامـایان» هەڵبژارد ، تاوەکو ئـەرکی دۆزینـــەوەی ڕێـگایەکی نوێی بۆ هیندوستان بخەنە ئەستۆ • چونـــکه ناوبراو پیاوێـکی کردەو شارەزا بوو •• ئەوە بوو بە چاکترین تفاقی شەڕی ئەوســـای ئەوروپا پڕ چەکیـــان کردو چی نەخشـــەو ئامـرازی ئەستێرەناسی‌و زانیاری تازە دۆزراوەی ئـەو کاتە هەبوو خستی یانه بەردەستی ، بە هیوای ئەوەی خـەوە گەورەکەیان بهێننه دی • بەلام کـــه گەیشتە شاری «مالیندی»ی سەر بە «کینیا»و چاوی بە « شێری دەریا » «ئەحمەدی کوڕی ماجید» کەوت ، هەستی کرد تا چ ڕادەیەك پێویستی بە یارمەتی‌ی ئەو پیاوە زاناو لێهاتووە هەیە • بۆیە بەوپەڕی ڕەزامەندی‌یەوە جڵەوی سەرکردایەتی دایە دەست • بێ گومان گـەر ئەو نەبوایە ، نەبەو خێراییە دەگـــەیشتە جێ‌و نەسـەرکەوتنیشی بەنسیب دەبوو •

هۆیەکی تری گرنگ هەیە ، وای کرد خاکی ئیتالیا بەر لـــه وولاتانی تر ببێتە زەمینەیەکی بەپیت‌و تۆوی بووژاندنەوەی تێـــدا

(١) لەو بەشەدا کە بۆ ناودارانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس‌مان تەرخان کردووە ، دەگەڕیینەوە سەر ئەم باسە •

چەکەرە بکا • ئاشکرایە ئەم وولاتە چەند سەدەیەك بەر لەرۆژگاری ڕێنیسانس بووە مەڵبەندی کڵێسەو جیهانی مەسیحی • ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی لە دوو سەرەوە دیاردەکانی ڕێنیسانسی تێدا دەربکەوێو لەدوو جەمسەری ناکۆکەوە گەشە بکاو پەرە بسێنێ •

وەك لەدوایدا بۆمان روون دەبێتەوە بەشێکی زۆری بیروڕای ڕێنیسانس ، بریتی‌یە لە رەخنە لێ‌گرتنی کڵێسەی کاتۆلیکی کە ئەوساکە «رۆما» بوو بووە بنکەی‌و هەرچی بیرو ڕای سەلبی کڵێسە هەیە ، لە شوێنانی دی زیاتر لەو شارەدا بەرجەستە دەبوو • رۆژ لە دوای رۆژیش پتر نارەزایی لە دەروونی ئەوروپایی‌یەکاندا بەڵێسەی دەسەند • ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە کڵێسە ناچار بوو حساب بۆ ئەو گۆڕانکاری‌یە نوێ‌یانە بکا کە ڕێنیسانس لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی‌یە کایەوە • ئەوەیش دەترسا نەبا ووردە ووردە کۆمەل لێ‌ی بتەکێتەوە • لەبەر ئەوە کەوتە خۆو چەند پیاوێکی سەر بە بیروباوەڕی نوێ‌ی لە خۆی نزیك خستەوە • تەنانەت چەند پاپایەکان بۆ ئەوەی کڵێسە دەوری خۆی نەدۆڕێنێ ، بایەخێکی باشیان بە بیروڕای هومانیستان دەداو لەنزیکەوە پەیوەندی‌یان لەگەڵ پەیدا دەکردن • هەندێکی تریشیان حەزیان بەزانستو چاودێری کردنی زانایان دەکرد کە یەکێکیان کوڕی زەنگ لێدەری کڵێسە پاپا نیکۆلای پێنجەم ١٤٥٥ـ١٤٧٧ز بوو • ناوبراو بەوە ناسرابوو رۆشنبرێکە تەواو لەسەردەمی خۆی تێ‌گەیشتووەو دەزانێ چۆن هەڵی

دەسەنگێنێ • ئـەم پیـاوە رای وابو هیچ دژایەتی‌یەك لـەوەدا نی‌یە بایەخ بە کەلتووری بەر لەزاین بدرێو لەهەمان کاتیشدا دڵسۆزی ئاینی مەسیحی بن • ئەو دەیویست بەهۆی ئاین و « لایەنە چاکەکانی شارستانیەتی کۆنەوە سـەرلەنوێ رۆما بکاتەوە بە پایتەختـی جیهانی مەسیحی » (١) •

لەبەر ئـەوە « نیکۆلای پێنجەم » بێ سێو دوو ژمـارەیەك نومایندەی خۆی بە کیشوەری ئەوروپادا بڵاو کردەوە ، تاوەکـو چی دەستنووسی کۆن هەیە کۆی بکەنەوە • سـەرەنجامیش ئـەو دەستنووسـانە بوونـە گەنجینەیەکـی بەنـرخو ئەوەنـدەی تر کتێبخانەی ڤاتیکانیـان پێ دەوڵەمـەند بوو • جـگە لەوەی پـەنای بردە بەر لێکۆڵەرەوەو مێژوونووسێکی بـەتوانای وەك « لۆرینـزۆ ڤلا ١٤٠٧–١٤٥٧ز » و چەند کەسێکی تریش ، بۆ ئـەوەی لـە ناوەرۆکی ئەو دەستکەوتانە بکۆڵنـەوە • چـەند پاپایەکی تـری دوای « نیکۆلا » هەمان رێبازی ئەویان گرت بەڵام نـەك بـەو شێوە فراوانەی ئەو ؛ هەریەکەیشیان تا رادەیەکی باش رۆڵی خۆیـان لـە بواری زیندووکردنەوەی کەلتووری کۆنو پشتـگیریـی کردنـی پیاوانی سەر بەرێنیسانسدا بینی • نەك هەر ئەوەیش بەڵکو هەوڵیشیان دەدا ووزەو توانای کۆمەڵێك لە بەتواناترین پیاوانـی رۆژگـاری رێنیسانس بخەنە کارو هانیان بدەن داهێنانە هونەری‌یەکانیان لەسەر

(١) J. R. Strayer and Others, Op. Cit., P.P. 362 - 368

دیوارو گومەزی بەناوبانگترین کڵێسەکانی ئیتالیادا بنەخشێنن ، تاوەکو بەنەمریی بمێننەوە • هەروەك لە تابلۆکانی کڵێسە ناودارەکەی « پەترۆس »و هۆڵەکانی « ڤاتیکان »دا دەبینرێن • پێویستە ئەوەیشمان لەیاد نەچێ کە ئیتالیا خۆی لانکەی کەلتووری رۆمانی کۆن بوو ؛ رۆڵێکی دیاریشی لەگەشە پێ کردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا گێرابوو • هەر ئەم هۆیەیش بووە هاندەرێکی گرنگ‌و باڵی بەزانا ئیتالیاییەکانەوە نا ، زیاتر تێ بکۆشن • چونکە ئەوانە تا ئەوکاتە لە مێژووی خۆیان نەبچڕابوون‌و دەستبەرداری نەبووبوون‌و دەتوانین بڵێین لەزۆربەی وولاتانی دیکە زیاتر پارێزگاریی کۆنینەی مێژووی خۆیان دەکرد •• لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە حەقیقەتەیش بین ، کە وولاتی ئەوروپا لە چوارچێوەی پەیوەندییە باوەکانی ئەو قۆناغەدا ، لەباری ئابوری وسیاسییەوە نەك هەر لەسەدەکانی پێشووی خەملیوتر بووە ، بگرە لەهەموو لایەنێکەوە بەسەر پەیوەندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتیدا باڵادەست بوو کە رۆژ لە دوای رۆژیش بەرەو گەندەڵ بوون‌و لەناوچوون هەنگاویان دەنا • لەم روانگەیەوە ، دوژمنانی سیستەمی دەرەبەگایەتی بەپێی تێگەیشتنی خۆیان دوژمنایەتییان دەکردو هەندێ جاریش ناوناتۆرەی وایان لێ‌دەنا راستییەکەی بەو جۆرە نەبوو • بەکورتی ئەوانە هەڵوێستی دوژمنانەیان کردە ئامرازێك بۆ تێك‌دان‌و هەرەس پێ‌هێنانی ئەو رژێمە بۆگەنە • سەرەنجامیش توانییان کاری خۆیان بکەن‌و تەنها بەراورد کردنێکی ئاسایی دەمان

گەیەنێتە ئەو حەقیقەتەی کە تا چرادەیەك ئەو سیستەمە رزیوە لەگەڵ سەدەی زووی گەشەکردوودا لەیەك دوورن •

لەبەر ئەوەی هەتا ئێرە هەر بە دەستنیشانکردنی ئەو هۆیانەوە خەریك بووین کە وولاتی ئیتالیایان کردە پێشرەوی رێنیسانس ، پێویستە دەست بۆ حەقیقەتێکی تریش رابکێشین • سەبارەت بەوەی لەو سەردەمەدا ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ساکارو سادە بوون ، دەبینین بەرهەمە زانستیو تەکنیکییەکان بەسستی پەرەیان دەسەندو گەشەیان دەکرد ؛ چونکە کاتێکی زۆرو تاقیکردنەوەی زۆرتریان دەویست • ئەمە لە کاتێکا کرۆکی رێبازە فکرییەکانی رۆژگاری رێنیسانس لەبەرهەمی ئەو نووسەرو هونەرمەندە بەهرەدارانەدا رەنگیان دەدایەوە کە بەراستی خاوەنی هەستی ناسكو گیانی داهێنان بوون • لەلایەکی تریشەوە ئیتالیا ناوبانگی بەوە دەرکردووە کە سروشتێکی رازاوەی هەیە،ئەمەیش وای کردووە زمانو ئەدەبیاتی بەپێزتر بکاو سەرچاوەی داهێنان لە بوارەکانی هونەرو ئەدەبدا بتەقێتەوەو بنچینەیەکی نوێ بۆ چێژ لێ وەرگرتنی ئەم بەرهەمە جۆر بەجۆرانە دابمەزرێنێ • هەر لەو سەردەمەدا گەر شاعیرێکی میللی ئیتالیایی خواستو ئاواتەکانی لەبۆتەی شیعرێکی نوێدا بتواندایەتەوەو بیویستایە بەجەماوەری رابگەیەنێ ، چی کاسبکاری ناوبازار هەبوو دەزگاو دووکانیان دەپێچایەوەو بەپەرۆشەوە روویان تێ دەکردو گوێیان بۆ

شیعرەکەی رادەهێشت(١) •

ئەنجامی کارکردنی ئەم هۆیانە ، رێنیسانس لـــە ئیتالیادا پێش وولاتانی‌تر خـــۆی نواندو هـــەل‌و مەرجی گەشەکردنی بۆ رەخساو توانی خزمەتێکی ئەوتۆی بـکا رەگەزە بنچینەیی‌یەکانی نەش‌و نمـا کردنی بەجۆرێك پێ ببەخشێ کە لەووزەو تواناى هیچ وولاتێکی تری ئەوروپایدا نەبوو • جـــا هەرچەندە ئیتالیا بەهـــۆی دەست تێوەردانی بێـگانەو دۆزینـــەوەی رێـگای دەریایی نوێ‌وە نوشستی هێنـا ، بەلام سەرەڕای ئەم تێك شکاندنەیش مـاوەی نەدا تەوژمی بەتینی رێنیسانس لە ئیتالیادا رابگرێ • بۆ سەلماندنی ئەم راستی‌یەیش ئەوەنـــدە بەســـە بلێین : کەلـــە پیاوانی وەك «لیۆناردۆ دافنیشی»و «میکائیل ئەنجیلۆ»و «رۆفائیل»و هەندێـکی تریش هاوچـەرخی ئـەو نوشستی‌یە بوون‌و لـەو سالانەداو لەسایەی بارو زرووفێـکی ئێجگار نالەباردا ـ کـە داویی باسیان دەکـــەین ـ بەرهـــەمی ئەوەندە ناوازەیان هێنایە گۆڕێ ، هەتا هەتایە بەنەمریی دەمێننەوە • ئـــەم واقیعە واتە دەرکەوتن‌و گەشـە کردنی رێنیسانس لە ئیتالیادا وای لـە هـــەندی مێژوو نووس کردووە بـــگەنە ئەو باوەڕەی کـــە بووژاندنەوە تەنها ئەو وولاتەی گرتۆتەوە • ئەگـــەرچی ئـــەم لێك‌دانەوەیە کـــەمێك زێدەرۆیی تێـدایە ، بەلام کـار تێ‌کردنی

---

(١) هربرت فيشر • اصول التاريخ الاوربي الحديث ، ترجمـة : عصمت راشد والدكتور احمد عبدالرحيم مصطفى ـ القاهرة ، الطبعة الثالثة ، ١٩٧٠ ، ص ٤١ـ٤٢ •

بیروباوەری ئیتالیای رۆژگـــاری رێنیسـانس لـە وولاتانی تـــر مەسەلەیەکە هیچ کەسێك ناتوانێ نکوولیی لێ بکا • هەرچۆنێك بێ پەیوەندیی لەپچڕان نەهاتووی رێنیسانس بە وولاتی ئیتالیاوە دەیـــکاتە نموونەیەکی وا ، دەتوانین لەڕێـگەیەوە بـــە گشتـــیی سەردەمەکەی بەسەر ئەم سێ قۆناغەدا دابەش بکەین •

قۆناغی یەکەم : لە دوادوای سەدەی چواردەهەمەوە دەست پێ دەکا بۆ سەرەتای سەدەی پانزەهەم •

قۆناغی دووەم : واتە قۆناغی پێگەیشتن‌و نەش‌و نما کردنی کە دەگاتە کۆتایی سەدەی پانزەهەم‌و سەرەتای سەدەی شانزەهەم •

قۆناغی سێیەم : واتە سەرانسەری سەدەی شانزەهەم • هەر ئەم دابەش‌کردنە بەهەمان شێوە دەتوانرێ بەسەر وولاتەکانی دیکەی ئەوروپادا بچەسپێنرێ •

قۆناغی یەکەم : واتە ئەو قۆناغەی رێنیسانسی تێـدا لەدایك بوو • لـــە دووهەمیشدا پێگەیشت‌و بەخۆیدا هات • بەلام لـــە سێهەمـــدا مرۆڤـــایەتی‌و بیروباوەری رێنیسانس دووچـــاری گیروگرفتێکی راستەقینە بوو ، وەك لەپاشدا بەدرێژیی لێی دەدوێین • هـــەر یەکێکیش لەم سێ قۆناغەی بووژاندنەوە چەندین خاسییەتی بنچینەییی‌یان پێکەوە ناوەو هەریەکێکیش لەو خاسییەتانە بەم یان بەو شێوە جیاوازیی‌یان لەتەك قۆناغی پێشووی خۆی ، یان قۆناغی دوای خۆیاندا هـــەبوو •

خاسی‌یه‌ته‌کانی ڕێنیسانس :

ڕۆژگـــاری ڕێنیســـانس‌و بزووتنـــه‌وه‌ی مرۆڤـــایه‌تی چـــه‌ند خاسی‌یه‌تێـــکی ئه‌وه‌نده دیاریـــان هـــه‌یه ، توانی‌یـــان سه‌رانسه‌ی ڕێنیسانس بکه‌نه شۆڕشێکی فیکری‌و ڕۆشنبیری ئه‌وتۆ مۆرکێکی تایبـــه‌تی به مێژووی مرۆڤایه‌تی‌یه‌وه بنێ • لێـــره‌یش به‌دواوه هه‌وڵ ده‌ده‌ین گرنگترین لایه‌نی ئه‌و خاسی‌یه‌تانه به‌کورتی ده‌ست‌نیشان بـکه‌ین •

١ ـ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌دایك‌بوونی ڕۆژگاری ڕێنیسانس ڕاسته‌و خۆ به‌سترابوو به په‌یوه‌ندی‌یه کۆمه‌لایه‌تی‌یه‌کانه‌وه ، ده‌بینین له‌یه‌ك کاتدا هـه‌موو وولاته ئه‌وروپایی‌کانی نه‌گرته‌وه • ئیتالیاو چـــه‌ند وولاتێکی تری ڕۆژئاوا پێش وولاتانی تر کـه‌وتن ، بـه ڕاده‌یه‌ك ته‌نهـا چـــه‌ند پریشکێکی گـه‌یشته ئه‌وروپای ڕۆژهـه‌لات(١)و ناوچه‌کانی «بولـکان» کـه له‌و سه‌رده‌مه‌دا که‌وتبوونه ژێر ده‌ستی عوسمانلی داگیرکه‌ره‌وه • به‌لام سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌یش ئه‌و وولاتانه توانی‌یان مه‌رجـــه‌کانی ڕێنیسانس به‌هۆی داهێنانی زانایانیانه‌وه به‌هێزتر بـــکه‌ن ، باشـترین نموونه‌یش ئه‌وه‌یه کـــه زانایه‌کی به‌ناوبانـگی وه‌ك «کۆپه‌ر نیـکۆس» هاووولاتی‌یه‌کی پۆلۆنیایی‌یه • له‌م بۆچوونه‌وه ده‌گه‌ینه ئه‌و ئه‌نجامه‌ی که ڕێنیسانس ، ده‌سکه‌وتی ڕۆشنبیری سه‌رجـه‌م ئـه‌و میلله‌ته ئه‌وروپایی‌یانه‌یه کـــه له‌به‌ر

(١) ئه‌و کاته‌ی رووسه‌کان کۆشکی « کرێملین »یان بنیات نا ، هونه‌ری بیناکاریی ئیتالیایی به‌ته‌واوی کاری تێ کردبـوون • قولله‌و شوراکانی « کرێملین » له سـالی ١٤٨٥ ـ ١٤٩٥ ز به‌ســه‌رپه‌رشتی چه‌ند ئه‌ندازیارێکی ئیتالیایی بنیات نران •

رۆشنایی باروزرووفی تایبەتی‌و ناوخۆیی خۆیاندا ، دەوریان لەگەشەپێ کردنیدا دیوە • جا گەر بێ‌و رادەی کارتێ کردنی شارستانیەتی رۆژهەڵات بەراستی لەبەر چاوبگرین ، ئەوا رێنیسانس لە چوارچێوە گشتی‌یەکەیدا دەبێتە دەستکەوتێکی رۆشنبیری تێکڕای مرۆڤایەتی • راستی‌یەکەیشی هەروایە ، چونکە حەقیقەتی رێنیسانس ئەنجامی مەنتیقی‌ی ئاوێتەبوونی بەردەوامی شارستانی‌یەتە جۆربەجۆرەکانەو مەوداکەیشی چ لەڕووی کارکردن‌و چ لەرووی کار تێ کردنەوە گەلێك لە رێنیسانس بەر بڵاوترو فراوانترە •

مایەی داخە ، سەرەڕای ئەم حەقیقەتە چەسپاوە - رۆژئاوایی‌یەکان خۆیشیان دان بەوەدا دەنێن کە رێنیسانس قەرزداری رۆژهەڵاتی‌یەکانە - کەچی کەم‌و زۆر لەنووسینەکانیاندا رەنگ‌نەداتەوەو بەوچاوەوە تێی ناڕوانن کە بەرهەمی رەنج‌و تەقەللای هاوبەشی گەلانی دونیایە • ئەوەیشی کە زیاتر پاڵپشتی ئەم رایەمان دەگرێ ئەوەیە لەڕەوتی گەشەکردنی شارستانیەتدا پرشنگی رێنیسانس بەتەنها بەشێك یان هەموو کیشوەری ئەورووپای رووناك نەکردەوە ، بەڵکو هێزو گوڕێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە دی ، بەشێوەی جۆربەجۆر خۆی گەیاندە بست بەبستی سەر رووی زەمین‌و زانایانی بەپێی پێداویست‌و بارو زرووف‌و قۆناغە مێژوویی‌یەکەی خۆیان ، بەشداری‌یان لە پێشخستن‌و گەشە پێ کردنی دەستکەوتەکانیاندا دەکرد •

٢- گوڕو گوژمی ڕێنیسانس‌و چۆنیەتـــی پەرەسەندنـــی ڕاستەوخۆ بەسترابوو بــە ڕادەی گەشەکردنی پەیوەندی‌و دیاردە ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌یە تازەکانــی وولاتە ئەوروپایی‌یەکانـەوە • بەنموونە : ڕێنیسانس لــە ئینگلستاندا لەسەدەی چواردەهەمدا سەری هــەلدا • بەلام تیژ بوونی ناکۆکی‌و ململانێی نێــو دەرەبەگایەتی ئــەو وولاتــەدا بووە هــۆی هەلگیرساندنی شــەڕی ناوخۆیی(١)و لـــە سـەدەی پانزەهەمدا کۆسپێکی ئەوەندە نالەباری خســـتە بەردەم پەرەسەندنی ئینگلستان، دیاردەکانــی ڕێنیسانس تا سەرەتای سەدەی شانزەهەم دەرنەکەوتن ، واتە ئەو کاتەی سەرەتای چ ـــوونە پێشەوەو گەشــە کردنی ئابوری‌و کۆمـــەلایەتی لـــە ئینگلستان بەشێوەیەکی دیار هەستیان پێ دەکرا •

لە « ئیسپانیا »یشدا گـــەندەل بوونی خێرای لایەنە جـــۆر بەجۆرەکانی ژیانی گەلی ئیسپانیا ماوەیان نەدا دیاردەکانی ڕێنیسانس بەوخێرایی‌یە تەشەنە بکەن وەك لە سەرەتادا لەوێ سەریان هەلدا •

پوختەی قسە ئەوەیە ، لەدایك بوون‌و پاشـان پەرەسەندنـــی ڕێنیسانس ، لەسەر هێلێکی دیاری‌کراو نەدەڕۆیشـــتن ، بــەلکو بە پێی ئەو بارودۆخە خۆی دەنواند کــە هەر وولاتــە پێدا تێــەڕ دەبوو • ڕێنیسانسیش دەستکــەوتی ڕەنج‌و کۆششی ئەوروپایە لــە

---

(١) مەبەست لەشەڕی ١٤٥٥ ـ ١٤٨٥ ز کە بە شەڕی « جووتــە گوڵ ـ حرب الوردتین » ناسراوە ·

چوارچێـوە تەسکەکەیداو هـی هـەموو جیهـانە لـە چوارچێوە فراوانەکەیدا •

٣ـ هەرچەندە رەگەزێکـی هاوبەش هەمـوو دیاردەکانـی رێنیسانسی لە سەرپاکی وولاتە ئەوروپایی یە جیاجیاکاندا بەیەکترەوە گرێدا ، بەلام هـەر وولاتـە بەهۆی بارو زرووفـی خۆیـەوە پێویستی بەوە دەکرد پێ لەسـەر دیاردەیەکـی تایبەتی دابگـرێو سیماو خاسی یەتی خۆی بپارێزێ •

بە نموونە : لە « ئەلمانیا »دا هومانیستان دەستیان دایـە ئـەو لێکۆلینەوانەی کـە « ئارازمس ـ ئیرازمۆس » «١» بە « فەلسەفەی عیسا » ناویان دەبا (٢) •

لەم روانگەیەوە رێنیسانس لـە « ئەلمانیا »دا چووە قالبێکـی قوولی فیکری یەوەو راستەو خـۆ لـە مەسەلەکانـی کلێسـەی کاتۆلیکی یان دەکۆلی یەوە ، ئەوە بـوو لـە دوایـدا کـاری لەبزووتنەوی ریفۆرمی ئاینیش کرد • بەلام فەرەنسایی یەکان بـە تایبەتی روویان کردە لێکۆلینەوەی یاسای رۆمانیی کۆن،ئەمەیش بۆ

(١) یەکێـکە لە ناودارترین هومانیستەکانی رۆژگاری رێنیسانس• بۆ زیاتر تێگەیشتن ، بروانە ئـەو بەشـەی بـۆ ناودارانی رێنیسانس تەرخان کراوە •

(٢) The Renaissance and the Reformation 1300 - 1600, by D. Weinstain. New York, 1955 P. 19.

ئەو کاتە دەستپێشخەرییەکی گرنگ بوو • ئەنجامیش زەمینەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی لێکۆڵینەوەی یاسایی لە فەرەنسادا رەخساند(۱) • کەچی بیروباوەڕی رێنیسانس لە ئینگلستاندا لەزەمینەی فەلسەفەو ئیستاتیکادا رەگی داکوتاو بەئاشکرا لە بواری ئەدەبو سۆسیولۆژیاو شانۆدا تەعبیری لە خۆی دەکرد • وەنەبێ ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەیش سیما ئاینییەکەیان وون کردبێ ، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی جووتەگوڵدا ، چونکە هەر لەو کاتەدا شان بەشانی ئەم چەشنە بەرهەمانە ، چەندین رۆمانی نوێ لەدایك بوونو بە هەمان شێوازی پێشوو بەشانو شکۆی سوارچاکییو پالەوانێتیدا هەڵیان دەدا • چەند وولاتی وایش هەبوون تیایاندا فیکری رادیکالی * بەهێزتر تەعبیری لەخۆی دەکرد وەك لەهەندێ وولاتی دیکە • بەلام سەرەڕای ئەم جیاوازییانەیش لێکچوونو نزیکیان لەیەکترەوە ، بەهەر بارێکدا لێك بدرێتەوە ئەوە دەگەیەنێ

---

(۱) لە زووەوە دانشگاکانی فەرەنسا بایەخێکی گەورەیان بە یاساداوە • تەنانەت زمانی فەرەنسایی لە رێکخستنی کارو باری نێودەوڵەتاندا جێگایەکی تایبەتی هەیە •

(*) رێبازی رادیکالی « رادیکالیزم » ئەو رێبازە دەگوترێ کە دەیەوێ سیستەمی کۆمەلایەتی لەبنەڕەتەوە بگۆڕێ • ئەم رێبازە سیاسییە لەتەك نەشو نماکردنی پیشەسازییدا هاتە ناو ناوانەوەو گەرەکی بوو کۆمەڵ لەکۆتو پێوەندی دەرەبەگایەتی رزگار بکا •
لەم سەردەمەیشدا « رادیکالیزم » ئەو رێبازە دەگرێتەوە « چەپ یان راست » کە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجدا زێدەڕۆیی « تطرف » دەکا • ــ وەرگێڕ ــ

که کەلتووری رۆژگاری رێنیسانس لـە سەرپاکـی کیشـــوەری ئەوروپادا سەروەرو بالاّدەست بووە •

٤- پیاوانی رۆژگاری رێنیسانس بەتایبەتـی لە ئیتالیادا تەنهـا لەبوارێکدا پسپۆر نەبوون • زۆر جار رێکەوتووە یەکێـك لەوانـە چمکی چەند لایەنی جۆر بەجۆری زانستیو هونەری گرتووەتـە دەست • باشترین نموونەیش نیگارکێشی نەمـر لیوناردۆ دافینشییە •

ناوبراو پەیکەر تاشێکی شـــارەزاو نووسەرێکـــی دیـــارو ئەندازیارێکی سەرکەوتوو ، زانایەکـی پزیشکیی ویەکالاّ کردنەوە - التشریح - ی جەستەی ئادەمیزاد بوو • « کۆپەرنیکۆس » یش زاناو ئەستێرە شوناسێکی شارەزا بوو • زانیاری پزیشکییو یاساییو فەلـــەکی لـــە ولاّتی خۆیو ئیتالیا خوێند • لـە وولاّتەکـــەی خـــۆیدا بـــە درێژایی « ٤٠ » ســـاڵ بەردەوام بـە تاقیکردنەوە زانستییەکـــانەوە خـــەریك بـــوو • پـێ بەپێی ئەوەیش لەبواری دارایییو ئیداریدا کـاری دەکرد • بیروڕاو بۆچوونەکانی دیخەنـە ریزی زانایانی سەردەمەکەیەوە • « ماکیافیللی » یش هـەر لەوکاتەدا کە مێژوونووسو سیاسییەکـی بەناوبانگ بوو ، یەکێکە لەنووسـەرو فەیلەسووفەکانـی سەردەمەکەی ★ • بۆ زیاتر دەست

(★) ئەم دیاردەیە ئەگەرچی یەکـێکە لە خاسییەتەکانی رۆژگاری رێنیسانس ، شتێکی سروشتی بـووە • چـونکە پەیـوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەو کاتەدا نەگەیشتبووە ئـــەو رادەیەی کار دابەش بکاو یاسای دابەش کردنی کار « تقسیم =

خستنه سەر ئەم دیاردەیە ، لەو بەشەدا کە بۆ ناودارانی رێنیسانسمان تەرخان کردووە ، لەچەند نموونەیەکی تریش دەدوێین .

٥ـ لە قۆناغی یەکەمدا پێشەوایانی رێنیسانس بایەخێکی زۆریان بە بەرهەمە فیکرییەکانی پێش قۆناغی دەرەبەگایەتی دا . واتە بەرهەمی ئەو چەرخەی تێیدا زانایان تەوقی بە کاثۆلیکی کردن نەخرابووە گەردنیان . ئەوانە لە هەموو شت زیاتر بایەخیان بە ژیانو ئادەمیزاد دەدا . باوەڕێکی نەگۆڕیان هەبوو بەوەی کە دەتوانن لەپاش دەیانو سەدان ساڵەی زوڵمو ستەمی سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕێنەوە سەر رێبازەکەی خۆیانو ئاوڕ لەژیانی راستەقینە بدەنەوەو هەوڵی تێگەیشتنی سروشت بدەنو تەعبیری لێ بکەنو لەرێگەی ژیاندنەوەی کەلەپووری کۆنەوە سوود وەربگرن . هەوڵو کۆششی ئەمانە بە درێژایی سەدەی چواردەهەمو پانزەهەم لەپێناوی ژیاندنەوەی کەلەپووری کۆندا گەیشتە رادەیەك خەڵکی لایان وابوو دیاردەکانی بووژاندنەوە تەنها بریتییە لە

العمل » بەو جۆرە خۆی بسەپێنێ کە لە قۆناغی ئێستای سەرمایەدارییدا بەدی دەکرێ . یەکێك لە خاسییەتەکانی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دابەش کردنی کارە بەو جۆرەی هەرکەسە لەبوارێکی تایبەتێدا هەڵبسوورێ . ئەمەیش وا لە ئادەمیزاد دەکا ماوەی داهێنان لەبەردەمیدا بێتەوە یەكو نەتوانێ ووزەی لەبن نەهاتووی بخاتە کار .

ـ وەرگێڕ ـ

زیندووکردنەوەی ئەوزانستانەی لـە سەردەمی گریك و رۆماندا باو بوون • بە جۆرێکـی تر بڵێین : خەڵکی هەستیان بەوە نەدەکرد کە سەرهەڵدانـی ئەو دیاردە نوێیانـە ئەنجامێکی سروشتـیی ئـەو پێداویستـە کۆمەڵایەتی یە تازانە بوو کـە بە چەند قۆناغێك سنووری کۆمەڵی کۆنیان بەجێ هێشتبوو • ناوەرۆکیشیان بریتی بوو لـەو داهێنانو دۆزراوە نوێیانەی لە سەدەکانی پێشوودا نەك هەر بیریان لێ نەدەکرایەوە بەڵکـو پێویستیشیان پێیان نەبوو • کەواتە هۆیەکانی رێنیسانس وەك پێشتر باسیان لێوە کرا بەجۆرێك لەکۆمەڵدا رەگیان داکوتابوو ، لەوە دەرچووبوون بەتەنها بریتی بن لە بووژاندنەوەی کەلەپووری کۆن • یاخود ئەنجامی هەرەس هێنانی «قوستەنتەنی یە»و پەرینەوەی « بیزەنتی یەکان »و دەستنووسـە گریـکی یەکان بوو بێ بۆ ئیتالیا ، وەك ژمارەیەکی زۆر لـە مێژوونووسان پێی لەسـەر دادەگرن • نەخێر ، راستی یەکەی ئەوەیە «ئەوروپا بەئاگا هاتبووەوەو بەپەرۆشەوە هەڵپەی بۆ زانستـی نوێ دەکرد » جـا لەبەر ئـەوە ئارەزووی لەزانستو زانیاری نوێ بوو ، ناچار بوو بۆگەیشتن بـەم مەبەستە پیرۆزە لەهەموو لایەنێکەوە پەلوپۆ بهاوێژێ • بۆیـە رۆڵەکانی کەوتن بەسـەر لێکۆڵینەوەی « لایەنە پشت گوێ خراوەکانی گەنجینەی کلاسیزم کە تا ئەو کـاتە لەبیر کرابوون » • لەمـەوە بۆمان دەردەکەوێ کە رێنیسـانس « قۆناغێکـە لـە قۆناغەکانـی

گەشەکردنی بیر » «١» نەك وێنەیەکی کتو متی رابوردوو ، وەك لە بابەتەکانی داهاتوودا روون دەبێتەوە •

٦ـ هەموو ئەو داهێنانە نوێیانەی رۆژگاری رێنسانس ، خزمەتی زانست وتەکنیکی تازەیان دەکردو پەیوەندییەکی بەتینیان بە پەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژواوە هەبوو • ئەمەیش بە ئاشکرا لەو گۆڕانکارییانەدا بەرجەستە دەبێ کە لەمەیدانی کەشتیی دروستکردنو پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەی جوگرافیاییو ئەستێرەناسیدا بەدی دەکران • چونکە بەبێ ئەو پێشکەوتنە مەحاڵ بوو رێگای تازەی بازرگانیی لە نێوان جیهانی کۆنو بەری رۆژئاوای سەر زەمیندا بدۆزێتەوە •

هەر لەم قۆناغەدا ، بڵاوکراوەی جوگرافیایی هەمە جۆر

---

(١) A. J. Grant A history of Europe. part II. London, 1929, P.P. 463 - 464.

« گرانت » لە کۆتایی رایەکەی سەرەوەیدا ، دەڵێ : « رێنیسانس قۆناغێك بوو لە قۆناغەکانی رەوتی گەشەکردنی بیر لە ئەوروپادا » • بەڵام ئێمە ووشەی دواییمان لەو قسەیەی وەرنەگرت • چونکە لەتەك ئەو رایەی پێشوومان‌دا کە لەخاڵی یەکەمی خاسییەتەکانی رێنیسانسدا باسمان کردووە ناگونجێ • ئەمەیش سەبارەت بەوەی کە زەمینەی رێنیسانس مەوداکەی زۆر لەوە فراوانترە کە بەبووژاندنەوەی ئەوروپا لەقەڵەم بدرێ • بەپێچەوانەوە دیاردەکانی رێنیسانس جێ پەنجەی تێکڕای مرۆڤایەتی پێوە دیارە •

دەرەدەچوونو ناوەرۆکیان پڕ بوو لە زانیاری کۆمەڵایەتیو زانستیی خۆشو گرنگ ؛ بەڕادەیـــەك نـەك هـەر سـەرنجی گەڕیـدەو گەڕۆکەکانیان رادەکێشا ، بگرە خوێنـەری ئاسایشـــ تامـەزرۆی خوێندنەوەیـان بوو • هەروەها بایەخ بە ماتماتیـکو رووەك ناسیو چـــەند زانیارییەکی تـری سروشتی دراو هەریەکـەیان بەپێی پێداویستەکانـی کۆمەڵی نوێ بەشـداری یان لە گـەشە پێ کردنـی ژیانی ئابوری وولاتە ئەوروپایی یەکانـدا دەکرد • ئەم بایەخدانەیش بەزانیاری یە سروشـتی یەکان ، بنچینەی ئایدۆلۆژیای چینی بۆژوای تازە پێ گەیشتووی پتەوتر کردو لەسەر بناغەی تاقیکردنەوە، زۆربەی هەرە زۆری بیروباوەڕی دەرەبەگایەتی پووچەڵ کـردەوە ، کـــە لەماوەی چەند سەدەیەکدا باڵی بەسـەر کۆمەڵگـــای ئەوروپایـــدا کێشابوو(*)

٧ـ لەبەر ئەوەی هومانیستانـی رۆژگاری رێنیسانـــس بەردی بناغـەیان بۆ تەلاری رۆشنبیری ی نوێی دونیایی دانا ، دەتوانرێ

(*) چینی بۆرژوا لەسەرەتای نەشو نما کردن وپێگەیشتنیداو لەبـــەر رۆشنایی بەرژەوەندی یە ئابوریو سیـــاسیو کۆمەڵایەتی یەکانیو بەمەبەستی بەگژا چـــوونی بیـــری دەرەبەگایەتی ، پشتی بە دەستکەوتە زانستی یەکان دەبەستیو ئایدۆلۆژیاکەیشی سیمایەکی زانستی یانە دەگرێتە خــۆی • بەلام لە قۆناغێکی ترداو بۆ سەرکوت کردنی ئەو چین وتوێژە کۆمەڵایەتی یانەی دژایەتی دەکەن ، بەتایبەتی پرۆلیتاریا ، پەنا دەباتە بەر بیری میتافیزیکیو بەهەموو توانایەوە پشتگیری دەکـــا • ـ وەرگێڕ ـ

هەر ئەوانە بەبنیاتنەری ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوا لەقەڵەم بدرێن •
سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی هومانیزم‌و هومانیست Humanism
Humanistic وەك دەر بڕینێکی فیکریی‌و کۆمەلایەتی
دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم «١» • ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا
لەووشەی Humanitas ی لاتینی‌یەوە ، وەرگیراوە کەمانای
مرۆڤایەتی دەگەیەنێ • ئەمەی دوایش لەووشەی Homo وە
وەرگیراوە کە مانای ئادەمیزاد دەبەخشێ • رابەرانی ئەم رێبازە
نوێ‌یە مەبەستیان لەهەڵبژاردنی ئەم زاراوەیە ئەوە بوو پێ لەسەر
سیما دونیایی‌یەکەی زانست‌و ئەدەب دابگرن‌و بایەخ بە ئادەمیزاد
بدەن • چونکە بە درێژایی چەند سەدەیەك‌و بەتایبەتی لەو کاتەوەی
کە نەقابەو رێکخراوە پیشەیی‌یە جۆریەجۆرەکان وەك تەوقێك
لەگەردنی ئادەمیزاد ئالابوون • کەوابو دیارترین خاسی‌یەتی هومانیزم
ئەوەبوو پێ‌ی لەسەر خودیَ تاکەکەس دادەگرت Individual -
Individualism «٢» • بێ گومان ئەم هەڵوێستەیش هەروا
لەخۆوە نەبوو ، بەڵکو پێداویستەکانی ژیانی سەدەی نوێ گۆڕانێکی
گەورەی بەسەر پلەو پایەی تاکەکەس‌و چۆنیەتی هەڵس‌و کەوتی
لەناو کۆمەڵدا سەپاند •

---

(١) لەسەدەی شانزەهەمەوە ، وەك زاراوەیەك بنج‌بەست بوو •
وەکی‌تر بەر لەو مێژووە زوربەی هومانیستەکان زاراوەی
Humanitas یان لەبەرهەمەکانیاندا بەکار دەهێنا •
(٢) مەبەستی هومانیستەکان لەزاراوەی Individualism
تاکرەویی ـ الفردیة ـ نەبوو ، بەڵکو دەیان ویست پێ لەسەر
خودی ئادەمیزادو کەسایەتی تاکەکەس دابگرن •

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، دەرەبەگەکان بەحوکمی بنەماڵەو بەئەندازەی ئەو میراتەی بۆیان لەپاش بەجێ دەما ، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌یان دەست‌نیشان دەکرا • لەم حاڵەدا سامانی دەرەبەگ بەرهەمی ڕەنج وتەقەلای خۆی نەبوو • بەلاّم لە ڕۆژگاری ڕێنیسانسدا خێزانو خانەوادەی تاکەکەس بۆی نەبوو سنوور بۆ دەسەلاّتی توێژە کۆمەلاّیەتی‌یەکانی سەروو دابنێو دەبوو سەرمایەدار ـ بەتایبەتی لەسەرەتای قۆناغی سەرمایەداریدا ـ کار بکاو لەمەیدانی ئابوریدا بکەوێتە داوی بەربەرەکانێو سەنگو سووکی‌ی و بەوردیی ئاگای لە ئاڵوگۆڕی بازاڕ هەبێ • دیارە هەرچی هەوڵێکیش بدا بۆ ئەوەیە وزەو توانای پەرە بسێنێو ماوە نەدا لەگێژاوی بەربەرەکانێدا رای بماڵن • ئا لەم تێڕوانینەوە زاناو ڕۆشنبیرانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس بایەخیان بەنرخی تاکەکەس و خودی مرۆڤ دەداو ئادەمیزادیان کردە « پێوانەیەك بۆ هەموو ئەو شتانەی ئادەمیزاد بەرهەمی دەهێنن »«١» چونکە هەر ئەو دەزانێ « چی دەکاو چۆن بەهرەو توانای دەخاتە کار » تاوەکو « ئەوەندەی دەرفەتی بۆ دەرەخسێ سوود وەربگرێو ڕێگاو جێگای خۆی لەم جیهانەدا بدۆزێتەوە » «٢» • لەم تێ ڕوانینەوە ، هومانیستان تاکەکەسیان کردە

---

(١) M. L. Bush. Renaissance. Reformation and the Outer World, London, 1967. P. 153.

(٢) R. R. Palmer and J. Colton, A history of the Modern Worid. third edition. New York, 1965, P. 51.

پارچەیەکی سروشت ورایان وابوو خاوەنی توانایەکی لەبن نەهاتووەو بوونەوەرێکە دەتوانێ « سەر بەهەموو دەرگایەکدا بکا »و مـادام « تۆوی چەندین زانستی تێدایە ، چی دەرگا هەیە لەبەردەمیدا ئاوالّەیە » • هەر لەم بۆچوونەوە هومانیستان پێیان لەسەر مەسەلەکانی ژیانی تاکەکەس و چونیەتی باری سەرنجی بەرامبەر بەدیاردەکانی کۆمەلّ دادەگرت • شان بەشانی ئەمەیش بایەخیان بەهەموو ئەو کردارانەی دەدا کە لەژیاندا خۆشیو لەزەتی دونیایی یان بۆ دابین دەکا • بەرادەیەك حال گەیشتە ئەوەی زۆربەیان دەیان ووت : مەرجی بنچینەیی ئەوەیە خودی ئادەمیزاد بەختیار بێ ، جا ئیتر بە چ ڕێگایەك دەگاتە بەختیاریی ، ئەوەیان گرنگ نی یە • بە نموونە : « لۆرێنزۆ ڤالا » بەکوڵ ڕای دەگەیاند کە ئامانجی ژیان بەختیاری یەو پێویستە خەلّکی هەلّپەی بۆ بکەن ، چونکە خواستی سروشت خۆیەتی (١) • لێکدانەوەو شی کردنەوەی ئەم چەشنە بیروڕایانە ، ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کرد خەلّکی جاروبار لە یاسا مەعنەوی یەکان دووربکەونەوەو بێ پەروا خۆیان بەخۆشیو لەزەتی ژیانەوە خەریك بکەن • ئەم دیاردەیەیش بەزۆریی لەناو

---

(١) یەکێك لەبیروڕایەکانی «ڤالا» ئەوەبوو کە «ئادەمیزاد بەلەش و گیانی یەوە خواوەند نەخشەی کێشاوەو هیچ بەشێکی شەیتان دروستی نەکردووە» بڕوانە :

E. Garin. Italian Humanism philosophy and Civic life in the Renaissance. translated by P. Munz, Oxford. 1969, P. 50.

توێژە دەستڕۆیشتووەکاندا دەردەکەوت • بەڵام لەگەڵ هەمـوو ئەمانەیشـدا دەبێ ئەو حەقیقەتە لەیاد نەکەین هومانیستان مەبەستیان لەو رایە ئەوە بوو ، تاکەکەس لەکۆمەڵدا جێگای شیاوی خـۆی بدرێتێ • کە دەیان ووت : پێویسـتە دڵبەسـتەی یاساکانی رابوردوو بین ، مەبەستیان ئەوە نەبوو بەتەنها تاکەکەس بکـەنە « پیاوێکـی رۆشنبیر » ، بەڵکو گەرەکیان بوو بیکەنە « هاوولاتییەکـی باشترو سوودبەخشتر » «٢» • بێ گومان ئەم بۆچوونەیش تەعبیری لـــە هەڵوێستێکی ئەخلاقیی گرنگ دەکردو دەبێ لەروانگەی گشتیی کۆمەلایەتیی و نیشتمانییەوە تەماشا بکرێ (*) • بەهەرحاڵ پوختەی

(١) H. Baron, Op. Cit, p.p. 431 - 452

(*) ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەی رۆڵی ئادەمیزاد ، بە پێودانی ئەو سەردەمەو لەئاست سیستەمی دەرەبەگایەتیدا بەهەڵوێستێکی پێشکەوتنخوازانە لەقـــەڵەم دەدرێ • بەڵام سیستــــەمی سەرمایەداریی لەرەوتی چوونەپێشەوەیدا ، هومانیزمی خستە قالبی فەلسەفی تاکرەوی «انفردیة» ەوە ، بەمەیش کۆتێـــکی قورستری کردە پێی ئادەمیزادی سەردەم • چونکە تاکرەویی بەپێی بنەماکانی فەلسەفەی ئەمرۆی سەرمایەداریی مـــانای تێڕوانینی ئادەمیزادە لـەزاتی خۆیـەوەو بەس بێ ئـەوەی رەچاوی ئەو یاسـا مەوزوعییانە بکا کـە کۆمەڵو سروشتو بیر بەڕێوە دەبەنو ئادەمیزاد دەوری لە کار پێکردن وکـــار تێکردنیاندا هـــەیە • نەك هەر ئەمـــە بەڵکو بیانوویشی بۆ بێئیلتیزامیی دۆزییەوەو لـــەژێر پـەردەی خودپەرستیدا ئادەمیزادی کردە بوونەوەرێکی دەستەپاچەی هیچ لەبارانەبوو • سەرەنجامیش بێهوودەیی ژیان بووە قیبلەگای فەیلەسووفو سۆسیۆلۆجیستەکانی رژێمی سەرمایەداری ، هەر وەك لـــەم سەردەمـــەداو لەبنچینەی بناوانی وجـودییەتو عەبەسییەتدا بەچاکیی بەدی دەکرێ •
— وەرگێڕ —

بیروڕای هومانیستان سەبارەت بەژیانی ئادەمیزاد تەواو بەپێچەوانەی بیروباوەڕی کڵێســەوە بوو ، کە دەیویســت هەرچی شتی دونیایی هەیە بۆخزمەتی قیامەت تەرخان بکرێ ! • دیارە ئەمەیش شتێکــی نوێ بوو یاســای کڵێسەو پیاوە ئاینییەکان خستبوویانە کارو زۆر دوور بوو لەجەوهەری ئاینی مەسیحییەوە • بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینیش بەشێوەیەك ئەم حەقیقەتەی سەلماند ، ماوەی بۆ مشت ومــڕو قسە لەسەرکردن نەهێشتەوە • دەبێ ئەو راستییەیش بووترێ کە شێوەی هەڵس وکەوت و ژیانی رۆژانەی پاپاو پیاوە ئاینییەکان تەواو بەپێچەوانەی فەرمایشتەکانی خۆیانەوە بوو • لەبەر ئەوە هەڵوێستی هومانیستان شوڕشێك بوو دژی یاسای ناڕەوای کڵێسە کە دەیویست هیچ نرخێك بۆ ژیانی ئادەمیزاد نەهێڵێتەوە • لەهــــەمان کاتیشــــدا دەیانویست لە ئادەمیزادو دەوروبەرەکەی تێبگەن ، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا بووە داینــەمۆیەك و زانست و زانیاریی تازەی خستە گەڕو پێشی خستن •

٨ ـ بەشی هــەرە زۆری ئەو بیروڕایانەی لەتەك رێنیسانسدا هاتنــە کایەوە کاکڵەی ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوایان پێك دەهێنا • بەڵام هــــەندێ لایەنی دیــکەی ئــەو بیروڕایانە لـــە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای ئەو چینە تازە پێگەیشتووە چوونە دەرەوەو بــەم یان بەو شێوە تەعبیریان لەخواست وئاواتی توێژە کۆمەڵایەتییە هەژارو نەدارەکان دەکرد ، بە تایبەتی چینی کرێکاران • هەندێکی تریشیان لەئەنجامی ئەو هۆیانەدا کــە باسمان کردن رەنــگدانەوەی بیــــری

دەرەبەگایەتی‌و پیاوانی کڵێسە بوون • لەبەر ئەوە کەدێینە سـەر هەڵسەنـگاندنی دیاردەکانی ڕێنیسانس هەست بەجۆرە ناکۆکی‌و جیاوازی‌یەك دەکەین ، بە تایبەتی لەناو ئەو ڕێبازە فیکری‌یانەدا کە لەو سەردەمەدا هاتنـە گۆڕێ • سەرەڕای ئەمـەیش ڕێنیسانس بەگشتـی‌ی پەرژەوەندی چینـی بۆرژوای تازەپێ‌گـەیشتووی دەردەبڕی • ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە ، چونکە لە بنچینەوە دژ بەدەرەبەگـایەتی بوو ، بەرگێـکی شۆڕشگێڕانەی لـەبەر هەڵکشابوو ، تەعبیری لەئاوات‌و ئامانجی هەموو ئەو چین‌و توێژانـە دەکرد کـەپەرژەوەندیی بنچینـەیی‌یان لـەوەدا دەبینی‌یەوە ، گۆڕانێکی بنەڕەتی‌ی لەکۆمەڵدا بەرپا بێ •

خاسی‌یەت‌و پێداویستەکانی ڕێنیسانس یەکەمجار لەئیتالیادا دەرکەوتن‌و پاشان لە وڵاتانی‌دیکەی ئەوروپادا بڵاوبوونەوەو بەپێی بارودۆخی ناوخۆی هـەر وڵاتە خۆیان دەگونجان‌و گەشەیان دەکرد • جـا سەبارەت بەوەی لەسەدەی شانزەهـەمدا وڵاتـە ئەوروپایی‌یەکان بەگشتی‌ی ، لەڕووی پێشکەوتن‌و پەرەسەندنەوە لەئاستێکدا نەبوون بتوانن پرشنگی ڕێنیسانس وەك یەك بقۆزنەوە ، دەبینیـن لـەووڵاتانی بولـکان‌و ئەوروپای ڕۆژهـەڵاتدا سستتر تەشەنەی کردو کەمتر هەست بە کارتێکردنی دەکرێ • کـەچی لـە شوێنێکی وەك ئینگلستان‌و فەرەنساو خوارووی ئەوروپادا زیاتر بڵاوبووەوە(١) • پێویستە ئاگاداری ئەوەیش بین کـە ئاسـەواری

---

(١) A. J. Grant. Op. Cit.. part II. P. 459.

زێنیسانس بەشێوەی جۆربەجۆر لە ئیتالیاوە پەڕی‌یەوە بۆ وولاتانی‌تر(١) • هێرشی سوپایی فەرەنسا بۆ سەر ئیتالیا دەورێکی کاریگەری بینی‌و بەهۆیەوە میرو شازادە فەرەنسایی‌کان شارەزای شێوەی ژیان‌و کەلتووری دانیشتووانی ئیتالیای پێشکەوتوو بوون • تەنانەت لەوانەوە شێوازی جل‌و بەرگی نوێ‌و هەڵس وکەوتی کۆمەلایەتی فێر بوون • زۆریشی نەخایاند دەرباری فەرەنسا بووە بنکەیەك‌و چی دیاردەی رێنیسانس هەبوو لەئیتالیادا قۆستیانەوەو لای خۆیان پەرەیان پێدا • بەنموونە کۆشکی پاشایەتی لە «پاریس» کە بە « لوڤەر » ناسراوەو(٢) تا ئێستایش لەریزی پێشەوەی مەزارە فیکری‌یەکانی جیهان دادەنرێ بەرهەمی ئەو تێکەڵ بوونەیە • قوتابیانیش لەم مەیدانەدا دەورێکی بالایان بینی‌و لەرێگای ئەوانەوە زۆر لایەنی سەرەتایی رێنیسانسی ئیتالیا گەیشتە وولاتانی دیکەی ئەوروپا • هەر لەساڵەکانی دوایی سەدەی چواردەهەمەوە شاری «فلۆرەنسا» لەسەر شێوازێکی نوێ دەستی دایە لێکۆڵینەوەی زمانی گرێکی‌ی کۆن‌و ئەنجام لەهەموو بەشەکانی تری وولاتدا بەخێرایی بلاو بووەوە • بەسەرێکی تریش ژمارەیەکی زۆری خەڵکی وولاتە دراوسێکان بەمەبەستی فێر بوونی

(١) R. Weiss. The spread of Italian Humanism, London, 1964, P.P. 86 - 97.

(٢) ف٠ف سیمیۆنوف ، هەر ئەو سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٠٧ ٠

زمـــانو شـــارەزابوونی بەهەرمەکانی « ئەفلاتون »و «ئەرستۆ»و فەیلەسووفەکانی تر ، خۆیان گەیاندە شارەکانی ئیتالیا • ئەمانە کـــە دەگەڕانەوە تۆوی بیروباوەڕی نوێیان بۆ نیشتمان دەبردەوەو ئەنجام بەروبوومێکی تازەپشکوتوویان لێ هێنایە بەرهەم(١) • هەرچۆنێك بێ ، سێ قۆناغەکەی رۆژگاری رێنیسانس چ لەئیتالیاو چ لەوولاتانی دراوسێیدا ، بوونە هۆی ئەوەی چەند ئەنجامێکی تایبەتی گرنگ بەدەستەوە بـــدەنو پاشـــان کـــار لەگەشەکردنی بیروزانستی سەرانسەری جیهانیش بـکەن •

بێگومان لەتواناییشدا هەیە خاسیەتەکانی رێنیسانس بەهۆی دەرخستنی ئەنجامـــە بنچینـەیەکـــانییەوە زیاتـرو روونتـــر بەرجەستەبـــکەین ، بەتایبەتی چونـکە هـــەردوو ئەو لایەنانە تا رادەیەکی زۆر لەیەکتر ئالاون ، بۆیە لەبەشی داهاتوودا هــــەوڵ دەدەین لێیان بکۆڵینەوەو پەنجەیان بۆ رابکێشین •



(١)
The Renaissance and the Reformation , 1300 - 1600.
P.P. 9. 13.

بەشی سێیەم

ئەنجامەکانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس

بیروباوەڕی ڕێنیسانس‌و بەرهەمەکانی بوونە هـــۆی ئەوەی چەند ئەنجامێکی گرنـگی ئەوتۆ بەدەستەوە بدەن کـــە لەبواری کۆمـــەڵایەتی‌و رۆشنبیریی‌و زانستیی‌و سیاسییدا بەشـداری‌یەکی کاریـگەر لەگەشـە پێکردنی کۆمەڵـگای ئـەوروپایی‌و سەرجەم شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بکەن • تەنانەت هـەندێك لەئاسەوارەکانی لەتەك لەدایك بوونیاندا نەمری‌یان بۆخـۆیان پچـڕی • لێرەیش بەدواوە هـــەوڵ دەدەین بەکورتی‌ی دەست بخەینە سەر لایەنی گرنـگی ئەو ئەنجامانەی ژانی ڕێنیسانس لەچوارچێوە فراوانەکەیدا هێنانی‌یە دونیـــاوە •

١ ـ بیروباوەڕو ناوەرۆکی شاکـــارە مەزنەکانی رۆژگـاری ڕێنیسانس تەواوی بیروڕای کۆمـــەڵی دەرەبەگایەتی سەدەکـانی ناوەڕاستی هێنایە لەرزین • بەر لەهەموو شتێك ، هەوڵ‌و کۆششی جۆربەجۆری هومانیستان پەردەی لەســـەر حەقیقـــەتی کڵێسەی

کاتۆلیکیو بیروڕا سـەیرو عەنتیکەکانی هەڵماڵی • ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ، پێشەوایانی ڕێنیسانس بایەخێکی تایبەتییان‌دا بە وەرگێڕانی کتێبە ئاینییە کۆنەکان • ئەمـــەیش خـۆی لەخـۆیدا ئەوەی دەگەیاند کە جـگە لەپیاوانی ئاینی ، خەڵـکی تریش بۆیان هەبوو توخنی مەسەلەکانی ئاین بـکەونو لێیان تێبـگەن ، چونـکە بەدرێژایی چەند سەدەیەك کڵێسە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەی بۆخۆی قۆرخ کردبوو • زمـانەوانو زانایان ـ نـەك پیاوە ئاینییەکـان ـ ئـەم ئەرکـەیان گرتە ئەستۆو زۆر لایەنی شاراوەو گرنـگیان بۆکومەڵانی خەڵـکی ڕوون کردەوە • بەنموونە: «لۆرێنزۆ ڤالا» کە پاپا بۆخۆی ئەرکی توێژینەوەی هەندێ دەستنووسی خستە ئەستۆی ، توانی چەندین هەڵەی ناقۆڵا لـەو نوسخەیەی ئینجیلدا بدۆزێتـەوە کەکرابوو بەلاتینیو پاشان باسێکی سەربەخۆیشی لەسەر نووسی • هەروەها لەباسێکی تردا ئاشکرای کرد کە ئەو بەڵگەنامەیەی ناوی «بەخشی قوستەنتین»ی لێنراوەو(١) گوایە بەپێی ناوەرۆکی مـافی دەسەڵاتی دونیـــایی بەپاپاکان بەخشیوە ، لەبنچینـــەوە ساختەیەو

(١) «بەخشی قوستەنتین» (Donation of Constantin)
بەڵـگەنامەیەکی ساختەیە لەسەدەی هەشتەمـدا ڕاوێژکارانی پاپا نووسیانەوەو تێیـــدا ووتیان : گوایـــە قوستەنتینی ئیمپراتۆری ڕۆما ٣٠٦ـ٣٠٧ لەسەرانسەری بەشی ڕۆژئاواو تەنانەت ئیتالیایشدا دەسەڵاتی دونیایی بەپاپا بەخشیوە • پاپاکان ئەم بەڵـگەنامە ساختەیەیان لەپێنـاوی دەسـەڵاتی دونیایی خۆیاندا ، وەك چەکێك لەمەیدانی ململانێی سیاسیدا کردیانە بنچینەیەکی یاسایی وپشتیان پێ دەبەست •

لەسەدەی هەشتەهەمدا نووسراوە نەك لەسەدەی چوارەمی زایندا •
بێ گومان ئەمەیش کارێکی خراپی کردە سەر ناووشۆرەتی پاپایەتی •
«لۆرینزۆ ڤالا» جارێکی تریش ئەوەی سەلماند کە بەهیچ کلۆجێ
پاپاکان مافی ئەوەیان نییە چ لە «فاتیکان»و «رۆما»و چ لەهەر بستێکی
تری سەر رووی زەمیندا دەسەلاتی سیاسییان هەبێ • لەوەیش
زیاتر بێ ترس و سلەمینەوە دەیووت : «ئەوانە لەقەشەوە بوون بە
جەردەو گورگ»و(١) دەمیان ژەنیوەتە رەنجی خەلکی •

راستییەکەی ئەگەر لەو سەردەمەدا چەند کەسێکی
دەست رۆیشتوو «لۆرینزۆ ڤالا» یان نەپارستایەو لەترسی ئەوە
نەبوایە کوشتنی شوێنەوارێکی خراپی بەجێ دەهێشت ، دامو
دەزگای پاپایەتی بێ سێو دوو لێ کردن دەیخستە ژێر گازو
گیرەی دادگای پشکنینەوە • هەرچۆنێك بێ ئەوەی «لۆرینزو ڤالا»ی
بیر تیژ کردی ، هێزو گوڕێکی ئەوتۆی هەبوو ، زۆر مێژوونووس
بە «سەرەتای لێکۆلینەوەی رەخنەی زانستییانەی نوێ»ی
دادەنێن(٢) •

بەهۆی توێژینەوەو بەراوردکردنی ووردەوە «ڤالا» گەیشتە

---

(١) لە «أ٠أ٠جوبیر» وەرگیراوە ٠ بڕوانە «گەشە کردنی دوایی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی لەسەدەی پانزەهەمدا» بە زمانی رووسی • مێژووی جیهان ٠ بەشی سێیەم ٠ ل ٦٢٨

(٢) J. R. Strayer and others, Op. Cit.. P. 334.

زۆر لە ناودارترین زانایانی جیهان «لۆرینزۆ» کاری تێ کردن ٠ لەوانە «ئیرازمۆس»و «ڤولتێر»و گەلێکی تریش ٠

حەقیقەتێك کــە ئەو لاتینیی‌یەی بەڵــگەنامەکەی پێ نووسراوە لــــە زۆر خاڵی گرنــگدا جیــاوازیی هـــەیە لەتەك ئەو لاتینیی‌یەدا کــە سەردەمی قوستەنتین باو بووە • تـــەنانەت هـــەندێ لـــــەو شارانەی لەبەڵــگەنامەکەدا ناو نووس کرابوون کاتی نووسینی ئــەو بەڵــگەنامەیە لەئارادا نەبوون(١) • ئــەم هەموو خۆ خەریك کردن‌و بۆچوونە گرنــگانە چەکێکی کاریگەری لەدەست پیاوانی کڵێســـە کردەوەو چــی‌تر بۆیان نەدەلوا ناوەرۆکــی ئینجیــل‌و نووســراوە ئاینیی‌یەکـــان بەئارەزووی خۆیان لێك‌بدەنەوەو بەهـــەوای نەفس بیروڕای دەستکردی دوور لەگیانی راستەقینەی ئاینــی مـەسیحی بەسەر خەڵــکیدا بسەپێنن • ئەوەیش کــەئەرکی هومانیستانی ئاسانتر کرد ئەوەبوو ، زۆربەیان لەبنەڕەتدا پیاوی ئاینی بوون ، یاخـــود لـــەدام ودەزگاکــانی کڵێسەدا خوێندبوویان‌و بەچـــاکی هەستیان بەناتەواوی‌یەکانی ناو ئەم دەزگـــایە دەکرد • جــــگە لەوەیش شارەزای هەڵس‌وکەوتی پاپاو دەست و پێوەندەکانیان بوون • لەبەر ئەوە دەبینین هەڵوێستی دژایەتی کردنی ئەمانە بەرامبەر بە کڵێســە گەیشتە رادەیەك هەرچی شتێك پەیوەندی بەکڵێسەوە هەبوو رەتیــان دەکردەوە • ئەوەبوو نووسەرو زانای فەرەنسایی «رابلیە ١٤٩٤ ــ ١٥٥٣» هـــەر بەوەوە رانەوەستا بەربەرەکانێی رێبازی کڵێســەی کاتۆلیکی بــکا ، بــگرە لەبیروڕای رێفورمی پرۆتستانتیش قــایل نەبوو • بۆیە گاڵتەی بە دەمارگیریی ئاینی کوێرانە دەهات‌و رەخنەی

(١) R. Weiss, op. Cit.. p. 43.

لە ڕێبازی پرۆتستانتیش دەگرت ، بەڕادەیەك حاڵ گەیشتە ئـەوەی «کالفن»ی پێشەوای ئەو ڕێبـــازە هێرشێکی توندی کردە ســــەر . هەندێــکی تریشیان لەوەیش زیاتر پێیان لێ هەڵبری ، ئەنجـامیش دوچاری زەبرو زەنــگی ڕژێمو کڵێسە هــاتن ـ وەك لــە دوایــدا باسی دەکــــەین ـ ونووسینەکانیشیان قەدەغـــە کران ، یاخـــود دەکرانە خۆراکی ئاگر .

هــەڵوێستی دوژمنـایەتی پیاوانی ڕێنیسانس بەتەنها بیروڕای کڵێسەی نەگرتەوە ، بەڵــکو دژایەتی‌یەکی بەهێزی هـــەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یانەیشی دەکرد کـــە پەیوەندی‌یان بەسـەدەکانی ناوەڕاستەوە هەبوو . ئەوانە لەوباوەڕەدا بوون کـــە سەدەکـانی ناوەڕاست ، ســەردەمی دواکەوتن‌و نەزانین بووە ، لەبەر ئــەوە ناویشیان نابوو «سەردەمی غوتی» کـــە لەوکاتەدا واتای «بەربەر»ی دەگەیاند . بەڵام ئەوانە لــەم بۆچوونەیاندا لەســــەر هــەق نین ، چونــکە سەدەی ناوەڕاست وەك هەر قۆناغێکی تری گەشەکردنی کۆمەڵــگای مرۆڤایەتی‌و حەتمیەتی پەرەسەندن ، گەلێك دەستکەوتی گرنــگی پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردووە . هەرچۆنێك بێ ، ئــەم هەڵوێستەی هومانیستان وای لەخەڵــکی کرد سەدەکانی ناوەڕاست بەتاریکستانی ئەنگوستەچاوو کۆتو پێوەندێکی گران بزانن . ئــەم واقیعەیش زەمینەیەکی فیکریی لەباری ڕەخساند تاوەکو مرۆڤ بەرەو سەدەیەکی نوێی پێشکەوتووتر هەنگاو بهاوێژێ . شایانی باســـە زاراوەی «سەدەکانی ناوەڕاست» یەکەمجار لەلایەن هومانیستەکانەوە

بەکار هێنراو مەبەستیشیان لەسەدەی بەر لـە رێنیسانس‌و سەدەکانی دوای گریك‌و رۆمان بوو •

٢ – ووترا بایەخ‌دانی هومانیستەکان بـــە کەلەپووری کۆن ، یەکێك بوو لەخـاسی‌یەتە بنچینەیی‌یەکانی رۆژگـاری رێنیسانس ، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی چەندین ئەنجامی زانستی‌و رۆشنبیری گـــەورەی لێ دەستگیر ببێ • جـــا هـــەرچەندە ئەو کەلەپوورە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەتەواوی پشت‌گوێ خرابوو ، بەلاَم پیاوانی رۆژگاری رێنیسانس بەشوێن ئەو دەستنووسانەدا دەگەڕان کە لەناو کلێسەو دەیرە کۆنەکاندا بێ‌ناز کەوتبوون • ئەوانەیشی کە بایەخیان بـــەم مەســـەلەیە دەدا نوماینەدەی تایبــەتی‌یان تەرخـــان کردبوو ، دەســـتنووسیان بۆ بدۆزنـــەوەو بەپارەیەکی باش بۆیان بـــکڕن • لەلایەکی تریشەوە سەدان دەستنووسی دانسقە لە «قوستەنتەنی‌یە» وە پەڕی‌یەوە(١) بەتایبـــەتی بۆ ئیتالیا وکتێبخانەکانیان پـــێ ئاوەدان دەکرایەوەو هەندێ کتێبخانەی دیـکەیش دامەزرێنرا • هومانیستان لەپێناوی وەرگێـــڕان‌و ساغ‌کردنەوەو بلاَوکردنەوەیاندا ئەرکێـــکی زۆریان کێشاو توانی‌یان زۆربەی ئەو تێکستە کۆنانەی لەسەدەکـانی ناوەڕاستــدا وەرگێڕدرابوون‌و بەدەستی ئەنقـــەست شتیان لێ

---

(١) کە لەگەڵ نزیك بوونەوەی عوسمانلی‌یەکان لەئاسیای بچووك مەترسی‌ی کـــەوتە ســـەر قوستەنتەنی‌یەی پایتەختی بیزەنتی‌یەکان ، زانایانی بەرەبەرە رووەو ئیتالیا کەوتنە رێ‌و لەگەڵ خۆیاندا بەکۆمەڵ دەستنووسی کۆنی بەنرخیان برد •

زیادکرابوو ، راستیان بکەنەوە • هەروەها بۆ یەکەمجار تەواوی بەرهەمە ناودارەکانی شاعیرانی گریکیان وەرگێڕا ، لەوانە «ئەلیادە»و «ئۆدیسا»ی «هۆمیرۆس» • ئەمەجگە لە بەرهەمە فەلسەفی یە کۆنەکانیش ، وەك زۆربەی نووسینەکانی «ئەفلاتوون» •

گومان لەوەدا نی یە کە سەرپاکی ئەمانە بەئاشکرا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستی مرۆڤایەتیدا کاری خۆیان کرد ، بەتایبەتی لەمەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو فەلسەفیو مێژوویيدا • لەلایەکی تریشەوە مشتو مڕی فەلسەفی یان هێنایە کایەوەو توانی یان بکەنە هەندێ بۆچوونو حەقیقەتی مێژوویی نوێو نووسەرانی ڕێنیسانس بیروباوەڕی تازەیان لێ هەڵهێنجان •

هەر لەو سەدەیەدا ئەو بازرگانە ئەوروپایی یانەی بیروباوەڕی ڕێنیسانس کاری تێکردبوون ، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی کەلەپووری کۆنی ڕۆژهەڵاتو لەگەڵ خۆیاندا بردیانەوە بۆ وڵاتەکانیانو لەلایەن هومانیستەکانەوە بایەخێکی لەئەندازە بەدەریان پێدراو سەرەنجامیش بەردی بناغەی زانیاریی «ئیپیگرافی Epigraphy » داڕێژرا ، کە لەنووسینو نەخشی کۆن دەکۆڵێتەوە •

٣ ـ ڕۆژگاری ڕێنیسانس بەتایبەتی لەسەدەی شانزەهەمدا لەمەیدانی زانیاری یە سروشتی یەکاندا پێشکەوتنێکی گەورەیان بەخۆیانەوە دی • لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بایەخێکی کەم تەنها

بەزانیاریی کیمیا درابوو ، ئەویش چونکە هەندێك لەزانایانی ئــەو سەردەمە لەوباوەڕەدا بوون ، گوایە بەهۆی ئاوێتە کردنی کیمیاییەوە دەتوانرێ میتاڵی ئاسایی بکرێ بەمیتاڵی بەنرخو گران بەها . ئـــەو کۆزم بایەخەیش کــە بەزانیاریی ئەستێرەناسیی دەدراو بـــەو شێوە زانستییەی پەیڕەویان دەکرد ، تەنهـا بۆ ئەوەبوو بۆ نجومگەریی بەکـــاری بهێنن . ئەمــە لەکاتێـکا ســـەرلەبەری زانیـــارییە سروشتییەکانی تر نەك هەر پشت گوێ خرابوون بەڵـکو رووی راستەقینەی زۆربەیشیان شێوێندرابوو . بەڵام لــــە ســـەردەمی رێنیسانسدا ــ وەك باسکرا ــ بایەخدان بەو زانیارییانە بووە یەکێك لــە پێداویستەکــانی کۆمەڵـگای نوێ ، بۆچی ؟. چونـــکە چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتوو لــە دوو سەرەوە پێویستی بــەم چەشنە زانیارییانە هەبوو . یەکەم : ئەوزانیارییە سروشتییانەی کـــە بەهۆی داهێنـــانی نوێوە هاتبوونە گۆڕێ و ئەنجامی حەتمیی ئــەو پێشـــکەوتنە بوون ، رەگـــەزی بنچینەیی دەســـەڵاتی ئابوورییان بۆ ئەو پێك دەهێنـــا .

دووەم : سەرپاکی دەستکەوتە زانیارییەکان بەئەندازەیەکی دیار بیروباوەڕی نوێیان پتەوکردو بەرەبەرە ، رەگ و ریشـــەی بیری دەرەبەگایەتییان لەبن هەڵدەکێشا .

پەرەسەندنی نوێی زانســـتیی لە زۆر بواردا پەل و پـــۆی هاویشت و گۆڕانێکی چۆنیەتـــی لەبوارە جۆر بەجـــۆرەکانی زانستدا

هێنایه گۆڕێوه • بەنموونه : لەمەیدانی ئەستێره ناسیدا زانایانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس گەیشتنە چەند ئەنجامێکی گرنگ •
« کۆپەرنیکۆس ۱٤۷۳ – ۱٥٤۳ز » یەکەمین کەس بوو تیوری « کۆمەڵەی ڕۆژ »ی داناو دەیووت : زەوی ئەستێرەیەکەو سەر بەکۆمەڵەی ڕۆژه ، هەم بەدەوری خۆی هەم بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوه • بەپێچەوانەوه کڵێسه باوەڕی وابوو کە زەمین چەق « مرکز »ی گەردوونەو چی ئەستێرەی ئاسمان هەیه بەڕۆژیشەوه بە چواردەوریدا دەسووڕێنەوه (۱) • دوای « کۆپەرنیکۆس » چەند زانایەکی تری وەك « جیۆردانۆ برونۆ (Brunno) ۱٥٤۸ – ۱٦۰۰ز » و « گالیلۆ گالیلی Galieli ۱٥٦٤ – ۱٦٤۲ز » کە دوو زانای ئیتالیایی بوون توانییان پەره بە تیورەکەی « کۆپەرنیکۆس » بدەن • ئەوەبوو « برونۆ » دەیووت : جگە لەکۆمەڵەی ڕۆژی چەند کۆمەڵەیەکی تریش هەن دانیشتووانی سەر زەوی لەبەر دووریی نایان بینن • ئەم بۆچوونەی ناوبراو کتومت ئەو بۆچوونەیە کە لە ساڵانی دوایدا ئەستێره ناسەکان سەلماندیان • ئەمە جگە لەوەی برونۆ لەو باوەڕەدا بوو کە دوور نی‌یە لە ئەستێرەکانی تردا ژیان هەبێ • بەڵام « گالیلۆ » بەردی بناغەی بۆ زانیاریی تەجریبیی دانا • بەنموونه : بە تاقی کردنەوه سەلماندی کە لەرینەوەی بەندۆل چەند فراوان بێ

---

(۱) «نیکۆلا کۆپەرنیکۆس» ئەو باسەی پیشکەش بە شەخسی پاپا کرد !•

ماوەکەی هەر وەك خۆیەتی‌و ناگۆڕێ • لەلایەکی تریشەوە هەندێ هەڵەی « ئەرستۆ »ی لەبارەی بزووتنـەوەی تەنەکان « حرکـة الاجسام » ەوە ساغ کردەوەو چەسپاندی کە تەنەکان قورسایی‌یان هەرچی چەندێك بێ وەك یەك بەردەبنەوە سـەر زەوی • بێجگـە لەمانـەیش پشـت گیریی تیورەکەی « کۆپەرنیکۆس »ی کرد • بەو جۆرەو بەحوکمی بۆچوونی زانسـتی‌یانە ، زانایـان توانی‌یـان لەسەرەتاوە زانیاری‌یە سروشتی‌یەکان لە لاهوت جیا بکەنەوە •

زانایانی رۆژگاری رێنیسانس لەبـواری لێکۆڵینـەوەی پزیشکیداو بەتایبـەتی یەکالاکردنەوە « التشریح »ی جـەستەی ئادەمیزادو ئاناتیك‌و جیاوجیاو دەرهێنانـی میتالـدا دەسـکەوتی گەورە گەورەیان چنگ کەوت • پزیشـکان دەستیان بە یەکـالا کردنەوەی لاشـەی ئادەمیـزاد کردو پەرەیـان بەزانیـاریی «ئەناتۆمیا» داو گەیشتنە چەند ئەنجامێك بەهۆیانەوە بەشداری‌یان لە گەشە کردنی ئەم زانیاری‌یە گرنگەدا کرد کە راستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی ئـادەمیزادەوە هەبوو • ئاکامیش بووە بابەتێکی سەربەخۆو لەچـەند زانکۆیەکی ئەوروپایدا بەدەرس دەخوێنرا • هەر بەهۆی ئەم دەسـتکەوتە مەزنانەوە توانی‌یان مێشکی خەڵکـی ئەوروپـا لەئەفسانەی پڕوپووچ رزگار بکەن • چارەسەرکردنی نەخۆشی‌یەکانی مرۆڤیش لەوە دەرچوو کاسـەی سـەر لەت بکرێ‌و خوێ ئاژن بکرێ تاوەکو بە حسـابی خـۆیان خێوو جنۆکەی لێ دەربپەڕێنن ؟

یاخود باشترین چارەسەر ئەوە بێ بە زەبری تەور لاقی بنیادەم ببڕدرێتەوە !! (١) •

ئەو ئەنجامانەی زانایانی سەدەی بووژاندنەوە لەبوارەکانی جیۆلۆجیاو میتاڵ دەرهێناندا بەدەستیان هێنا ، شتێکی هەروا کەم بایەخ نەبوون • بەنموونە : زانای ئەلمانیی «جۆرج باوێر ١٤٩٤ ـ ١٥٥٥ز » کتێبێکی گەورەی بە ناونیشانی « دەربارەی میتاڵ دەرهێنان لە دوانزە کتێبدا » لە پاش خۆی بەجێ هێشت • ئەم نووسراوە یەکێکە لەگەورەترین ئەو سەرچاوە رەسەنانەی لەقۆناغی یەکەمی گەشەکردنی سەرمایەداریی ئەوروپادا ، ئەچۆنیەتی بەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانو شێوە تەکنیکی دەرهێنانی میتاڵ دەدوێ •

٤ـ گرنگترینی ئەنجامەکانی رێنیسانس ، بووە یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ دروست بوونی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو لە ئەوروپادا •

پێش ئەو سەردەمە،زانستو ئەدەب بۆ توێژێکی بچووکی کۆمەڵ قۆرخ کرابوو • تەنانەت قسەکردنو مشتومڕ لەنێو رۆشنبیرانی ئەو

(١) «ئوسامە کوڕی مونقیز» رووداوی زۆر سەیر لەبارەی زانیاریی پزیشکیی ئەوروپایی لە رۆژگاری شەڕی خاچ پەرستاندا دەگێڕێتەوە • بۆ زیاتر تێ گەیشتن ، بڕوانە «علاقات بین الشرق والغرب بین القرنین الحادی عشر والخامس عشر» • عبدالقادر احمد الیوسف • صیدا • بیروت ١٩٦٩ ل ٢٦٨ ـ ٢٧٠ •

ســەردەمەدا هەر بەلاتینی بوو نەك بەزمانی نەتەوەیی • بە كورتی لە تویژیكـی بچووك بەولاوە ، جـەماوەری خەڵك ئاگای لەو زمانـە نـەبوو • ئەم دیاردەیەیشـ خۆی لەخۆیدا بووە هێڵێكی جیاكەرەوە لە نێوان تویژە جیاجیاكانی كۆمەڵداو ئاكامیش بووە هۆی پەیدابوون و ســەرهەڵدانی چـەند دیالێكتی ناوچەیی جۆر بەجۆر • بەڵام لەو كاتەوەی كـە پلەوپایەی تاكە كەس لەناو كۆمەڵدا گۆڕدراو وەك بوونەوەرێكـی گرنگی كۆمەڵگا حسـابی بۆ كرا ، دەبـوو بـە چاوێكی ترەوە تەماشای هەموو ئەو شتانە بكرێ كەپەیوەندی یـان بەژیانی ماددیو مەعنەوی ئەوەوە هەیە • زمـانیش یەكێكە لـەو مەسـەلە بنچینەیی یانەی ئەم گۆڕانكـاری یە راسـتەوخۆ كـاری تێ كردو سـەرلەبەری دیاردەكـانی رێنیسانس بوونە هەلو مەرجی گونجاو تا لەوولاتـە ئەوروپایی یەكانا زمانـی ئەدەبی یەكگرتوو بێتـە كایەوە • ژمارەیەكی زۆری پیاوانی رێنیسانس بەتایبـەتی نووسـەران بەرهەمەكانیان بەزمـانی خەڵـكیی دەنووسیو سامانی كەلەپووری مللی یان كردە سـەرچاوەی سرووشـ و كەرەسـتەی دەربڕینی بیروڕایـەكانیان • باشترین نموونەیشـ لـەم بارەیەوە « فرانسوا رابیلیە »ی فەرەنسایی یە كە بـە یەكێك لـە ناودارانی سـەردەمی رێنیسـانس ناسـراوە • ناوبـراو لەنووسینەكانیدا هەمیشە رەچاوی زەوقی خوێنەری دەكرد • بۆ ئەم مـەبەستەیش سـوودی زۆری لە كەلەپووری مللی ی وەردەگرتو بایەخی پێ دەدا • بەشێوەیەكی رازاوەو لەهەمـان كاتیشـدا بەپێـزو نزیـك

لەقسەی ئاسایی‌یەوە بابەتەکانی دادەڕشت • بەهۆی ئەم شێوازەیەوە بوو بە ناسراوترین نووسەری فەرەنسایی سەدەی شانزەهەم‌و بەرهەمەکانیشی وەك بەرهەمی زۆربەی نووسەرانی رۆژگاری رێنیسانس لەناو خەڵکیدا رەواجێکی زۆریان پێ درا •

وەنەبێ بایەخدان بەم زمانە نوێیە وای لەناودارانی رێنیسانس کردبێ زمانە کلاسیکی‌یەکان‌و لەسەرو هەموویانەوە زمانی لاتینی کە تائێستایش لەباری سەرنجی زانستەوە دەوری خۆی نەدۆڕاندووە پشت‌گوێ بخەن ، نەخێر • بە پێچەوانەوە ژمارەیەك لەهومانیستان کەوتنە خۆ بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی لاتینی‌و گریکی‌و عیبریی کۆن • زۆربەیشیان ئەوەندە زمانی لاتینی‌یان دەزانی خۆیان پێوە هەڵدەکێشاو دەیانویست بەخەڵکی رابگەیەنن کە دڵبەستەی سامانی کەلەپووری کۆنن • چونکە ئەوانە رایان وابوو کە ئەو کەلەپوورە تەواو دژی یاساو نەریتی باوی دەرەبەگایەتی‌یەو لەتوانادا هەیە بەهۆی زمانی لاتینی‌یەوە شتی ئەوتۆ وەربگیرێ ، بکرێتە چەکێکی کاریگەر دژی ئەو یاساو نەریتانە •

لێرەدا گرنگ ئەوەیە حەقیقەتێك لەیاد نەکەین • زۆر لە هومانیستان کە بەزمانی لاتینی دەیان‌نووسی ، بەزمانی نەتەوەیی خۆیشیان بەرهەمیان بلاو دەکردەوە • ئەمە جگە لەوەی بەرهەمە لاتینی‌یەکانیان پاش ماوەیەکی کەم ، زۆر جار ساڵێك پتری نەدەخایاند وەردەگێڕدرایە سەر زمانی نەتەوەیی وزمانە

ئەوروپایی‌کانی سەردەمەکە • لەوەیش گرنگتر پیاوانی سەردەمی ڕێنیسانس تەنها ئەو بابەتانەیان بەزمانی لاتینی دەنووسی کە پەیوەندی‌یەکی بەتینی بەزاناو فەیلەسووفەو پیاوە سیاسی‌یەکانەوە هەبوو • لەبەر ئەوە دەیان ویست بەزمانی خۆیان لەگەڵیاندا بدوێن ، بێ‌ئەوەی ئامانجی سەرەکی‌یان کە هەرەس هێنانی تەلاری فیکری دەرەبەگایەتی بوو ، لەبیر بچێ • هەندێکی تریشیان بۆیە بەزمانی لاتینی دەیان‌نووسی ترسی ئەوەیان هەبوو ، نەبا ئەوانەی نووسینەکانیان ئاراستە کراوەو مشت ومڕیان لەگەڵ دەکەن بەرهەمەکانیان نەخوێندنەوە وبەچاوی سووکایەتی‌یەوە تەماشا بکرێن •

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا ئەم دیاردەیە وردە وردە لە ئارادا نەماو ڕۆژ بەرۆژ ئەوانەی بەلاتینی دەیان نووسی ژمارەیان کەم دەبووەوە ، بەتایبەتی لەبواری ئەدەبدا ، تاوەکو بەتەواوی وەك دیاردەیەکی ڕۆشنبیری لەگۆڕێ نەما • دواجاریش زمانی لاتینی بووە سەرچاوەیەکی گرنگ تەنها بۆ مشت‌و ماڵ ، بەتایبەتی بۆ دروست‌کردنی زاراوەی زانستی‌ی نوێ ، چونکە دەتوانرێ بەئاسانی ووشەی لێوەربگیرێو ووشەی تازەی لێ پێك بهێنرێ ، لەرووی دەربڕینیشەوە زاراوەکانی لەسەر زمان سووکترو ڕەوانترن • هەموو ئەمانەو چەند هۆیەکی دی لەگەڵ پەیدابوونی بازاڕی یەکگرتوودا • بوونە هۆی ئەوەی لەسەدەی پانزەهەمو شانزەهەمدا زمانی نەتەوەیی گەلانی ئەوروپا کە ئیستا لەبەردەستی هەموان‌دان دروست ببێ • ئەمەیشی

بەپێچـەوانەی بەرهـەمی سەدەکانی پێش ڕینیسانسەوە بوو کـە بەتەنهـا ئەو توێژە کۆمـەڵایەتی‌یە چێژی لێ وەردەگرت کە زمانی لاتینـی کۆنـی دەزانی •

٥ ـ بیروباوەڕی ڕێنیسانس‌و ئەنجامەکانی بەشێوەی جۆربەجۆر هەسـتی نەتەوەیی‌یان لەناو گەلانی ئەوروپادا ژیاندەوە • چونکـە زمـانی نوێ بووە ئامرازێك‌و ئەو بەرهەمە فیکری‌یانەی پێ دەنووسرا کە لەبەر دەسـتی جەماوەردا بوون • بەمەیش زیاتر ئاستی هوشیاریی کۆمەڵانـی خەڵك بەرز دەبووەوە • کارکردنی ئەم هۆیـە بەزۆری لەوەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی بەرهەمەکانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس‌و ئەدەبیـاتی ئەو قۆناغە ، پەردەیان لەسەر خەوش‌و ناتەواوی‌یەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی هـەڵدەماڵی‌و پێشوازی‌یان لەکـەلەپووری کۆندەکـردو بەشـێوازێکی خۆشـ‌و ڕەوان سـەرنجی خوێنـەری ئاسایی‌یان رادەکێشـا • جگـە لەمانەیشـ لەناوەڕاسـتی سـەدەی پانـزەهەمدا بەهـۆی داهێنانی ئامێری چاپکردنـی تازەوە ، کتێب‌و چـاپەمەنی زۆرتر کـەوتنە بەردەست خوێنەران‌و ئاڵ‌وگۆڕیان پێ دەکرا •

داهێنانی ئامێری چاپکردنی نوێ ، لەخـانەی دەسکەوتە زانیـاری کەلتووری‌یەکـانی سـەردەمی ڕێنیسـانس دادەنـرێ‌و خۆی لەخۆیدا بەدەنگەوە هاتنـی پێویستی‌یەکانی ئەو قۆناغە بـوو • بایەخدان بەوێنەگرتنەوەی دەسـتنوسە کۆنەکان بەژمارەیەکی زۆرترو شێوەیەکی باشتر ، پاڵی بە ئەوروپایی‌یەکانەوە نا ، بەپێڕەوی شێوازی

چاپکردنی « چینی »یەکان بکەن‌و تەختەداری هەڵکۆڵدراو بەکار بهێنن . لەلایەکی تریشەوە چ هومانیستەکان‌و چ لایەنگرانی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی ، هەوڵیان دەدا کتێبە ئاینی‌یەکان لەچنگی کڵێسەی کاتۆلیکی‌و قەشەکان رزگار بکەن‌و زۆرترین ژمارەیان لێ بڵاو بکەنەوە ، تاوەکو خەڵکی‌ی بۆیان روون ببێتەوە کە پاپایەتی تاج رادەیەك لەیاسا ئاینی‌یەکان دوور کەوتووەتەوەو فری بەسەریانەوە نەماوە .

لەو کاتەوەی «دانتی» لەنووسینەکانیدا سەلماندی کە دەتوانرێ لەبریتی زمانی لاتینی ، زمانە نەتەوەیی‌یەکان بکرێنە ئامرازی دەربرینی بیروڕا ، زیاتر هەست بەپێویستی‌ی کتێب‌و چاپەمەنی کرا . چونکە خەڵکی رەمەکیش بە بەرۆشەوە دەیان قۆزتنەوەو چێژیان لێ‌وەردەگرتن .

هەموو ئەمانە پێویستی‌یان بە ئامرازی فیکریی پەخش‌و بڵاوکردنەوەیەك دەکرد بتوانێ شان بەشانی پیداویستە کۆمەڵایەتی‌یە تازەکان هەنگاو بنێ . بۆ ئەم مەبەستە ئەوروپایی‌یەکان بەهۆی تەختەداری هەڵکۆڵدراوەوە ، شێوازی چاپکردنیان بەبارێکی باشتردا گۆڕی . پاشان ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ، کت‌وپڕ رووی‌داو لەدموورو بەری ساڵی ١٤٤٥ز دا « یوحەننا گوتینبرگ ١٤٠٠ - ١٤٦٨ز » توانی یەکەم ئامێری لە تەختە دروستکراوی چاپکردن دروست بکا . ئامێرەکەی « گۆتینبرگ » بەدەست ئیشی

دەکردو پیتی بزێو « الحروف المتحركة »ی بەکار دەهێناو لە ماوەی سەعاتێکدا دەیتوانی « ١٠٠ » لاپەڕە چاپ بکا • دیارە ئەمەیش بۆ ئەو سەردەمە گۆڕانێکی چۆنیەتی بوو لەدونیای چاپو چاپەمەنیدا •

داهێنراوەکەی « گۆتینبرگ » تۆوی گەشەکردنو هێزی پەرەسەندنێکی بەگوڕو توانای بەخشینێکی بەربلاوی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو • بەشداری یەکی گەورەیشی لەپێشخستنی زانستو زانیاری و ژیاندنەوەی کەلەپوورو بلاوبوونەوەی بیروڕای ڕێنیسانس و ئایدۆلۆژیای رزگاریخوازانەی دوای ئەوسەردەمەدا کرد • هۆیەکی گرنگ بوو بۆ راگەیاندنی کەلتووری نەتەوەیی و گەلاڵەکردنی زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی گەلان • زۆریشی نەبرد ئەم داهێنراوە نوێیە نەك هەر بووە هاندەرێکی مەعنەوی بەڵکو بەچەشنی پاڵپێوەنەرێکی مادیی هانی نووسین و بلاوکردنەوەی دەدا • سەرەنجامیش کتێب وەك هەر کەل ویەلێکی تر کەوتە بازاڕەوەو کڕیارو فرۆشیاری پەیدا کرد • بەو چەشنە باری رۆشنبیریی لەوە ترازا هەر بریتی بێ لەچەند کتیخانەیەکی تایبەتیی و ئاڵو گۆڕ کردنی کتێب لەسنوورێکی تەسکدا گیر بخوا •

بێ گومان ئەگەر داهێنانی چاپخانە نەبوایە ، نووسین و خوێندنەوەو فێربوون بەگشتیی هەر بەنسیبی توێژێکی سەرووی کۆمەڵ وپیاوانی ئاین دەبوون و بەس • بەلام بە هۆی چاپخانەی

نوێوه ، بەسەرێك ژمارەیەكی زۆر كتێب لەچاپ دەدراو بەسەرێكی تریش نرخەكەی دەهاتە خوارەوەو هەرزانتر دەبوو • بەو جۆرە كتێبی خوێندنو فێربوون گەیشتە دەست چینە هەژارو نەدارەكان • جا هەرچەندە « گۆتینبرگ »و هاوبەشەكانی تاماوەیەكی زۆر هەوڵیاندا پارێزگاریی نهێنیی داهێنراوەكەیان بكەن ، كەچی زۆری نەخایاند لە ئەڵمانیاو وولاتە ئەوروپایییەكانو لەسەرو هەموویانەوە لە ئیتالیای لانكەی رێنیسانسدا بڵاو بووەوەو نیو سەدەو چەند ساڵێكی نەبرد ئەو كتێبانەی بەهۆی پیتی بزێوەوە لە ئەوروپادا چاپكران گەیشتە «٣٠» هەزار دانە • خۆ ئەگەر تێكڕای هەر كتێبە بە «٣٠٠» دانە دابنرێ ، ئەوا لەماوەی نزیكی «٦٠» ساڵدا «٩» ملیۆن كتێب چاپكراوە • دیارە ئەم دیاردەیەیش سەرەتایەكی گرنگ بوو بۆ بنیات نانی بنچینەیەكی مادیی ئەوتۆ زانستو رۆشنبیریی لەسایەیدا بەو ئەندازە گەورەیە گەشە بكەن كە بەخێرایی رووی جیهانی گۆڕی • هەر لەبەر ئەوەیشە مێژوونووسان داهێنانەكەی «گۆتینبرگ» بە گەورەترین دیاریی گەلی ئەڵمانیا دادەنێن كە ناوبراو لەسەدەی پانزەهەمدا پێشكەش بەمرۆڤایەتی كردو تەنانەت یەكێك لەم بارەیەوە ، ووتوویە : « داهێنانەكەی گۆیتنبرگ لەو جۆرە كارانەیە كە یەكجار روو دەدەنو دووبارە نابنەوە»(١) •

٦ ـ جا ئەگەر ئەم هەموو گۆڕانكارییە بنەڕەتییو داهێنانە

G. C. Sellery. Op. Cit. P. P. 234.

گەورانە لەگەڵ ڕێنیسانسدا سەریان هەڵدابێ‌و زیاتر لەناو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا ناکۆکی‌و ململانێی تیژ کردبێ ، شتێکی سەیر نی‌یە ، چونکە هەموو ئەو دیاردانە بە ئاشکرا سیمای یاخی‌بوونیان دژی دەرەبەگایەتی‌و کڵێسەی کوتۆلیکی پێوە دیار بوو •

بە جۆرێکی تر بڵێین : کاکڵەی بیری بۆرژوای تازەپێگەیشتوویان پێك دەهێنا • ئەمە جگە لەوەی کە دیاردەی یاخی‌بوون ، بەتەنها لایەنێك‌و دووانی نەگرتەوە • بەڵکو بەشێوەیەکی مەوزوعی لە مەیدانی ئەو زانیاری‌یە تەجریبی‌یانەیشدا خۆیان دەنواند کە تاڕادەیەکی زۆر لە ئەدەب‌و سیاسەتەوە دوور بوون • چونکە سەرپاکی ئەو ئەنجامە گەورانەی زانایان بەدەستیان هێنا ، رووی راستەقینەی ئەو بیروباوەڕە دواکەوتووانەیان ریسوا دەکرد کە بە درێژایی چەند سەدەیەك مێشکی جەماوەریان ئیفلیج کردبوو •

لەبەرئەوە دەبینین هەڵوێستی توندوتیژی کڵێسە تەنها بەرامبەر بەو جۆرە کەسانە نەبوو کە بێ پێچ‌و پەنا دوژمنایەتی‌یان دەکرد • بگرە ژمارەیەکی زۆر زۆر لە ناودارانی ڕێنیسانسیشی گرتەوە‌و لەپێش هەموویشیانەوە زانایانی ئەو سەردەمە • باشترین بەڵگەی ئەم حەقیقەتەیش لەو جموجۆڵەدا دەردەکەوێ کە دادگاکانی پشکنین لەو کاتەدا نواندیان • بەنموونە : دام ودەزگای سەر بەکڵێسە نەك هەر بیروڕایەکانی «کۆپەر نیکۆس»ی رەت کردەوە ، بەڵکو ئەو کتێبەیشی قەدەغە کرد کە زۆربەی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو • هەمان هەڵوێتیشیان بەرامبەر بە «گالیلۆ» نیشان داو ناچاریان کرد

واز لەپشتگیریی کردنی تیورەکـەی «کۆپەرنیکۆس» بهێنێ کـە دەیووت : زەوی بە چواردەوری رۆژدا دەخولێتەوە • ئەمانەو زۆر زاناو رۆشنبیری دیـکەی سەردەمی رێنیسانس ، یان هـەموو تەمانیان لەزینـدانە تاریـکەکاندا بردە سـەر ، یاخود بە زیندوویی دەسووتێنران • زانای گـەورەی ئیتالیای «جیۆردانۆ برۆنۆ» پاش ئەوەی هەشت ساڵی رەبەق لەزیندانەکانی داداگـای پشـکنین‌داو لەژێر زەبری ئازارو ئەشکەنجەدا ناڵاندی ، لـە مانـگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٠٠ داو لەگۆڕەپانێکی شاری «رۆما»دا بـە پێش چاوی خەڵکەوە ئاگری تێبەر درا(١) • سەبارەت بەوەیش کـە زمـانەوانی فەرەنسایی «دولیە» بەهۆی چاپخانە تایبەتی‌یەکـەی خـۆیەوە ، بیروڕای هومانیستانی بڵاودەکردەوە ، لەمانـگی ئابی ساڵی ١٥٤٦دا لەگۆڕەپانێکی «پاریس»دا سووتێنرا • بەڵام هـەموو ئـەم کردەوە ناڕەوایانە لەبەردەم رەوتی بـەرەو پێشەوەچووی مرۆڤایەتیدا بێهوودە بوون • چونـکە مەحـاڵە بەری خۆر بـە بێژنـگ بـگیرێو رەوڕەوەی مێـژوو بەرەودوا بگەڕێنرێتەوە ، جـوانترین بەڵـگەی ئـەم راستی‌یەیش پەیـکەرە لووت بەرزو شکۆدارەکەی «دولیە»یە کە لەساڵی ١٨٨٩زداو هەر لەو شوێنەی تیێـدا سووتێنرا ، بەئاهەنگێکی قەشەنگ پەردەی لەسـەر لابراو

---

(١) «برۆنۆ» لەکـاتی لێپرسینەوەدا بـەو پەڕی ئازایەتی‌یەوە بەرگریی لە بیروڕایەکانی خۆی کرد • تەنانەت لەو کاتەدا کە بڕیاری سووتاندنیان‌دا ، بەگاڵتە پێ کردنەوە بەدادگای ووت: وابزانم ئێوە زۆر لە من زیاتر لەو بڕیارە دەترسن •

سەلماندی کە نە سەرکوت کردنو نە سوتاندنی جەستەی ئادەمیزاد ، ناتوانن بیـــری بـەرزو گیـــانی پیرۆزی لـــەناو بـبـــەن • ئا بـــەو جـــۆرە شـــانۆی تراژیدیاکـەی ساڵی ١٥٤٦ لەپاش «٣١٣» ساڵ بووە گۆڕەپانێکی رازاوەی «پاریس»و بەبێ دەنـگیی جوانترین چیرۆكو رازاوەترین پەندو داستان بۆ نەوە لـەدوای نەوەی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە •

لـە بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کەدێینە ســـەر باسی ناودارانی رێنیسانس ، چـەند قوربانییەکی تری دادگای پشکنین بەنموونە دەهێنینەوە • وەنەبێ زەبروزەنگی دادگای پشکنین بـە تەنها ئەنجامی ئەو ململانێیە بوو بێ کـــە لەنێوان کۆنو نوێدا رووی‌دا ، نەخێـــر • بەڵکو هەرچییەکیان دەکـرد هـــەوڵو کۆششێـکی بێ‌ســـەمەر بوو ، بۆ هێشتنـەوەو درێـژە پێـــدانی سیستەمێك بیروباوەڕی نوێ لەناخەوە پووکاندبوویەوەو نەیدەتوانی چی تر خۆی بەپێوە رابگرێ •

٧ ـ ســەردەمی رێنیسانس گۆڕانێـکی راستەقینەی لەژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتدا بەرپا کرد ؟ دیارە ئەمـــەیش ئەنجـامی دوو هۆی گـەورە بوو :

یەکەم : هومانیستەکان تێ‌روانینێکی نوێیان هەبوو بەرامبەر تاکەکەسی ناو کۆمەڵێك ئافرەت نیوەی پێك دەهێنێ •

دووەم : شێوازی بەرهەم هێنان بەتایبەتی لەسەرەتای سـەر هەڵدانی سەرمایەداریدا ، لەجاران زیاتر پێویستی بـە هێـزی کارکردن بوو ، بـە ڕادەیەك دەیویست سـوود لەوزەو توانای ئافرەتیش وەربگرێ • بە هەرحـاڵ لەسـەردەمی ڕێنیسانسدا ئافرەتی ئەوروپایی خۆی گەیاند مەیدانی بەرهەم هێنانی پیشەسازیی‌و نووسین‌و تەختـەی شـانۆو تـەنانەت لـە مشت‌و مـڕی فەلسەفیشدا بەشداریی دەکرد • بـەو پێیە پلەی کۆمـەڵایەتی گەیشتە ئاستێکی بالاتر ، بەتایبەتی لە شارەکانی ئیتالیادا کـە بارو زرووفێـکی گونجاو تریان بۆ ڕەخساو ئافرەت بووە خـاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ئێجگار قووڵ(١) •

ئەنجامـەکانی ڕێنیسانس‌و بزووتنەوەی مرۆڤایەتی جـگە لەوانەی پێشتر باسیان کرا ، زۆر ئەنجامی دیـکەی لەمـەیدانی داهێنانی هونەریی‌و گەشەکردنی بیرو بەرهەمی ئەدەبی‌و تێـکڕای زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هێنـایە کـایەوەو بەئاشکرا لەسەربردەی ژیان‌و داهێنانی ناودارە نەمرەکانی ئەو قۆناغەدا بەرجەستە دەبن •



(١) Renaissance and Reformation, 1300 - 1648. Edited by G. R. Elton. Second Edition. New York - London. P. P. 85 - 86.

بەشی چوارەم

نەمران

لەبەر رۆشنایی لاپەڕەکانی پێشەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە رێنیسانس رۆڵێکی گەورەی لەژیانی رۆشنبیری وولاتە ئەوروپایی‌کاندا بینیوەو کاری لەسەرجەم بیرو هونەری مرۆڤایەتی کردووەو چرایەکی درەوشەداری شارستانیەتی مرۆڤایەتی‌یە .

هەر لەو سەردەمەدا بوو ، بەرهەمە ئەدەبی‌و هونەری‌یە نەمرەکان گەیشتنە لوتکەی جوانی‌ی . هەر بەهۆی سەردەمی رێنیسانسیشەوە زیندووکردنەوەی کەلەپووری کۆن ئەو گۆڕانە مەزنەی بەسەردا هات‌و زانست‌و فەلسەفەو زانیاری‌یە سروشتی‌و مرۆڤایەتی‌و پەروەردەیی‌یەکان‌و یاساو سیاسەت‌و زۆر لایەنی دیکەیشی گرتەوە .

وەك لەپێشەوە باسکرا ، سەرپاکی گەلانی ئەوروپا بەشداری‌یان لە سەردەمی رێنیسانسدا کردو سامانێکی گەورەو

شاراوەی فۆلکلۆری میللیی‌و نەریتی نەتەوەیی‌و تاقی‌کردنەوەی رابوردوویان سەر لەنوێ خستەوە بەردەست • ئەمە جگە لەوەی چەندین رۆڵەی مەزنی پێ گەیاندو هەموویان بە پەرۆشەوە، لە پێناوی بەرەوپێشەوە بردنی رەوڕەوەی مێژووی کۆمەڵدا ئامادەی کارکردن‌و خۆبەخت کردن بوون •

زۆربەی هومانیستان سوور بوون لەسەر ئەوەی بێ ووچان کۆشش بکەن، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئادەمیزاد بەزانایی لەدایك نابێ‌و تەنهاهەوڵ‌و تەقەلای بەردەوام دەیگەیەنێتە ئەو پلەیە • خۆیشیان نموونەی ئەو ئادەمیزادەن لە پلەی کەماڵیان نزیك کردەوە، چونکە شەوو رۆژ خۆیان دەڕەتاندو دڵسۆزانە کاریان دەکردو هەم سوودیان لە خەڵکی وەردەگرت‌و هەم سوودیان پێ دەگەیاندن •

لێرەدا دەتوانین ووتەیەکی «پییەر پاولۆ»ی هومانیستی ئیتالیایی بە نموونە بهێنینەوە کە ئەوپەڕی بەختیاریی لەکۆششی بێ ووچاندا دەبینییەوە، بەرادەیەك شەوی بەمردن شوبهاندووە، وەك دەی ووت: «نووستن کات بەفیڕۆ دەدا»•هەر لەو بارەیەوە لە ووتارێکیدا کە ئاڕاستەی زانایانی کرد دەڵێ: ئەو کەسەی ئارەق برێژێ بەسەر هەموو تەنگو چەڵەمەیەکدا زاڵ دەبێ‌و دەگاتە پایەی خۆی(١) • ئا بەم گیانە بەرزەوە پیاوانی سەردەمی رێنیسانس

(١) ن٠ف٠ بیفیاکینا ـ پییەر پاولۆی هومانیست ٠ زانایان‌و کاری فیکریی ٠ «ئابوریی‌و سیاسەت‌و کەلتووری ئەوروپا

کــــاریان دەکرد •

راستی‌یەکەی کەس بۆی نالویٚ سەرژمێری یەك‌بەیەك ناوی زاناو نیگارکێش‌و نووسەرانی ئەو سەردەمە بــکا ، چونــکە سەدان ناوی درەوشەدار هــــەن ، وەك لەبەشی خاسی‌یەت‌و ئەنجامەکانی رێنیسانسدا ووتمــــان ، بەرهــــەمی نەمریان بۆ بەجێ هێشتووین •
لێرەیش بەدواوە هــــەوڵ دەدەین چــــەند بیروڕایەکی گشتی‌ی سەبارەت بە جموجۆڵی هەندێــکی تر لەو کەڵەپیاوانە بخەینــــە پێش چــــاو ، تاوەکو وێنەیەکی راستەقینەی رێنیسانس لەقۆناغــە جیاجیاکانیدا نیشان بدەین •

پێشەوایانی رێنیسانس

گومان لەوەدا نی‌یە کە دەرکەوتنی پێشەوایانی رێنیسانس‌و سەرهــــەڵدانی بزووتنــــەوەی مرۆڤایەتی لەئیتالیادا =۱ باروزووفی مێژوویی رەخساندنی وگەشەی پێ کردن •

«دانتی» و «پەترارك» و «بۆکاشیۆ» کــــە سێ زانای ئــــەو ســــەردەمەن بەردی بناغــەیان بۆ تەلاری بەرزو بڵندی رێنیسانس داڕشت • هــــەر لەبەر ئەوەیش بیــــرو جموجۆڵیان بایەخێــــکی تایبەتی‌یان پێ دەدرێ‌و بەهۆیانەوە دەتوانرێ دەست‌نیشانی لایەنــە ئنچینەیی‌یەکانی قۆناغی یەکەمی رێنیسانس بکرێ •

= لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، بەزمانی رووسی ـ مۆسکۆ ۱۹۷۲ ل ۳٤۲ •

«دانتی» ١٢٦٥ ـ ١٣٢١ز

«دانتی ئەلیگیری» شاعیرێـــکی ناســـراوی ئیتالیایەو لای هەمووان یەکـــەمین مۆژدەدەری ســـەردەمی رێنیسانسە • لـە «فلۆرەنسا» لەدایك بووەو لەژیانی سیاسیدا هاوبەشی‌یەکی دیاری کردووە • لەرووی فیکری‌یەوە ســەر بەو رێبازە سیاسی‌یانە بوو کـە دژی دەســەڵاتدارانی ســەردەمەکەی بوون • هـــەر لەبەر ئەمەیش بوو پاشملە حوکم دراو تا ئەوکاتەی لـە «راڤنا» گیـــانی بەخاك سپارد ، ئاوارەو دەربەدەری نیشتمان بوو •

«دانتی» رۆشنبیرترین کـەسی سەردەمەکـەی خـۆیەتی(١) ۆیە توانی لە لایەنە گرنگ‌و نادیارەکانی رەوتی گەشەکردنی ژیان‌و کۆمەڵ بەشێوەیەك تێ بـگا کـە بۆ ئەو کاتە تێ‌گەیشتنیان کارێـکی هەروا ئاسان نەبوو •

«دانتی» پەنجەی بۆ ئەوە راکێشا کە زمانی نەتەوەیی لەتوانایدا هەیە پاڵ بە میللەتەوە بنێ‌و گۆڕانێکی بنەڕەتی‌ی تێدا پێك بهێنێ • بەو هەڵوێستەیشی بووە دیارترین ئەو پێشەوایانەی داوایان دەکرد لەبەرهەمی ئەدەبیدا لـە بری لاتینی زمانی ئیتالیایی بەکار بهێنرێ • ئـەم بانـگەوازەیش لـــەناو رۆشنبیرانی «فلۆرەنسا»دا بەجـۆرێك

(١) هەندێك سوورن لەسەر ئەوەی کە لێکۆلینەوەیەکی تێرو تەسەڵ سەبارەت بـە «دانتی»و وەرگێرانی «کۆمیـــدیا» بەنیسبەت پسپۆرانی ئەورووپاوە ـ ئەگەر باروزرووفێکی گونجاویان بۆ برەخسێ ـ پێویستی بە ـ ٢٠ ساڵ دەبێ •

دەنگی دایەوە ، رۆشنبیران وەك خۆیان دەیان ووت : هەستیان بە «تام وچێژی شێوەی نوێ دەکرد»(١) • لەسەرەتاوە نووسینەکانی «دانتی» رۆڵێـکی گرنگیان گێڕاو ئەم رێبازە تازەیەیان چەسپاند • چونکە لە داڕشتندا ئاوازێـکی ناسكو تەڕوبڕی پێ دەبەخشین ، بەمەیش ژمارەیەکی زۆر نووسەرو خوێنەری بەلای خۆیدا راکێشاو هـانی‌دان بایەخی پێبدەنو چێژی لێوەربگرنو سەرەتایەکی گرنگیش بوو ، تاوەکو ئەدەب لەچوارچێوە ئەکادیمیایی‌یە تەنگەبەرەکەی سەدەی ناوەڕاست دەرباز بـکا • بەو پێیە ئەم لایەنە فیکری‌یە گرنگە لەوە دەرچوو تەنها بابەتی فێرکردنی ئەو توێژە هەڵبژاردەیە بێ کە زمانە کۆنەکانیان دەزانی ، بەپێچەوانەوە هێزی داهێنەرانەی کەوتە بەردەست کۆمەلانی خەڵك •

«دانتی» ئـەوەندە پەرۆشی زمـانی نەتـەوەیی بوو ، هـەر بەنووسینەوە رانەوەستا ، بەڵـکو وەك زانایەکی زمانشوناس چـی توانای هەبوو تەرخانی کردو هەمیشە پێی لەسەر گرنگی‌ی هێزی دەربڕینی دادەگرتو چەند باسێکیشی «لەبارەی زمانی زارەکی»یەوە نووسی(١) ویەکـەم کتێبی بەراوردکـاریی لەبارەی زمـانو

(١) ١٠٤٠ جوبیر ـ دانتی ـ «مێژووی جیهان» بەزمانی رووسی • بەرگی سێیەم ل : ٦٢١ •

(١) «دانتی» بۆیە ئەو کتێبەی بەزمانی لاتینی نووسی تاوەکو سەرنجی نووسەرو زانایان بۆ ئەوە رابکێشێ کە تاچ رادەیەك زمانی ئیتالیایی توانای دەربڕینی هەیە • لەوەیش دەترسـا گـەر بێتو بەئیتالیایی بینووسێ ئەوانە پێیان شـەرم بێ بیخوێننەوەو دەستاو دەستی پێ بکەن •

١٩٩٤/٨/٢٨

شیعری رۆمانی‌یەوە دانا • خۆشەویستی‌ی زمانی نەتەوەیی لای «دانتی» گەیشتە پلەیەك بە «نانی جۆ»ی دەشوبهاند • چونکە لەو سەردەمەدا هەر ئەو جۆرە نانە ورگی هەزاران ئیتالیایی پڕ دەکرد ، لە کاتێکا جۆرە نایابەکان وەك زمانی لاتینی بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی تەرخان کرابوو • ئا ئەم شوبهاندنەو بەو سەرکەوتوویی یە مەغزاو مەبەستێکی ئەوەند قووڵی هەبوو ، وێنەیەکی ئاشکرای ڕێبازی فیکریی ئەم شاعیرە مەزنەمان دەخاتە بەردەست • ئەو دەیویست ، بۆ خەڵکیی ، بۆ گەلی ئیتالیا بنووسێ ، بۆیە زمانی جەماوەری هەڵبژاردو بەهۆیەوە لەگەڵیاندا دەدواو فێری دەکردن • بەڕوایەکی بەتینیشەوە دژی ئەو کەسانە ڕادەوەستا خۆی واتەنی بەچاوی سووکەوە تەماشای «زمانی ڕازاوەی میللی‌مان» دەکەن •

«دانتی» نۆبەرەی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی بریتی بوو لەکۆمەڵە شیعرێك و چەند پارچە پەخشانێك و ناوی نا «ژیانی نوێ» ، تێیدا چیرۆکی خۆشەویستی‌ی خۆی و کیژۆڵەی فلۆرەنسایی «پاتریس پۆرتیناری» دەگێڕێتەوە کە چۆن لەتەمەنی ٩ ساڵی‌یەوە کاری لەهەست و هۆشی کردووە • گەرچی لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا مەرگ ئاوقەی سەری دەبێ ؟ بەڵام دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی زۆربەی بەرهەمە شیعری‌یەکانی • گرنگی‌ی ئەم بەرهەمەی «دانتی» هەر لەوەدا نی‌یە کە تا چەند لەڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە ، نەخێر • بەڵکو گرنگی‌یەکەی لەوەدایە کە بە تاقی کردنەوە سەلماندی لەتوانادا هەیە مەسەلە واقیعی‌یەکانی ژیان

به شێوازێکی ئەدەبیو بەزمانی جەماوەر لە خەڵك بگەیەنرێ • بەم کارەیشی کۆتو پێوەندی ئەکادیمیی کلاسیزمی تێك شکاند کە مەیدانی بزووتنەوەی ئەدەبیی هێنابووەوە یەكو بواری لێ تەنیبوو •

ئەدەبیاتی «دانتی» چ لەرووی شێوەو چ لەرووی ناوەرۆکەوە لە شاکاری «کۆمیدیا» دا ـ کە دوای خۆی بە «کۆمیدیای یەزدانی» ناوبرا ـ گەیشتە لوتکە • ئەم بەرهەمە بەنرخەی بە گەوهەری درەوشەداری هەموو دیالێکتە ئیتالیایی‌یەکانو پەندی میللیو ئامۆژگاری بەنرخو نموونەی مێژوویی رازاندەوە • بایەخێکی تایبەتیشی بەدیالێکتی «تۆسکانیا» یی داو پێی لەسەر داگرت • لەرووی هونەریشەوە ، هارمۆنیایەکی ئەوتۆی پێ بەخشی لەو کاتەدا هیچ زمانێکی دیکەی ئەوروپایی ، پێی نەگەیشتبوو • سەرەنجامیش «کۆمیدیای یەزدانی» بووە بنکەیەکی پتەوی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ئیتالیا ، کە تا ئێستایش بەهۆی ئەو هەموو پەندو ئامۆژگاریو وردەکاری‌یەوەی پێی مشتوماڵ کراوە ، لە فەرهەنگی ئەو زمانەدا جێگای شیاوی خۆی داگیر کردووە • وەنەبێ بایەخی «کۆمیدیای یەزدانی» کە بریتی یە لە «١٠٠» سروودو نزیکەی «١٤» هەزار بەیت ، تەنها لەوەدا بێ کە فەرهەنگی زمانەوانیی دەوڵەمەند کردووە • ناوەرۆکی ئەو شاکارە پڕیەتی لە بیروڕای کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەلسەفی زۆر قووڵو پڕمانلو بەگژاچوونێکی ئاشکراو چاونەترسانەیە دژی یاساو نەریتی کۆنو

بەپێرەوە چوونێکی زیرەکانەیەو پێشوازیی لـــە دونیایەکی باشتر دەکا ، بەڵام لە قاڵبێکی خوازکاری «مستعار»دا •

« کۆمیـــدیای یەزدانی » بەیتێـکی شـیعریی خـــەیاڵی‌یەو نووسەرەکەی بەهۆیەوە دەچێتە ئـە دونیـا « قیامەت » کـە لە سـێ شوێن پێکهاتووە ، دۆزەخ « الجحیم » وخاوێنگە «المطهر»و بەهەشت « الفردوس » • « دانتی » لەم گەشتەیدا شاعیری بتپەرستـی رۆمانی «ڤیرجیل ۷۰ ـ ۱۹ پ•ز» دەکاتە رێنیشاندەری خۆیو قۆناغ بـــە قۆناغ دەیبـــا تا لەبەهەشتدا بەدیداری « باتریس »ی خۆشـەویستی شاد دەبێ • «دانتی» هەروا لەخۆوە « ڤیرجیل » ناکاتە شارەزاو رێ نیشاندەری ، ئەو لـەم هەڵبژاردنەی مەبەستێکی قووڵتری هەیـە •

« ڤیرجیل » هاوچەرخـی سـەردەمێك بوو ، خۆری شارستانیەت تێیدا بەرەو ئاوابوون هەنگاوی دەنا • لە شیعرەکانیـدا ئاواتەخوازی بەرەبەیانێك بوو « رۆژی سـەدەیەکـی زێرین »ی تێـدا هەڵبـێ • شـان بەشـانی ئەویشـس بەشـانو شکۆی ئەو یاساو نەریتانەی رۆمای کۆندا هـەڵی دەدا کە بەدڵو گیـان ئارەزووی دەکردنو باوەڕی بەمەزنی‌یان هەبوو • لەلایـــەکی تریشـەوە رەوشتی بەرزو بـێ هـــەوایی‌و جموجـــۆڵی بێ پایانو دڵسـۆزیی « ڤیرجیـــل » لای ناودارانـــی رێنیسـانس ، باشـــترین نموونـــەی ئادەمیـــزادی سەردەمەکەیان بوو • پێ بەپێی ئەمیشـــس ئافرەتێك لەگەڵیــــدا دەچێتـە بەهەشـت خۆشـەویسترین کەسیەتی • جا سـەرەڕای هێـزی خەیاڵی شـاعیرو خـۆ بەستنـەوەی بە خۆشـــەویستیی

« پاتریس »و یاساو نەریتی ئاینی عیسایی‌یەوە ، دەبینین شانازیی بە تاکەکەسی خێرخواو هاوچەرخەوە دەکا ، کە چۆن دەی گەیەنێتە بەهەشت‌و لەتەك خۆشەویسترین کەسیدا بەیەکتریان دەگەیەنێ •

« کۆمیدیای یەزدانی » بەگشتی‌ی ، مۆرکی پەندو ئامۆژگاریی ئاینی پێوە دیارە کە «دانتی» نەیدەتوانی خۆی لێ‌قوتار بکا•بەلام لەگەل ئەوەیشدا ناوەرۆکەکەی تیژترین رەخنەی ئەدەبی‌یە کە تائێستا ئاڕاستەی کەنیسەو پیاوانی سەر بەکەنیسە کرابێ • « دانتی » سروودی یەکەمیان بۆ رووداوەکانی ناو دۆزەخ تەرخان دەکاو تێیدا پەردە لەرووی خۆپەرستی‌ی و دلرەقی‌ی‌و چاوچنۆکی پیاوانی کەنیسە هەلدەمالێ • لەوەیش گرنگتر ئەوەیە کە لە سروودی نۆزدەهەمداو لەناو کلپەی ئاگری دۆزەخدا چاوی بەو قەشەو پاپایانە دەکەوێ کەقەوالەی خوالێ‌خۆشبوون ـ صکوك الغفران ـ یان فرۆشتووە • دەبینی ئەوانە لەگەل ئەو تاوانبارانەدا دەسووتێن کە لەم دونیا چەتەو رێگرو ساختەبازو دوزمان‌و بوختانکەرو خایەنی نیشتمان بوون • ئاگری هەمیشەیی دەکاتە نیشتەجێی ئەو پاپایانەی لەوە دونیا چاوی پێان دەکەوێ‌و گفتوگۆیان لەگەل دەکا • ئەمە لەکاتێکا رێزێکی زۆر لە شاعیرو فەیلەسوفە بت پەرستەکان دەنێ ، چونکە بەدلسۆزی‌یەوە خزمەتی زانست‌و کۆمەلیان کردووەو وەك دیمان یەکێکیش لەوانە هەلدەبژێرێ ودەیکاتە رێ نیشاندەر • خۆشەویسترین کەسی خۆیشی کە « پاتریس» بوو ، کردی‌یە نموونەی ئادەمیزادی سەردەمەکەی •

بەهەمان دەستوور « دانتی » بەشی دووەمی ئەوە دونیا کە بریتی‌یە لە خاوینگە « المطهر » بۆ فەرمانڕەوا بت‌پەرستەکانی «رۆمان» تەرخان دەکا ، چونکە ئەوانیش لەسەردەمی خۆیاندا بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە خزمەتی وولاتیان کردووەو ماوەی بەدرەوشتی‌ی‌و بەرتیل‌خواردنیان نەداوە • بێ گومان هەستی ناسك‌و باوەڕی نەگۆڕو پتەوی بەئاینی عیسایی وایان لێ کرد نەتوانێ لە «ئەعراف» زیاتر بەوانە رەوا ببینێ • بەم کارەیشی دەیانخاتە خانەیەکەوە لە پاپاکان بەچاکتریان دادەنێ • بەڵام ئەو جیاکردنەوەیە هەمان کات ڕێزە بۆ مرۆڤی سەردەمەکەی کە بەلایەوە کەس نایگاتێ •

هەرچۆنێك بێ تابلۆ بەرجەرگەکانی « کۆمیدیای یەزدانی » رەخنەیەکی ئاشکرایە لەکڵێسەو بانگهێشتنی خەڵکی‌یە بۆ ئەوەی پەیڕەوی رەوشتی جوان‌و نەریتی بەرزی نیشتمانی‌ی بکەن • لە کۆمیدیادا ، هەر ئەو جۆرە کەسانە بە بەهەشت شاد دەبن ، بێ ئەوەی حساب بۆ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەم دونیایان بکرێ •

هەموو ئەمانەی ووتران گرنگن‌و لەگرنگیش بەولاوەترن • بەڵام «کۆمیدیای یەزدانی» یەکێکیشە لەو چیرۆکانەی ناوەرۆکێکی قووڵی نیشتمانی‌ی هەیەو بە ئاشکرا تەعبیر لە بوونی نەتەوەیی گەلی ئیتالیا دەکا • نووسەری «کۆمیدیا» خەو بەیەکێتی‌ی ئیتالیاو نەهێشتنی شەڕو ناکۆکی ناوخۆیی‌یەوە دەبینێ‌و دەیەوێ دەسەڵاتی دونیایی لەدەست پاپاکان وەربگرێتەوە(١) • هەموو ئەمانەیش هەڵو

(١) بەر لەوەی «لۆرێنزۆ ڤالا» بیسەلمێنێ کە «بەخشی قوستەنتین»

مـــەرجی بنجینەیی بوون بۆ ئەوەی وولات لەرووی سیاسی‌یەوە نەش‌ونما بکا ٠

لــە « کۆمیدیای یەزدانی »دا خوێنــەر هەست بەسەرەتای ســەرهەڵدانــی ئایدۆلۆژیای ســەدەیەکــی نــوێ دەکــا ٠ بێجــگە لەمانەی باسکران « دانتی » لە ناوەرۆکی ئەم شاکــارەیداو بەهــۆی ئەو دیالــۆژەوە بەخەیــاڵ لــەنێوان کەســـانی جۆربەجــۆری نــاو « کۆمیدیا » کەیدا سازی دەکا ، دەیەوێ ئادەمیزادی نۆێی شــارە پەرەسەندووەکانی ئیتالیا نیشان بداو پێ لەسەر خودی مرۆڤ‌و نرخی بنیادەم دابگرێ کە خۆی واتەنی «هۆی هاتنە دونیای بۆ ئەوەیە بەرز بفڕێ ٠٠٠ » ٠ دانتی بەقووڵی‌ی دەڕوانێتـــە جــوانی‌ی سروشت‌و دیمەنە دڵفڕێنەکانی بەهەشتیش هـــەر لــەوێوە هەڵدەهێنجێ‌و دەیان‌نەخشێنێ ٠ لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سیمای هەرە دیاری « کۆمیــــدیای یەزدانی » ئەوەیە بە پەرۆشــەوە تەعبیــر لەبــەرەو پیشەوە چوونــی کۆمەڵ دەکاو بەگەش‌بینی‌یەوە دەڕوانێتە پاشەرۆژو بەباوەڕێکــی پتەوەوە خەڵکــی تێدەگەیەنێ کە دەتوانرێ چارەسەری هەموو گیروگرفتــەکانی کۆمــەڵگای بکرێ ٠ هەر ئــەم هۆیەیشــ بوو پاڵی بــە « دانتــی »یەوە نا ، بەیتە شــیعرێ‌یەکــەی نــاو بنــێ « کۆمیدیا » ؟ چونکە نووسەرانی سەدەی ناوەڕاســت بەو بەرهەمــە

بەڵگەنامەیەکی ساختەیە «دانتی» زۆر بەتوندی رەخنـــەی لێ گرت ، بێ ئەوەی بزانێ ئـــەم بەڵـــگەنامەیە شتێــکی دروستکراوە ٠ بڕوانە R. Weiss, Op. Cit., P. 43.

هونەرییانەیان دەووت « کۆمیدیا » کە بەگەشس بینیی کۆتایی‌یان دەهات‌و موژدەی خێرو خۆشی‌ی بە خەڵکی‌ی دەدا (١) • ئەمـە لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە ناوەرۆکی بەیتەکە هەمان مەفهوومی‌تری کۆمیـدیای بەسـەردا دەچەسپێ ، لـەو رووەوە کەئامـانجی رەخنەگرتنە لە ناتەواوی‌یەکانی کۆمەڵو نەریتی کۆن بەشێوەیەکـی پێـکەنیناوی • هەرچی ووشـەی «یەزدانی» یشـە ، ئەوانە پێوەیان لکاند کەدوای « دانتـی » دڵبەسـتەی بەیتەکـە بـوون • چونکـە ناوەرۆکیـکی چڕو ئامانجێـکی بەرزو پیـرۆزی دەبەخشی‌و تێیدا ئادەمیزادو سـروشت بەجوانترین شێوەی هونەریی نیشـان دەداو لەسـەر ئاوازێـکی مۆسیقایی رەوانو بێ گرێو گۆڵ مشت‌و مـاڵی دەکا • ئەمە جگە لەو ئاووهەوا روحی‌یەی بەو شێوازە قەشـەنگە پێکی دەهێنێ‌و بەسەرهاتەکانـی تێدا هەڵدەسووڕێنێ • پوختەی قسە ئەوەیە « کۆمیـدیای یەزدانی » بە ڕاستگۆیی‌یە بووە « ئاوێنەیەك چـی زانست‌و ئاوات‌و هەستی سـەردەمەکەی هەبوون تێدا رەنگیـان دەدایەوە »(٢) •

سەرەڕای ئەمانە ، دەبێ ئەوەیش لەیاد نەکرێ کە چ هەڵوێستی رۆژانەی « دانتی » وچ ناوەرۆکـی بەرهەمەکانی ـ تەنانەت کۆمیدیای

---

(١) کۆمیـدیا لەبنەڕەتدا لەووشەی (Komodia) ی کۆنەوە وەرگیـراوە کـە لەسەرەتادا مانای «گۆرانی‌ی پێکەنیناوی» دەگرتەوە •

(٢) A. J. Grant. Op. Cit.. P. 464 .

یەزدانی‌یەکەشی لـە کـەمو کـورتی بەدەرنەبوون • لـە سەردەمی دەربەدەریدا وپاشـں ئەوەی ناوچە بە ناوچەی ئیتالیا گەڕا توانی لەهـــۆی تێکشکانی وولاتەکـەی تێ بـگا ، بۆیە دەیووت و لەمەیشدا لەسـەر هەق بوو « پێویسـته هاوولاتیان لەناو خۆیانـدا یەك بگرن و واز لەناکۆکی بهێنن » • دواجار چـەند بیروڕایەکی ئایدیالیزمی‌یانەی دەربڕی کـە پێی وابوو لەبـەر ڕۆشنایی‌یاندا دەتوانرێ گیروگرفتە سیاسی‌یەکان چارەسـەر بکرێن ، وەك ئەوەی هەرکەسـە لای خۆیەوە گەشـە بە جیهانی مەعنەوی ئادەمیزاد بداو هەوڵ بدرێ خۆش‌ویستنی زانست لەدەروونی خەڵـکیدا بنج‌بەست بێ •

« دانتی » لـەم ڕوانگەیەوە بیـروڕا سیاسی‌یـەکانی دەخاتـە دووتوێی ئەو کتێبەوە کە ناوی « داوەت ـ الولیمة »ی لێ ناو بۆی تەواو نەکرا • جا لەبەر ئەوەی لەسەردەمی « دانتی »دا ئـەو بـارو زرووفە نەرەخسا لەسایەیدا ناکۆکـی‌و دووبەرەکـی‌ی ناوخۆی نێوان دەرەبەگایەتی گۆڕ بکرێ ، دەبینین بیر لە سیستەمێـکی پاشایەتی یەکگرتوو دەکاتەوە ، تاوەکو حوکمی بـەرانسەری جیـهان بکـا ، بەمەرجێك مەڵبەندی ئـەو رژێمـە وولاتـی ئیتالیـا بـێ • ئەوجـا ئیمپراتۆریەتـی پیرۆزی ڕۆمانی ـ کە هـەر بەناو مابوو ـ دەکـاتە « هیوای گەورەی جیهـانی مەسـیحی‌یەت » وباشـترین ڕێگایش بۆ پێکهێنانی یەکێتی‌ی ئیتالیا • ئا لـەم تێڕوانینەوە بەزمانی لاتینی کتێبێکی سـەبارەت بە پادشـایان نووسی‌و تێـدا زۆر بەتوندی ڕەخنـەی

لەرژێمی پاپایەتی دەگرێ ، لەهەمان کاتیشـدا شێوەی دەسەڵاتو کرۆکـی ئامانـجو ئاواتەکـانی ئیمپراتـۆر بە چاوێکـی ئەوەنـدە ئایدیالیزمی‌یەوە سـەیر دەکا زۆر لەواقیعی ژیانەوە دورن •

لێرەدا پێویستـە ئەو حەقیقەتەیشـی فەرامۆشـ نەکرێ کـە « دانتی » رای وابوو ، دەبێ ئەو سیسـتەمە سیاسـی‌یە لەگـەڵ پەرژەوەندی هـەموو جیهاندا بگونجێو هـەر ئەم گونجاندنەیش وادەکا بنیات نانی ئەو جۆرە رژێمە پێویسـتو ناچاریـی بێو (١)تا دوا هەناسـەیش بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە داوای دەکرد پەیوەنـدی نێوان دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ئاشـتیو ئاسایش دابمەزرێ •

لەمانـەوە بۆمان دەردەکەوێ کە « دانتی » لیهاتووانە پەنجەی خستە سەر ناتەواوی‌یەکانی کۆمەڵەکەیو بەقووڵی‌ی دەست نیشانی هۆیەکانی کـرد • بەڵام لەگەڵ ئـەم بیروڕا واقیعی‌یانـەیدا لە بـۆ ڕامـالینی کـەم وکوڕی کۆمەڵەکەی پێشنیازی دەکردن ، چەندین بیروڕای ئایدیالیزمی‌یانەو تەنانەت دواکـەوتووانەیشـ دەردەبڕێو لای وابوو گەر بێو پەیڕەو بکرێن دەیگەننە ئامانـجو خەونەکانـی دەهێننە دی • ئـەم شـێوە لێکدانەوەیەیشـ خۆی لەخۆیدا ئـەوە دەگـەیەنێ کـە بیری «دانتی» لـە ئاستێکدا نەبووە لە خـەوشو ناتەواوی پاك بووبێتەوە ؟ هەر بە حوکمی ئەم هەڵوێستە فیکری‌یەیش دەبینین پەرژەوەندی توێژە کۆمـەڵایەتی‌یە جیاجیاکان دەردەبڕێ •

(١) The Renaissance and the Reformation 1300 - 1600. P. P. 39 - 40 .

هەرچەندە «دانتی» لە دڵەوە دژی بیروئایدیای سەدەکانی ناوەڕاست بوو ، بەڵام بۆی نەلوا بەتەواوی لێیان پاك ببێتەوە • لەبەر ئەوە کە بێینە سەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی پێشەوای یەکەمی رۆژگاری رێنیسانس ، دەبێ حسابێکی وورديان بۆ بکەین چونکە ناوبراو « یەکەم شاعیری سەدەی نوێیە » و لەهەمان کاتیشدا « دوا شاعیری سەدەی ناوەڕاستە » •

بێ گومان هەموو ئەم خاڵانەی باسکران هیچ لە پلەو پایەی « دانتی » کەم ناکەنەوە • ئەو ، ئەوەندەی بەسە یەکەم کەس بوو لەسەدەیەکی تاریك وئەنگوستە چاودا داوای دەکرد جڵەو بۆ هەستی ئادەمیزاد بەرەڵڵا بکرێو دەیویست عەقڵ لەکۆت و پێوەند رزگار ببێ تاوەکو لەجیهان تێبگاو تاکە کەس لەکۆمەڵدا جێگای شیاوی خۆی بدرێتێ • لەم تێڕوانینەوە عەقڵی ئادەمیزادی لەخەوی دوورو درێژی سەدان ساڵە ڕاپەراندو پەتوندی دەستی لەیاساو نەریتی دەرەبەگایەتیو رێبازی کاتۆلیکی باو وەشاندو لایەقی ئەوەیە بەیەکەم موژدەدەری بیروڕای سەردەمی رێنیسانس ناوبیرێ • سەرەنجامیش بەرهەمەکانی بەرادەیەك کاریان لەئەدەبو هونەری جیهانیو بیرو باوەڕی سیاسی ئەوروپا کرد ، ژمارەیەکی زۆر نووسەرو شاعیرو پەیکەرتاشو نیگارکێشو مۆسیقاژەنی گەلان ئیلهامیان لێ وەردەگرتن ، بەتایبەتی لە « کۆمیدیا » کەی •

راستییەکەی تێکڕای هەموو ئەو نووسەرە ئەوروپاییانەی خۆیان لەیاساو نەریتی کڵێسە دەرباز کردبوو ، « دانتی » بەشاعیرێکی

داهێنەرو زانـایەکی مەزن لەقەڵەم دەدەن • لەووڵاتەکەی خۆیشیداو لەسـەدەی چواردەهەمەوە بەرهەمەکـانی راستەوخۆ بوونە هێزی باڵپێوەنـەری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەو نیشـتمانیی گەلـی ئیتالیا • ئەمەیشـ بەتەواوی لە نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەهەمدا دەردەکەوێ کە خەبات کردن لە پێناوی یەکێتیی ئیتالیادا گەیشـتە لوتکە • جگە لەوەی بیروڕای « دانتـی » لەناو ئـەو بزووتنـەوە میللییانـەدا خۆیان نواند کە لەدواییدا بەرپا بـوونو کڵێسە مۆری کفروورەفی نا بە تەختی تەوێڵیانەوە •

بەر لەوەی بچینە سـەر باسی پێشەوایانی دیکەی ڕێنیسانس ، پێویستـە دەست بۆ ئەوەیش رابـکێشین کـە زۆر بەڵگەی مەنتیقی هەن دەیسەلمێنن بیروڕای بە بنچینە عەرەبیی‌و بەدارشتن‌و مشت‌و ماڵ‌کراو ئیسلامی(١) لەوانە کتێبی ـ رسالة الغفران ـی «ئەبولعـەلای موعەڕی»و «الفتوحـات المكية»ی «ئیبن‌عەرەبی»دا باسکراون ، کاریان لـە «دانتی» کردووەو لە «کۆمیدیا» کـەیدا بەکاری هێناون •

مێژوونووسێکی وەك «ئاسن بلاسیوس» روونی دەکاتەوە کـە

---

(١) زنجیرەی ژمارە ٧ی ـ الموسوعة الصغیره ـ باسێـکی سەربەخۆیەو ـ عبدالمطلب صالح ـ بە ناونیشانی ـ دانتـی‌و المصادر العربية والاسلامية ـ نووسیویەتی • هەروەهـا بڕوانە : د• عبدالقادر احمد اليوسف • سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨٠ ـ ٢٨١ •

چەند سەدەیەك بەر لەوەی «دانتی» لەدایك ببێ ، ئەو باسانەی پەیوەندی‌یان بە شەورەویی «الاسراء»و چوون بۆ ئاسمان«المعراج»ەوە هەیە ، خراونەتە سەرزمانە ئەوروپایی‌یەکان • کابرایەکی سەر بەکڵێسەیش لەسەردەمی «دانتی»دا کتێبێکی داناوە تێیدا باسی ژیانی «موحەممەد» (د•خ•)و وەسفی چوونی بۆ ئاسمان‌و پردی سیراتی کردوەو بە زوویی لە ئەوروپادا بلاو بۆتەوە • ئەمە جگە لەوەی کە «دانتی» لەبەردەستی زانایەکی «فلۆرەنسا»یىدا پەروەردە بووەو شارەزایی‌یەکی باشی لەکەلتووری عەرەبیدا هەبووە • تەنانەت ئەم کار تێ‌کردنە کاتێك لەبەرهەمی شیعریی ئەو زانایەدا رەنگی داوەتەوە کە بیری «دانتی» تێدا گەیشتبووە ئستی پێ گەیشتن •

گومانیش لەوەدانی‌یە کە «دانتی»یەکی شارەزای ئەدەب‌و زانست‌و مێژوو بایەخێکی زۆری بەهەموو ئەو شتانە داوە کە مامۆستاکەی قسەی لێوە کردوون‌و خامەی رەنگینی دایهێناون •

کارکردنی چیرۆکی «هەزارویەك شەوە»یش لە «بۆکاشیۆ»ی پێشەوای سێ‌یەمی رێنیسانس(١) بەڵگەیەکی ترەو پاڵپشتێکی بەهێزی رایەکەی «بلاسیوس»ە • بەتایبەتی چونکە «بۆکاشیۆ»و «پەترارك»ی هاوەڵ‌و مامۆستای ئەو دوو زانایەن کە «دانتی» کاری تێ کردن‌و پەیرەوی رێبازەکەیان کرد •

---

١ لە شوێنێکی‌تری ئەم بەشەدا دێینەوە سەر ئەم باسە •

پەترارك ١٣٠٤ ـ ١٣٧٤ز :

شاعیرو نووسـەرو داهێنەری ئیتالیایی « فرانچێسكۆ پەترارك» (Petrarca) لەریزی پێشـەوەی هومانیستانی قۆناغی یەكـەمی رێنیسانس دادەنـرێ • ناوبراو سـەر بەخێزانێـكی بازرگـانی فلۆرەنسایی‌یە• ئەو كاتەی «دانتی» لەشار دەرپەرێنـرا ، بنەماڵـەی «پەترارك» یش لەبەر هەڵوێستی سیاسی‌یان دەربەدەر كران • پاش تیپەڕ بوونی دووسـاڵ بەسـەر ئەو رووداوەدا «پەترارك» لەدایك دەبێ • سەرەتا ، یاساو زانیاری ئاینی دەخوێنێ‌و بەكاروباری كڵێسەوە خەریك دەبێ • «پەترارك» لـە ناخەوە دڵبەستەی كەلتووری كۆن بوو • زیاد لەپێویستیش بایەخی بەزمانی لاتینی دەدا ، بەرادەیەك هیچ كام لە هومانیستان نەیـان دەتوانی وەك ئـەو زمانی لاتینی بەكـار بهێنن وبیرورایەكانیانی پێ دەربڕن • كەسیش وەك ئـەو پەرۆشی ساغ كردنەوەی دەستنووسـە كۆنەكان نەبوو • ئەو دەستنووسانەی لای ئەویش چنگ دەكەوتن لەرووی چەندیەتی‌و چۆنیەتی‌یەوە هیچ كتێبخانەیەك ، تەنانەت ئەوەی ڤاتیكانیش نەیدەتوانی شـان لـە شانی بدا(١) • «پەترارك» زۆربەی تەمـەنی خـۆی بۆ سـاغ كردنەوەی دەستنووسە كۆنەكان تەرخان كردو لەم رێگایەوە توانی زۆر دەستنووسی نەناسراوی زانا كۆنەكـان بدۆزێتـەوە ، وەك ئەوانەی نووسەرو بوێژی سیاسی رۆمان «شیشرۆن ١٠٦ـ٤٣پ ز» كـە بەئەندازەیەكی دیار سەرنجی راكێشا •

(١) R. Weiss, Op. Cit:, P.P. 24 - 26 .

«پەترارك» کــە دەیبینی بیروڕایەکانی لەگەڵ بیروباوەڕی سەدەی ناوەڕاستدا ناکۆکو دژبەیەکن ، دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە باشترین ڕێگا بۆ سەرفرازیی ئادەمیزادو خزمەتکردنی کۆمەڵو فیکر ، ئەو ڕێگایەیە پێشینان گرتوویانە • بۆیە وشەی Humanitas ی لاتینی لە نووسەرانی پێشوو خواستو چ خۆی‌و چ ئەوانەی دوای خۆی کاری تێ کردبوون دووبارەیان دەکردەوەو بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاریان دەهێنا • بێجگە لەمەیش بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا مەفهومی ئەو زاراوەیە بەکردەوە بچەسپێنێ • بەو پێیە «پەترارك» یەکەمین کەس بوو «زانستی مرۆڤایەتی» بەرامبەر لاهووت دانا • «پەترارك» لەپاڵ جموجۆڵو بیروڕایەکانیدا خاوەنی هەستێکی نیشتمانیی ئێجگار قووڵ بوو • ئەو کە دەسەڵاتداریتی ڕۆمانەکانی هەڵدەسەنگاند ، لای وابوو ڕۆژگاری ئەوان سەردەمی نموونەیی مێژووی باڵەوانێتیی وولاتەکەیەتی • لەبەر ئەوە وا بۆ مەسەلەکە دەچوو گوایە بەژیاندنەوەی یاساو نەریتی ئەو سەردەمە ، دەتوانرێ بنچینەیەکی بەو بۆ ژیانی ڕۆشنبیریی‌و سیاسی سەردەمەکەی دابمەزرێنێ‌و بەهۆیانەوە یەکێتیی ئیتالیایش کە هەردەم خەوی پێوە دەبینی ، پێك بهێنرێ • «کەس گومانی لەوە نییە گەر بێ‌و ڕۆما لەخۆی تێ بگا ، سەرلەنوێ ئازایەتییەکەی جارانی دەتەقێتەوە»(١) ئا بەم

---

(١) لە «أ٠أ٠جوبیر» وەرگیراوە • بڕوانە «مێژووی جیهان» بەزمانی رووسی • بەرگی سێیەم ل ٦٢٥ •

شێوەیە «پەترارك» ئـەو هــەستە نیشتمانیو ئاواتـە پیرۆزانەی لەدەروونیدا پەنگیان خواردبووەوە ، دەری دەبڕین • کــەوابوو ئامانجی «پەترارك» چ لەژیانو چ لەبـواری داهێنانـدا ئـەوەبوو خزمـەتی سەردەمەکەی خـۆی بـکاو چرای ڕۆشنی ئیش کردنو دڵسۆزی لە پیناوی گەلو نیشتماندا هەڵبکات •

لەسەر هەمان ڕێبازەکەی «دانتی» باوەڕی وابوو ، کـە دەبێ تاکەکەس بەخودی خۆیەوە ببەسترێتەوە نەك بەپێی بنەمـاڵەو رەچەڵەك حسابی بۆبکرێ • بەم هەڵوێستەیشی کەوتە سەنـگەری دژ بە چینی تۆرستکراتەوە ـ ئەگەرچی خۆیشی سەر بەو چینـە بوو ـ وئەنجامیش لە ساڵی ١٣٤٧دا پشتگیریی ئەو ڕاپەڕینەی کرد کـە لـە ڕۆما دژ بە دەرەبەگایەتی ســاز کرا • تێــکڕای ئـەم هەڵوێستو بیروڕایانە لـە بەرهەمـەکانی «پەترارك»دا تەعبیریان لەخــۆیان دەکرد(١) • ناوبراو هەروەك شیعری دەووت ، باسی مێژووییو سیاسیو ئەخلاقیىو فەلسەفیشی دەنووسیو یەکێك لــە شاکارەکانی کـە ناوی «گیـانی بەرز»ی لێ نا ، بۆ ڕاپەڕینەکـەی «ڕۆما»ی تەرخان کردبوو • لــە شاکارێـکی دیکەیدا بانگ بۆ یەکێتیـــی هــەڵدەداو داوا دەکــا دەستبەرداری ناکۆکـیو دووبەرەکیی بینو ناونیشانی «ئیتالیای نیشتمانم» (Italia mia) ی بۆ هەڵدەبژێرێ • ئەم بەرهــەمەیان چ لەرووی شێوە ، چ لــەرووی

---

(١) «پەترارك» ژمارەیەکی زۆر نووسینی هەیە بەڵام بەشـێکی باشی فەوتاوە •
R. Weiss, Op. Cit., P. 33.

ئەوەرۆکـــەوە تا ئێستایش نرخی خۆی لەدەست نەداوە • کتێبی «ئەفریقا»یشی بەگیانێکی نیشتمان پەروەرانەی بەرز ئاوێتە کردووە • لەچـەند بەرهەمێکی گرنگیدا بەتوندی رەخنە لەلایەنە خراپەکـانی کڵێسە دەگرێ ، بەتایبەتی لەو شیعرانەیدا کـــە ناوی «نامـــە بێ ناونیشانەکان»ی لێ ناون • دەبێ پەنجەیش بۆ ئەوە رابکێشین کـە خۆشەویستیی «پەترارك» سەبارەت بە «لاورا» بووە سەرچاوەیەکی تری ئیلهامی زۆر لەبەرهەمە ئەدەبی یەکانی • بەڵام ئەم بەپێچەوانەی «دانتی» یەوە لەشیعرو نووسینەکانیدا بـــە شێوەیەکی راستەوخۆ لەدەوری گیروگرفتەکانی ئەم دونیـــا خولی ئەخوارد • لەگـــەڵ ئەوەیشـــدا «پەترارك» بـە تەواوی لـــە بەکارهێنانی مەجـــازو خوازکاریی دوور نەکەوتەوەو هەوڵیدا لێهاتووانە واتای بـــەرزی ناوی خۆشەویستەکەی بەتەعبیری مەجـــازیی بەکـــاربهێنێ(١) • سەرەڕای ئەمەیش شێوازی دەربڕینی لـــە ئاست گوێچکەو دڵو مێشکی خوێنـــەردا ئەوەندە بەهێز بوون ، هـــەست بەهارمۆنیایەکی سەرسووڕهێن دەکرا • جـا ئەگـەر «دانتی» لەو دونیا «ڤێرجیل»ی کردبێتە هاوڕێی خۆی ، ئەوا «پەترارك» یش پەنا دەباتە بەر ئـــەم شاعیرە بتپەرستە ، بەڵام بەشێوەیەکی نزیك لـــەم ژیانـــەوە •

---

(١) ناوی ئەو کچە لەووشەی (Lauro) وەرگیراوە کـە بەزمانی ئیتالیایی واتای گەڵا یان «تاجە گوڵینە» دەگەیەنێ • گریكو رۆمانەکـــانی زوو بەرەمزی ســـەرکەوتنو نەمریی و بەدەستهێنانیان داناوە •

بەنموونە لە یەکێك لە بەرهەمەکانی «ڤێرجیل» چەند مەسەلەیەکی دیاریکراو وەردەگرێ تا لە شیعرەکانیدا تەعبیریان پێ لە شوێنەوارەکانی ناپۆلی بکا، ئەم شێوە دەربڕینەو بەو راستەوخۆییە هەنگاوێکی گورج و خێرابوو رووەو ئاسۆیەکی فراوان و بەرین ؛ بەتایبەتی گەر مەودای کاتیی نێوان «دانتی»و «پەترارك» لەبەرچاوبگرین • لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کارکردنی «پەترارك» لەناوادارانی ئیتالیای سەردەمی رێنیسانس لە «دانتی» کەمتر نەبووە ؛ چونکە زۆربەی هومانیستانی سەردەمەکەی یان هاوەڵی نزیك ، یاخود قوتابی خۆی بوون • تەنانەت بیروباوەڕی «پەترارك» لەدەرەوەی ئیتالیا زۆر خێراتر لە بیروڕای هاوچەرخەکانیو زۆربەی هومانیستانی دوای خۆی بڵاوبووەوە • ئەوانە بەرادەیەك «پەترارك» کاری تێ کردبوون لەبەرهەمەکانیاندا ، لەنووسەرانی پێشوو زیاتر لاسایی ئەویان دەکردەوە • لەبەر ئەوە دەتوانین قسە لەقوتابخانەیەکی «پەترارك»ی تایبەتی بکەین ، کە نەك هەر لە ئیتالیادا تەشەنەی کرد بەڵکو گەیشتە ئەودیوی چیاکانی «ئەلپ»(١) •

«پەترارك» وەك خۆی دانی پێدا دەنێ ، سەرەڕای ئەو هەموو ئاوات و خواستەی لەپێناویدا کۆششی دەکرد ، بۆی نەکرا خۆی لە هەموو کۆت و زنجیری پێشوو رزگار بکا • بۆیە شتێکی سەیر نییە ئەگەر جۆرە ناکۆکییەك لەبیروڕاو هەڵوێستیدا بەدی بکەین ،

R. Weiss. Op. Cit, P. P. 27 - 29, 34. 86. 98 - 112. The Renaissance and the Reformation 1300 - 1600. P. 9 .

وەك لە بیرو هەڵوێستی «دانتی» دا هەستی پێ دەکرا • «پەترارك» پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت ئەو هێزانەو بەو شێوەیەی ئەو باوەڕی پێیان هەبوو لەوە دەستەوسانترن بتوانن یەکێتیی ئیتالیا بەئەنجام بگەیەنن نائومێدی باڵی بەسەردا کێشاو پاشەو پاش گەڕایە دواوەو لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا وا بۆمەسەلەکە دەچوو گوایە تاکە ڕێگایەك هەبێ گیروگرفتی سیاسی وولاتەکەی چارەسەر بکا ئەوەیە : ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمان بژیەنرێتەوە • جگە لەوەیش خۆشویستنی ژیانو ئادەمیزاد زۆرجار لەتەك پەراگەندەی ئەو بیروڕایانەدا لەیەکیان دەدا کە لەکڵێسەدا پێی گۆش کرابوو • ئەم ناکۆکییە بەئاشکرا لە دووتوێی ئەو کتێبەیدا دەردەکەوێ کە لەگەڵ یەکێك لە پێشەوایانی زووی ئاینی مەسیحیدا مشتومڕ دەکاو رای خۆی بەرامبەر بەژیان دەردەبڕێ •

«پەترارك» دواساڵەکانی تەمەنی بەتەواوی لەدونیای دەرەوە پچڕاو تووشی گۆشەگیریی هات • بەو حاڵەیشەوە هەر بیری لای پاشەڕۆژو چارەنووسی نیشتمانەکەیو گیروگرفتەکانی میللەتو مەسەلە جەوهەرییەکانی ژیان بوو • لەبەر ئەوە پێویستە لە قۆناغی یەکەمی ڕێنیسانسدا جێگایەکی دیاری بۆ دابنرێو رادەی کارکردنیشی لە هومانیستانیتر دەستنیشان بکرێ ، بەتایبەتی «بوکاشیۆ»ی قوتابیو هاوڕێی هەرە نزیکی خۆی کە بەپێشەوای سێیەمی سەردەمی ڕێنیسانس ناسراوە •

« پۆکاشیۆ ١٣١٣ ـ ١٣٧٥ز » :

نووســەری ناوداری ئیتالیایی «جیۆڤانی پۆکاشیۆ» لە خێزانێکی بازرگانی فلۆرەنسایی لە پاریس لەدایك بووە • باوکی ئاواتە خواز بوو کورەکەی ببێتە بازرگـــان یاخـود پارێزەر • بەڵام «پۆکاشیۆ» ئارەزووی هیچ کـــام لـەم پیشانەی نەدەکرد • دوای ئـــەوەی گەڕایەوە بۆ ئیتالیا لەشاری «ناپۆلی» دەستی بەجموجۆڵی ئەدەبی ی کرد • لەو کاتەدا «ناپۆلی» لەبارودۆخێکی سەیردا دەژیا • بەسەرێك بەوپەڕی شانازی‌یەوە پەیرەوی نەریتی کۆن‌و سوارچاکی‌ی دەکرا ، بەسەرێکی تریش کۆمەڵێك لەهومانیستان هاتبوونە کایەوەو بانـگی سەردەمێکی نوێ‌یان بەگوێچکەی خەڵکیدا دەدا •

«پۆکاشیۆ» یەکێك بوو لەو کەسانەی لەلایەن شەخسی پادشای «ناپۆلی» یەوە رێزێکی زۆری لێ دەنراو تەنانـــەت کەوتیشە داوی خۆشەویستی‌ی «ماریا»ی کچە ناشەرعی‌یەکەی پادشاوەو ئەنجـــــام وەك چۆن «پاتریس پورتیناری»و «لاورا» کاریان لـە داهێنانەکانی «دانتی»و «پەترارك» کرد ، بەهەمان شێوەیش «ماریا» رۆڵێکی گرنگی لەژیانی «پوکاشیۆ»و داهێنـانەکانیدا بینی • ئەو کاتەی «پوکاشـیۆ» گـــەڕایەوە بۆ «فلۆرەنسا» لەهەرەتی لاوێتی‌و لوتـکەی جموجۆڵی ئەدەبیدا بوو ، لەبەر ئەوە پێشوازی‌یەکی گەرمی لێ کرا • هــــەر لەوکاتەدا چینی بۆرژوای تازەپێ‌گەیشتووی ئەو شارە بەسەر چینی ئۆرستۆکراتی دەسەڵاتداردا سـەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنابوو • ئەم باروزروفە نوێ‌یە ، هەل‌ومەرجێکی گونجاوی بۆ ئەو نووسەرە

گەورەیە رەخساند ، تاوەکو پـــەرە بەووزەو توانای خـۆی بـداو لەژیانی سیاسیدا بەکردەوە رۆڵی خۆی بگێڕێ • ئەم نووســـەرە لێهاتووە بەدڵو بەگیان پشتگیریی دەزگا جەمهووری‌یەکانی دەکردو چـــەند ئەرکێـــکی دیپلۆماسی گـــەورەی پێسپـــێردراو توانی سەرکەوتووانە بەجێیان بهێنێ • جا هەرچەندە «بۆکاشیو» لایـەنی چین‌و توێژە کۆمەڵایەتی‌یە چەوساوەکانی ناو کۆمـــەڵی نەگـرت ـ کە ئەوانیش کەوتبوونە خۆو دەیان‌ویست پەرژەوەندی‌یەکانیان مسۆگـەر بـکەن ـ ، بەڵام لەگـــەڵ ئەوەیشـــدا بیرکردنەوەی «بۆکاشیۆ» سیمایەکی دیموکراسی‌و نیشتمانی‌ی قووڵی هـــەبوو • ئەو دەی‌ویست پەیامەکەی «دانتی»و «پەترارك» بگەیەنێتە جێ ؛ بەم هـەڵۆیستەیشی توانی هەستی نیشتمان‌پەروەریتی لەناو جـەماوەردا بەرز بکاتەوە • بەوپەڕی توانایشی‌یەوە هەوڵی دەدا لە بەرهـــەمە ئەدەبی‌یەکانیدا پلەوپایەی زمـــانی نەتەوەیی ئیتالیا جێگیر بـــکاو بی‌چەسپێنێ ئەو زمـــانە زمانی نووسین‌و لێکۆڵینەوەیەو خۆیشی بـەو زمانە بەرهەمەکانی نووسی‌یەوە •

لوتکەی داهێنانی هونەریی «بۆکاشیۆ» لە شاکاری «دیکامیرۆن»دا دەردەکـەوێ • ئـەو بەرهەمـە بریتی‌یە لە سەد چیرۆکی کورت‌و بەسێ ساڵ لەنووسینی بووەوە • چیرۆکەکان لەسەر زمانی حـەوت کچ‌و سێ لاوەوە دەگێڕدرێنەوە کە لەکاتی رشانەوەکـەی ســـاڵی ۱۳٤۸دا شاری فلۆرەنسا بەجێ دەهێڵن‌و لـە ڤیللایەکی دەرەوەی شـــاردا دەشەوو دەرۆژ دەمێننەوەو هەریەکەیان رۆژی چیرۆکێك

دەگێڕنەوە • لەمەوە کتێبەکەی ناوی «دیکامیرۆن»ی لێنرا کە بەزمامی لاتینی واتای «یادداشتی دەرۆژە» دەگەیەنێ •

بابەتەکانی «دیکامیرۆن» باسی سەرچڵی‌ی‌و چاونەترسی‌ی هەندێ بازرگان دەکەن لەهەندەران • هەندێکیشیان بەشێوەیەکی زۆر جوان لەداستان‌و چیرۆکی فولکلۆریی دەماودەم وحیکایەتی رۆژهەلاتی پڕمانا وەرگیراون‌و سەرلەنوێ داڕێژراونەتەوە(١) • بەڵام رووداوی رۆژانەی کۆمەڵ لەناوەرۆکی گشتی‌ی چیروکەکانی «دیکامیرۆن»دا پلەی یەکەمیان پێ بەخشراوە • لەبەر ئەوە دەبینین پاڵەوانەکانی رۆڵەی کۆمەڵگای ئیتالیاین‌و هەر لەپادشاو سەرۆکەوە بیانگرە تاوەکو دەست وپێوەندو جووتیارە سادەکان دەگرنەوە • نووسەر بۆ گەیاندنی مەبەست چی ووزەو توانای هەیە بۆ ئەوەی‌تەرخان دەکا چیرۆکەکانی بخاتە قالبێکی گاڵتەجاری‌یەوە ، پەردە لەسەر هەڵس‌و کەوتی رەبەن‌و قەشەو تێکڕای پیاوانی کڵێسە هەڵدەماڵێ‌و ئاشکرای دەکا ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی مشەخۆرو ئینتەلاکردوو ساختەبازوو داوێن‌پیس‌و دووزمان‌و مەرایی‌کەرن • بەو چەشنە وبەهۆی ئەم شێوازە گاڵتەجاری‌یەوە ، ناخی خوێنەر دەهێنێتە پێکەنین • «بۆکاشیۆ» راستەوخۆ توخنی مەسەلە ئاینی‌یەکان نەکەوت ، بەڵام هەنگاوێکی چاو نەترسانەی نا بۆ

---

(١) هیچ دوور نی‌یە چیرۆکی «هەزارو یەکشەوە» کاری لە «بۆکاشیۆ» کردبێ ، بەتایبەتی چونکە لەسەردەمی شەڕی خاچ‌پەرستاندا ئەو چیرۆکە وەرگێردزایە سەر زمانی لاتینی •

ئاشکرا کردنی رووی راستەقینەی پیاوانی کەنیسەو پاشان کاری لەو رێبازە ئاینی‌یانەیش کرد کـــە لەپێناوی چـــارەسەرکردنی لایەنە سەلبی‌یەکانی رێبـــازی کاتۆلیکیدا بێ ترس‌و سڵەمینەوە ، هـــاتنە کایەوە • دەبێ ئەوەیش بووترێ کە ناوەرۆکی چیرۆکەکان پڕن لە نمونەی زیندوو ، تیایاندا باسی ســەرکەوتنی ئـەو یاسایانەی ژیـان دەکـا کـە لەتەك عەقڵی ئادەمیزادو پەرژەوەندی‌یەکانی ســـەدەی نوێدا دەگونجێن • بەجۆرێك دەڕوانێتە ئادەمیزاد کە داهێنەرێـکی گەورەی ژیانەو پێویستە لەشوێن‌و جێگای شیاوی خۆیدا دابنرێ •

«بۆکاشیۆ» بەمەوە نەوەستا بەڵـکو پەرەی بەو رایەیش‌دا کـە دەووترا : نابێ پلەو پایەی تاکەکەس بەو چاوەوە تەماشا بکرێ لــە چ خێزان‌و بنەماڵەیەکە ، بەڵـکو دەبێ کاروکردار بـکرێتە محەکی چاکـــەو پیاوەتی‌ی تاکەکـــەس • لێرەدا گرنگ ئەوەیە دەست بۆ ئەوەیش رایکێشین کـــە «بۆکاشیۆ» لەســـەر رێ‌و شوێنی «دانتی» نەڕۆیشت‌و پێویستی بـەوە نەبوو یەکێـکی وەك «ڤێرجیل» زینـدوو بـــکاتەوەو ئەو دونیـا بخولقێنێ‌و بەهۆیانەوە داخی دڵی لەدەست دیاردە ناهەموارەکانی کۆمەڵەکەی هەڵبڕێژێ ، نەخێر • «بۆکاشیۆ» پێ لەسەر زەمینەی واقیع دادەگرێ‌و لە «دیکامیرۆن»دا بەزمـــانی نەوەی نوێی ســـەر بەتوێژە کۆمەڵایەتی‌یە تازە پێ‌گەیشتووەکان قسە دەکاو نیشانی دەدا کـــە چۆن وەك مافیـــکی رەوای خۆیان بەرەنـگاری ناتەواوی‌یەکـانی واقیعی کۆمـــەڵایەتی دەبنـەوە • نووسەر بێ ئەوەی هەست بەخۆی بـکا ، هەروەك گوزەرانی چینی

بۆرژواو ئورستۆکراتی نیشان دەدا ، بە هەمان شێوەیش جیاوازیی نێوان ژیانی رۆژانەی ئەم چینە تازەپێگەیشتووەو چینە زەحمەتکێشەکان دەنەخشێنێ‌و دەری دەخا تا چ رادەیەك لەیەك دوورن . لەکاتێکا دە پاڵەوانەکەی « دیکامیرۆن » لەدەرەوەی شار ژیانیان بەسەردەبەن‌و خۆیان لەمەترسی‌ی دەپارێزن، لەناو شاردا نەخۆشی رشانەوە ژیانی سەدان کەسی سەربەچینە هەژارەکان هەڵدەلووشێ . سەرەڕای ئەمانە هەمووی « بۆکاشیۆ » وەك « دانتی »و « پەترارك » ی هاوچەرخی لەگێژاوی ئەو ناکۆکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یانەدا کە شارەکانی ئیتالیا تێیدا دەژیان‌و هەموو لایەنێکی فیکریشی گرتبووەوە ، دووچاری تەنگوچەڵەمەیەکی سایکۆلۆژی بوو بوو . ئەنجامیش پیاوێکی سەر بەکڵێسە کاری تێکردو وردە وردە لە بیروڕا دونیایی‌یەکانی پەشێمان بووەوە کە هەمیشە لە بەرهەمەکانیدا رەنگیان دەدایەوە . « پەترارك » یش نەبوایە کە « بۆکاشیۆ » بەرابەرو مامۆستای خۆی دەزانی ، ئەوا بەتەواوی دەستبەرداری هەموو جموجۆڵێکی ئەدەبیش دەبوو . سەرەڕای ئەمانەیش سالانی دوایی تەمەنی بۆ کاری زانستی‌ی تەرخان کردو دەستی دایە کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی دەستنووس‌و نووسینەوەی مێژوو ، بێجگە لەوەیش لەفلۆرەنسا کورسی‌یەکی تەرخان کرد بۆ شی‌کردنەوەی نووسینەکانی « دانتی » وخۆیشی لەسەر حەقدە سروودی « کۆمیدیای یەزدانی »ی نووسی‌و یەکەم کەسیشە مێژووی ژیانی

نووســـەرەکەی خستە دووتوێی کتێبێکەوە • هەتا هــەتایە ناوی « پۆکاشــیۆ » بە نەمریی دەمێنێتەوە ، چونکە چیرۆکی «دیکامیرۆن» ناوو شۆرەتێــکی جیهانیی بۆ وەدەســت هێناو ئەگــــەر لەتـــەك بەرهەمــەکانی « دانتــی »و « پەتــرارك »دا بەراورد بــکرێ ، قۆناغێکــی پێشــکەوتووی پەرەســەندنــی ئەدەبیاتی ئەوروپایی‌مــان نیشــان دەدا • ئەدەبیــاتی ســەرپاکی ئەوروپایش چ لە رۆژگــاری رێنیسانــس وچ‌لەقۆناغی دواتری‌دا قــەرزداری داهێنانەکانـــی « پۆکاشیۆ »یە (١) •

لە کۆتێکا کۆتایی بەباسی ئەو سێ پێشەوایە دەهێنین ، پێویستە جارێکی تریش ئــەو حەقیقەتە دووبارە بکەینەوە کە ســەرەڕای ئەو کەم وکووڕی‌یانەی لەبەرهــەم وبیــری ئەوانــەدا دەردەکــەون ، رۆڵێکی دیارو ئاشکرایان لە بووژاندنەوەی ئەوروپادا هــەبووەو هەر ئەوان بوون بەردی بناغەکەیان داناو پاشان لەگــەڵ رەوتــی پەرەسەندنی کۆمەڵــدا گەشــەیان پێ‌کراو لەجاران زیاتر نەشــو نمایان کرد •

شانازی‌یە بــۆ « دانتــی »و « پەترارك »و « پۆکاشــیۆ » کە توانی‌یان « ســەرەتای شۆڕشــێك لەمەیدانــی نووســیندا بەرپــا بــکەن »(٢) ودوای خۆیان کار بکەنە ســەر هەموو رێبازە فیکری‌یە نوێ‌یەکانو تێیاندا رەنگ بدەنەوە • لەوانەیشـــە « ئارازمــس ـ

---

(١) D. Hay, Op. Cit.. P. 80.

(٢)

ئیرازمۆس » یەکێك بێ لە دیارترین ئەو هومانیستانەی کە لەو قۆناغەدا ، رۆژگاری رێنیسانسی تێدا گەیشتە چڵە پۆپە ، بەئەندازەیەکی زۆر پەیرەوی ئەو سێ پێشەوایەی کردبێ •

ئارازمسی رۆتەردامی :

ئارامس (**١٤٦٦؟ - ١٥٣٦**) جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی بزووتنەوەی رووناکبیریی ئەوروپادا هەیە • ئەمەیش نەك لەبەر ئەوەی خاوەنی زەمینەیەکی فیکریی پتەو بوو ، بەڵکو لەبەر ئەوەیش کە شوێنپەنجەی بەسەر بزووتنەوەی فیکریی چەندین وڵاتی ئەوروپایییەوە دیارە •

لەشاری « رۆتەردام »ی سەر بە « هۆلەندا » لەدایك بوو • سەرەتای ژیانو خوێندنی لەناو کڵێسەکانی ئەو شارەدا دەست پێدەکاو دوایی بەنیازی ئەوەی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانیارییە ئایینییەکاندا وەربگرێ ، دەچێتە « پاریس »و هەر لەوێ دەبێتە عەمیدی کۆلیژی « دیفرانس » ونزیکەی شەش ساڵێکیش لەزانکۆکانی ئینگلستاندا دەرس دەڵێتەوە ، بەتایبەتی لەزانکۆی « کامبرج »و تا ئەو رۆژەی مەرگ شالاوی بۆ دەهێنێو لەشاری « بازل »ی سەر بە « سویسرا » چاو لێكدەنێ ، لە وڵاتانی « ئەڵمانیا »و « ئیتالیا »و « سویسرا » بە جموجۆڵی زانستییەوە خەریك دەبێ •

ناوو شۆرەتی « ئارازمس » وەك زمانەوانو زاناو نووسەرێکی لێهاتوو لەناو کۆڕە زانیاریو رۆشنبیرییەکانی

ئەوروپادا بەخێرایی بڵاو بووەوە • ناوبراو شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی لاتینیو گریکدا هەبوو ، چەند کتێبێکیشی بۆ لێکۆڵینەوەیان تەرخان کرد • بەڵام لەبەر ئەوەی بەلاتینی دەدواو پێی دەنووسی ، زیاتر بایەخی بەم زمانەیان دەدا •

گەورەترین ئیشێك « ئارازمس » ئەنجامیدا ئەوەبوو تێکستەکانی « ئینجیل »ی چەند کتێبێکی کۆنی کڵێسەی چەسپاندو بەوردیی‌و بە زمانێکی رەوان وەرگێڕانە سەر زمانی لاتینی • ئەم هەنگاوەیشی بووە هۆی ئەوەی خەڵکی بتوانن بە قووڵیی لە « ئینجیل » تێ بگەن ؛ بەتایبەتی چونکە « ئارازمس » هەر بە وەرگێڕانییەوە رانەوەستا ، بەڵکو تێکستەکانی ساغ کردەوەو رای خۆیشی لەسەریان دەربڕی •

یەکێك لەکارە مەزنەکانی دیکەی « ئارازمس » ئەوەبوو بەشێکی زۆری پەندی پێشینانی نووسەرانی پێشووی هەڵبژاردو کۆی کردنەوەو لێی کۆڵینەوە • بەمەیش توانی بیروڕا مرۆڤایەتییەکان بەخەڵکی بناسێنێ‌و لەکۆڕو کۆمەڵە رۆشنبیرییە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپادا بڵاویان بکاتەوە • ئەو بەرهەمەی کە ساڵی ١٥٠٠ز بەناونیشانی « کتێبی پەندەکان» لەنووسینەوەی بووەوە ، بە بەناودارترین بەرهەمی «ئارازمس» دادەنرێ‌و لە کۆمەڵێك پەندو ئامۆژگاریی‌و قسەی نەستەقی نووسەرانی پێشوو پێك‌هاتووەو خۆیشی بەخامەی رەنگینی کەوتە شەن‌و کەوکردنی ناوەرۆك‌و مەبەستی بابەتەکان‌و بیروڕای خۆی لەسەر دەربڕی •

هەموو ئەمانە وایان کرد ئەو کتێبە لەسەردەمی ڕێنیسانسدا ببێتە هاندەرێکی گەورەو خەڵکی بەپیر بیروڕای مرۆڤایەتی‌یەوە بچن‌و پاشان وەربگێڕدرێتە سەر چەندین زمانی ئەوروپایی‌و بەئەندازەیەکی فراوان تەشەنە بکا .

« ئارازمس » لە بیر کردنەوەیدا ، پابەندی باوەڕی مەسیحی‌ی بوو . هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ڕەوتی گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتی لە یاساو ئەخلاقی ئاینی مەسیحی باشتری بەخۆیەوە نەدیوە . هەر لەم ڕوانگەیەیشەوە دەیڕوانی‌یە زانیاریی‌و کەلتووری کۆن‌و لای وابوو زانایانی زوو سەرەتای قۆناغێکی باڵاتر بوون‌و زۆر لەوە پیرۆزترن دەستی دەستکاری‌یان بۆ درێژ بکرێ . لەبەر ئەوە دژی بزووتنەوەکەی « مارتن لۆتەر » ڕاوەستاو بەرەنگاری هومانیستی ئەڵمانی « ڤۆن هوتن » یش هات‌و سەرەنجام بۆ ئەم مەبەستە کتێبێکی بەناونیشانی « سەربەستی‌ی ئیرادە »وە داناو تێیدا زۆر بەتوندی هێرشی بردە سەر بیروڕایەکانی « مارتن لۆتەر »و بەرگریی لە سەربەستی‌ی ئیرادەی تاکەکەس دەکرد . سەرەڕای ئەمانەیشن ، بیروباوەڕی « ئارازمس » - بیەوێ ونەیەوێ - بووە هێزێکی کاریگەری ناو بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی . وەك باسکرا بەوورد‌یی « ئینجیل »و کتێبە ئاینی‌یە کۆنەکانی وەرگێڕاو بەتەواوی دەستی پیاوانی کڵێسەی خستە ڕوو . سەلماندیشی کە تا چ‌ڕادەیەك لە بیروڕای ئاینی مەسیحی لایان داوە . بێ‌گومان مەبەستیشی لەم کارەی ئەوەبوو

رووبەڕووی زوڵم‌و ستەمی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی بێتەوە .
هەروەها لە نووسینەکانیدا دەستی بۆ ئەوە رادەکێشا کە
خاوەنداریتیی تاکەکەس « الملكية الفردية »و جیاوازی
کۆمەڵایەتیی‌و هەژاریی تا چرادەیەك زیانی مەعنەوی بەکۆمەڵ
دەگەیەنن ، بەوەیشەوە رانەوەستا ، بەشێوازێکی گاڵتەجاریی
رەخنە لەقەشەکان دەگرێ‌و دەری دەخا ئەوانە لەژێر دروشمی
جۆربەجۆردا خۆیان حەشار داوەو راستییەکەی هەر خەریکی
خۆشیی‌و رابواردنی خۆیانن . ئەو کتێبەیشی کە بەناونیشانی
«لەبارەی ستایشی نەفامییەوە» بلاوی کردەوە،نموونەیەکی روون‌و
ئاشکرای رەخنەی توندوتیژی « ئارازمس »ە سەبارەت بە
یاساو نەریتی ئاینیی‌و سیاسیی‌ناڕەوای سەردەمەکەی‌و لەرێگەی
دەرخستنی هەڵس وکەوتی خەڵکی دووزمان‌و نەزان‌و
ساختەبازەوە ، زیرەکانە ناخی خوێنەر دەوروژێنێ‌و بەکوڵ
دەیهێنێتە پێکەنین‌و بەشێوازێکی هونەریی‌تر لە هاوچەرخەکانی ،
پەردە لەسەر حەقیقەتی پیاوانی کلێسە هەڵدەماڵێ . بەم کارەیشی
هەل‌و مەجێکی لەباری بۆ بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی رەخساند ،
تاوەکو لەکاتی خۆیدا وەك پێویست بتەقێتەوە ، بەتایبەتی چونکە
نووسینەکانی بەزوویی وەردەگێڕدرانە سەر زمانەکانی ترو لە
ناو خەڵکیدا رەواجێکی زیاتریان هەبوو . بەڕادەیەك ژمارەی هەموو
ئەو کتێبانەی چاپکران‌و لەپێش هەموویانەوە کتێبی « لەبارەی
ستایشی نەفامییەوە » گەیشتە هەزاران دانە . دیارە ئەم
ژمارەیەیش بۆ ئەو سەردەمە ئەوەندە گەورە بوو ، بەرهەمی

هیچ نووسەرێك پێی نەگەیشتبوو .

« ئارازمس »ی رۆتەردامی بە هەڵسو کەوت هێمن و لەبیر کردنەوەدا بەلای ئاشتی ی و لێبوردندا دای دەتاشی ، لەبەر ئەوە حەزی بە ئاڵو گۆڕی سیاسی ی کتوپڕو پشێوی نەدەکرد . بەپێچەوانەوە باوەڕی وابوو کە دەتوانرێ بەهۆی عەقڵو فێربوونەوە خەڵکی بخرێتە سەر رێگای راست . لای ئەو عەقڵی ئادەمیزاد بالاترین شتەو دەبێ هەموو بڕیارێکی دروست پشتی پێ ببەستێ . فەرمانڕەوای سەرکەوتوو دەبێ بەعەقڵ چارەسەری ناکۆکی و دووربەرەکی و شەڕی ناوخۆ بکاو هەر لەرێگای عەقڵیشەوە چارەسەر بۆ کێشەی نێودەوڵەتان بدۆزێتەوەو ئاشتی یەکی سەروەر دابمەزرێنێ . سەرپاکی ئەم بیروڕا سیاسی یانەیشی خستە دوو توێی ئەوکتێبەوە کە ناوی « پەروەردەی میری مەسیحی ی » لێ نابوو .

« ئارازمس » لەم کتێبەیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە میر هەموو توانای خۆی بخاتە کار تاوەکو لای گەل خۆشەویست بێ و مەرجە « خاوەن بەزەیی و بەتاقەت و هاودەم » بێ و دەبێ « وەزیرەکانیشی لەو کەسانە هەڵبژێرێ ئەم سیفەتانەتان تێدابێ »و هەوڵ بدات « وولاتەکەی بەباشی ی بناسێ »(١) .

لەم روانگەیەوە « ئارازمس » بایەخێکی زۆر بەلایەنی

---

(١)
Action and Conviction in Early Modern Europe. editors J. K. Rabb and J. E. Seigel, Princeton, 1969. P.P. 20 - 21 .

پەروەردەو فێر بوون دەداو کتێبێکیشی نووسـی تێـدا چەنـد بیروڕایەکی زۆر بەنرخ دەردەبڕێ • بە نموونـە : دژ بـە شێوازی فێرکردنـی دەرەبەگـایەتی دەوەسـتێو ئاشکرای دەکا زۆر لایەنی ئەو شێوە پەروەردەیە بـۆ رووالەتەو دۆگماتی‌یانە یاساکانی پەیرەو دەکرێن • « ئارازمس » هـەر بەمەیشـەوە راناوەسـتێ ، دژی دارکاری کردنی قوتابی دەوەستێو داوا دەکا شێوازی فێرکردن سووک بکرێو لای وایە دەبێ بەجۆرێك بێ لەگەڵ ئارەزووی قوتابیانـدا بگونجێ و گیانی داهێنانیان تێدا بژیەنێتـەوە • بەو چەشـنە دەبینیـن بیروڕاو رێبـازی « ئارازمس » مەودایەکـی فراوانو بەربـلاو وەردەگرێو بەلای زۆربەی مێژوونووسانەوە « ناودرترین کەسـە کە بزووتنەوەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیوە »(٢) • هەندێکی تریش بە « میری زانایان » (٣) ناوی دەبەن • لـەبەر ئەوە ئەگەر هەمووان دڵبەستەی بووبن شتێکی سەیرو سەرنج ڕاکێش نی‌یە • ئەوەتا لای چـەند پاشـایەکی ئەوروپایی بەتایبـەتی لای ئـەوانەی ئەم دەستگیرۆیی کردنو بەدەنـگیانەوە چـوو ، جێگایەکی شیاوی بۆ تەرخان کراوە • ئەمە جگەلەوەی توانیی زمانێکی هاوبەش لە نێوان زۆربەی هومانیستانی سەردەمەکەیدا بدۆزێتەوەو بیانکاتە هـاوڕێی

---

(١) Renaissance and Reformation 1300 - 1648. ed. by G. R. Elton, second edition. New York, London. 1968 P. 59

(٢) R. Palmer and J. Colton, Op. Cit., P. 59.

نزیکی خۆی • «تۆماس مۆر» که به پێشەوای بیری سۆشیال ئایدیالیزم ناسراوه ، یەکێکه لەو کەسانه •

سۆشیال ئایدیالیستەکان

لەو رۆژەوەی که جیاوازیی باری ژیان له نێوان چینه کۆمەڵایەتی یەکاندا پەیدا بووەو زوڵم‌و چەوساندنەوه ، دەسەڵاتی بەهێز بەسەر بێ هێزدا سەپێنراوه ، خەڵکه زۆرلێکراوەکه وێڵن بەدوای چارەسەرێکدا ژان‌و ئازارەکانیان کەم بکاتەوه • جا وەنەبێ هەوڵ وکۆششی ئەم چینه بەش‌خوراوه دژی واقیعه تاڵەکه بەتەنها سیمای پاڕانەوەو تەقینەوەو یاخی بوونی بەخۆیەوه لکاندبێ ، بەڵکو مۆرکی جۆربەجۆری پێوه نراوەو هەندێ جار لەپێناوی دوارۆژێکی باشتردا له دەریای بێ بنی خەیاڵدا کەوتوونه مەله کردن • ئەم دیاردەیەیش به روونی‌ی لە ئەدەبیاتی میللی‌ی گەلانی دونیادا دەردەکەوێ • لەسەردەمی گرێك‌و رۆمانی کۆندا ، داستانی «سەدەی زێرین» هاتە کایەوەو تێیدا کۆمەڵ بەجۆرێك دەنەخشێنێ هەرچی پێی بوترێ جیاوازیی‌و چەوساندنەوه لەگۆڕێ نی‌یه • له لایەکی تریشەوه ، چەندین زانا هەمان ئاواتی مرۆڤایەتی‌یان سەرلەنوێ‌و لەزەمینەی فیکریی جۆربەجۆرەوه مشت‌ومـاڵ کرد • «ئەفلاتون» لەبیرکردنەوەیدا ئایدیالیست بووو بەرگریی له «کۆمەڵگای کۆیلەیەتی»ی دەکرد ؛ کەچی هەمیشه خەوی به رژێمێکەوه دەبینی تێیدا زانایان جڵەوی

فەرمانڕەوایی بگرنە دەستو چەشنە خاوەندارێتی‌یەکی بە کۆمەڵ تێیـــدا پەیڕەو بـــکرێو پەروەردەی منـــاڵانیش بخرێتە ئەستۆی ئەو رژێمـــە • لەسەدەی دووەمی پێش‌زایندا نووســەری گریکی «یامبوڵ» گەشتێکی خەیاڵی‌ی بەناو دەریادا دەکاو ئەنجـــام دەگاتە دۆرگەیەك دەکەوێتە خوارووی نیمچەدۆرگەی عەرەبەوە کە خێڵێکی بەختیار تێیدا دەژینو ئەوەی پێی بوترێ چەوساندنەوەو جیاوازیی لە ناویاندا نی‌یە •

نووسەر لای خۆیەوە ژیانی ئەم خێڵە بەنموونەی ژیانێـــکی ئایدیایی دادەنێ • لەســەدەی ناوەڕاســتداو تەنانــەت دوای ئــەو سەدەیەیش خەڵـکی خەونیان بەوەوە دەدی ئایدیای زووی ئاینی مەسیحی‌ی لەبارەی یەکسانی‌ی‌و برایەتی‌یەوە بژیەننەوە • ئـــەم رێبازە فیکری‌یە لەگەڵ دەرکەوتنی پەیوەندی‌یەکانی سەرمایەداری‌و جیاوازیی کۆمەڵایەتی‌و ناڕەزایی خەڵکیدا مەودایەکی بەربڵاوترو قوولتری بەخۆیەوە دی • ئەوەتا لـــە باسێکدا کـــە لەســـەدەی شانزەهـــەمدا لە ئینگلستان نووســراوە تێیـــدا بـــەم جـــۆرە باسی جیـــاوازیی کۆمـــەڵایەتی‌و ناڕەزایی خەڵـکی کراوە :

«کێو لەچ سەردەمێکدا دیویەتی خەڵـکێکی زۆر لـەژیانی خۆیان ناڕەزابنو خەڵکێکی کەمیش پێی قایل‌بن ؟• کێو لـــە چ سەردەمێکدا دیویەتی خەڵـکێکی ئەوەندە زۆر ئارەزووی گۆڕانو تازە کردنەوە بکەن ؟• کەس بیستوویەتی ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر پیاوچاك هەبن ، یان راستتر ئەو هـەموو خەڵـکە هەبن کەدەیانەوێ

سیستەمی چینایەتی‌و دەوڵەت تێك‌و پێك بدەن ؟ کەس بیستوویەتی ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر خەڵك هەبن رەخنە لەپادشایان‌و کاروکرداریان بگرن‌و کەمێکی زۆرکەمیش لایەنگریان بن ؟! » •

بیروباوەڕی یەکسانیی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سایەی ئەو جۆرە ژیانەدا مەودایەکی نوێ‌و دەرکەوتووتری بە خۆیەوە دی ، بەڕادەیەك لەسەردەمی رێنیسانسدا رێبازی سۆشیال ئایدیالیزم(١) لەسەر دەستی چەند هومانیستێکی دەرکەوتووی سەر بە وولاتە ئەوروپاییی‌یەکاندا بە ئاشکرا خۆی نواند• **دیارترینی** ئەو کەسانەیش کە توخنی ئەم مەسەلەیە کەوتن «تۆماس مۆر»ی ئینگلیزی‌یە کە بە پێشەوای هەموویان ناسراوە • دوای ئەویش «تۆمازو ـ تۆماس ـ کامپانیللا»ی ئیتالیایی‌یە کە بە نوێنەرێکی دەرکەوتووی رێبازی سۆشیال ئایدیالیزمی رادیکالی ناسراوە ، ئەو رێبازەی کە لەو سەردەمەوە بنەما فیکری‌یەکانی بە ئاشکرا دەرکەوتن • سۆشیال ئایدیالیستەکان گیروگرفتی کۆمەڵگایان بە شێوەیەك چارەسەر دەکرد جیاوازیی‌یەکی تەواوی لەگەڵ شێوەکانی پێشوودا هەبوو • ئەوانە ئەگەرچی نیازی پاك‌و ئامانجێکی پیرۆز پاڵیان پێوە دەنان عەوداڵی ژیانێکی باشترو خۆشتر بن ؛ بەڵام ئەو جیهانەی ئەوان پێکیان دەهێنا ئەوەندە خەیاڵیی بوو ، مەحاڵ بوو

---

(١) لێرەدا هەر ئەوەندە بە پێویست زانرا لە هێڵە بنچینەیی‌یەکانی ئەو رێبازە بدوێین ، وەکوتر هەڵدەگرێ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم باسە تەرخان بکرێ •

کـەس پێی بـگاو لەسایەیدا بحەوێتەوە • « تۆماس مۆر » لـە بەناوبانگترین نووسینیدا باسی وولاتێکی ئاسوودەو بەختیار دەکا لـە دۆرگەی «یۆتۆپیا»دا ، کە چۆن بەهۆی سیستەمەکەیەوە لـە هەموو ئەو گیروگرفتانە بەدوورە کە کۆمەڵـگاکانی تر پێوەیان دەناڵێنن •

لـە «یۆتۆپیا»دا ، ئەخـاوەندارێتیی تاکەکـەس هـەیەو نەچەوساندنەوە • دوکان‌وعەمبارەکان بۆ هەمووانەو هەرکەس چی پێویست‌بێ بە خۆڕایی وەری دەگرێ • هەر ماڵێك دوو دەرگـای هەیەو هەمیشە بۆ خەڵـکیی لەسەر پشتن • هەموو کەسێکی ناو «یۆتۆپیا» دەبێ ئیش بـکا بە مەرجێك ماوەی ئیش‌کردنی لە رۆژێکدا شەش سەعـات زیاتر نەبێ • ئافرەت مافی تەواوی خۆی هـەیە لەگەڵ پیاودا بەیەك چاو تەماشا دەکرێ • ئارایشت‌و داوودەرمـانی خۆجوان‌کردن بەکار ناهێنێ‌و جوانیی سروشتی لامەبەستە ، چونکە پیـاوانی ناو «یۆتۆپیا» ئارەزوویان لەئارایشت نی‌یەو لای ئـەوان رەوشتی بەرز لەپێش جوانی‌یەوەیە • لەناو ئـەم کۆمەڵەدا ئاسـتی هوشیاریی خەڵك لەرادەیەکدایە رقیان لەئاڵتون‌و زێڕ دەبێتـەوە ، لەبەر ئەوە دیکەنە کۆت‌و پێوەندی کۆیلەو قەعدەی منداڵ‌و نیشانەی تایبەتی بۆ تاوانباران (*) •

(*) «تۆماس مۆر» سالی ١٤٧٧ز لەدایك بووەو لەسالی ١٥٠٠ز بەدواوە بووە بـە پارێزەر • سالی ١٤٩٩ چـاوی بە «ئارازمس»ی هۆلەندایی کەوتووەو بیرو باوەڕی ئەو کـاری تێ کردووە • سالی ١٥١٦ لە نووسینی «یۆتۆپیا» بوەتەوە • لە سەردەمی «هەنری هەشتەمە»دا بووەتە راوێژکاری پاشا •

فەیلەسوف و سیاسی و شاعیر و زانای ئیتالیایی «کامپانیللا» لە کتێبی «شاری خۆر»دا لە « تۆماس مۆر » بەولاوەتریش دەچێ(١) • دانیشتووانی ناو شارەکەی ئەم «خزمەتی شتومەك ناکەن ، بەڵکو شتومەك خزمەتی ئەوان دەکا» ، هەموو کەس رۆژی چوار سەعات ئیشیش دەکا و ماوە بە « خەڵکی دەروونپیس و مشەخۆر نادرێ » • دانیشتووانی ئەو شارە لەچێشتخانەدا پێکەوە نان دەخۆن و پێکەوە دەژین و دەوڵەتیش ئەرکی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان دەگرێتە ئەستۆ •

هەر لەسەردەمی رێنیسانسدا چەند کەسێکی دی ، هەمان رێبازیان گرت و بەم یان بەو شێوە بیروڕایەکانی «مۆر»و «کامپانیللا»یان دووپات دەکردەوە • لەوانە «سیرانۆ»ی فەرەنسایی و « تۆماس

=

لەئەنجامی ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان شا «هەنری»و «پاپا»وە شا لەپاپا یاخی دەبێ و خۆی بەسەرۆکی کلێسەی ئینگلیزی دادەنێ • «مۆر» بەم هەڵوێستەی «هەنری» قایل نابێ ، بۆیە شا بڕیاری کوشتنی دەردەکاو لەبەرەبەیانی «٦»ی تەمموزی ساڵی ١٥٣٥دا لەسەری دەدرێ بڕوانە : « یوتوپیا » • ترجمة وتقديم د• انجيل بطرس سمعان • دار المعارف بمصر ١٩٧٤
– وەرگێڕ –

(١) «کامپانیللا» لە زۆر بۆچوونیدا لەسنووری فەلسەفەی رۆژگاری رێنیسانسی تێپەڕاند • بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە :
E. Garin, Italian Humanism. Philosophy and Civic Life in the Renaissance. Oxford, 1965 . P. P. 215 - 220.

مۆنزێر»ی ئەڵمانیی‌و ژمارەیەکی تریش • بەڵام «مۆنزێر» یەکەم کەس بوو بیروڕایەکانی لەناو چەوساوەکاندا بڵاو کردەوەو لایەنی تیوری‌و پراکتیکی یەك خست‌و بوو بە یەکێك لەسەرکردە ناودارەکانی جەنگی بەناوبانگی جووتیارانی ئەڵمانیا لەساڵانی ١٥٢٤ ـ ١٥٢٥دا •

بیروڕای سۆشیال ئایدیالیستەکان لەبریتی ئەوە پشت بەزەمینەی واقیع ببەستێ لەجیهانێکی خەیاڵاویدا دەخولایەوە • «تۆماس مۆر» یش هەروا لەخۆوە کتێبە بەناوبانگەکەی ناونانێ «یۆتۆپیا» کە بەزمانی لاتینی مانای «شوێنێکی نەبوو» دەگەیەنێ • جا لەگەڵ ئەوەیشدا کە بیروڕای ئەمانە شوێن پەنجەیان بەرێبازەکانی دوایی سۆشیالیزمەوە دیارەو کەم‌و زۆر کاریان تێ‌کردوون ، بەڵام لەچوارچێوە تەسکەکەی خۆیدا گیری خواردو نەیتوانی لەسەردەمی رێنیسانسدا کاری خۆی بکا • بەتایبەتی ئەگەر لەتەك ئەو بەرهەمە زۆرو جۆربەجۆرانەی نیگارکێش‌و پەیکەرتاشەکاندا بەراورد بکرێن کە بە ئەندازەیەکی دیار بڵاوبوونەوەو پەرەیان سەند •

نیگارکێش و پەیکەرتاشانی رۆژگاری رێنیسانس

نیگارکێشان‌و پەیکەرتاشین لەرەوتی گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا رەگ‌و ریشەیەکی قووڵیان هەیە • یەکێك لەخاسیەتەکانی ئەم دوو هونەرە ئەوەیە ، گەر بێ‌و باروزرووفێکی باشیان بۆ برەخسێ ـ لەچاو هونەرەکانی تردا ـ زووتر نەش‌ونما

دەکەن • سەردەمی ڕێنیسانس تەواوی ئەو هەلو مەرجانەی بۆ ئـەم دوو هونەرە ڕەخساندو بەڕادەیەك كۆتو پێوەندیان پچڕاند ، هیچ لایەنێکی دیکەی زانستی مرۆڤایەتی نەیتوانی شان لەشانیان بدا • لەو سەردەمەدا ، دەبوو هونەر ئەو کۆسپە نالەبارە تەخت بکا کە ڕێـگای لەداهێنان دەگرتو دەیخستە ناو چوارچێوەیەکی ئێجگار تەنگەبەرەوەو ئادەمیزادی بەجۆرێك ئیفلیج دەکرد نەتوانێ هـەست بەجوانیی سروشت بـکا • تابلۆکانی سـەدەی ناوەڕاست نەك هـەر تاریكو ڕەشبین بوون بەڵکو «ڕەمەسکوب» واتەنی «دەروونی ئادەمیزاد قێزی لێیان دەهاتەوە» • لەبەر ئـەوە دەبوو هونەرمەندە تازەکـان ڕێگەیەکی سەخت بگرنە بەر تاکو ئـەو ئادەمیـزادەی «هونـەری مەسیحیی بەپچووكو ملکەچی دادەنا» بکەنە «بوونەوەرێکی گەورەو سەربەرز»ی ئەوتۆ(١) نـەك زەمین «**ئاسمـانیش داگیر بـکا**»(٢)و تراژیدیای عیسا لەوەوە کە بە تارماییەکی ترسناك نیشان دەدرا ، لەپێناوی بیروباوەڕدا بکرێتە دەرسو پەندی ژیان •

بەهۆی پەرەموو چی کەلە هونەرمەندانی سەردەمی ڕێنیسانسەوە مردنی عیسای چـوار مێخە کێشراو بەرگێکی نوێو نەمری بەبەردا هەڵکشا کە لەژێریدا ئازارو ئەشکەنجەکانی حەشار دەدرێن • عیسا کە «بەداردا دەکرێ لەهـەرەتی لاویدایە»و بە منداڵیی ساویـلکەیەو بەچەشنی هەر منداڵێـکی تر وەك پەپولە بەدەورو خولی «مریەمی

(١) M. L. Bush, Op. Cit., P. 153.

(٢) R. Palmer and J. Colton . Op. Cit., P, 52.

دایــکیدا» دەسوورێتەوەو پێوەندیی راستەقینەی هــەموو دایكو فرزەندێکمان نیشان دەدا •

زۆر هۆی تریش هەبوون وایان کرد هونــەری ســەردەمی رێنیسانس بەو خێراییە گەشــە بـکەن • دەتوانین بڵێین هــەموو گــەلانی ئەوروپا بەچین و توێژە کۆمەلایەتی یە جیاجیــاکانیانەوە بەشداری یان لــە دەوڵەمەندکردنی ئـەم لایەنە گرنــگەی ژیانی رۆشنبیریدا کرد • باری ژیانی خەڵــکە هەژارو نەداراکان لەدۆزەخی چەوسانەوەدا ، داهێنانی سادەو لەهــەمان کـاتدا بەهێز لەبواری فولکلۆرو کاری پیشەییدا ؛ سەرباکی ئەمانە بوونــە سەرچـاوەی ئیلهامی هونەرمەندان •

هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری ئەو هونەرمەندانە سەر بەتوێژە کۆمەلایەتی یە هەژارەکــان بوون و پاشــان مەوقیعی چینایەتی یان پێ بەزێی گۆڕانی کۆمەڵ گۆڕدرا ، بەلام هەموو ئەو پەیوەندی یانەیان دەپچڕاند کە بەڕابوردووی خۆیانەوە دەیان بەستنەوە • تـەوژمی بەتینی یاســاو نەریتی کۆمەلایەتی نوێ بەجۆرێك کـاریان لەخاوەن سامان و دەوڵەمەندان کرد ، دەیان ویسـت هــەتا لەژیان دان بەشان و شکۆیاندا هەڵبدرێ • بۆ ئەم مەبەستە نیگارکێش و پەیکەرتاشەکانی ئــەو سەردەمە بــە روونی ی خاسی یەتەکانی رێنیسانسیان بەرجەستە دەکردو دەتوانین بەهــۆی ژیان و بەرهــەمی هــەر سێ کــەڵە هونەرمەندەکەی ئەو قوناغە «لیۆناردو دافینشی»و «میخائیل ئەنجیلۆ»و

«رۆفائیل سانتی» یەوە کـــە لـــە ئیتالیادا ســـەریان هەڵدا ، پایەی بەهرەمەندی‌یان لەم مەیدانەدا بخەینە پێش‌چاو •

لیۆناردۆ دافنشی ١٤٥٢ ـ ١٥١٩ ز :

کەم رێکەوتووە مێژووی مرۆڤایەتی بلیمەتێکی وەك «دافینشی»ی بەخۆیەوە دیبێ کە لەهەموو مەیدانەکانی هونەرو زانستو ئەدەبو فیکردا ســوارچاك بووبێو بەلێهاتوویی بە بەناودارترین بلیمـەتو داهێنەری سەردەمی رێنیسانس لەقەڵەم بدرێ(*) •

«لیۆناردۆ» لە شاری «فینشی»ی سەر بە «فلۆرەنسا» لـــەدایك بووەو هـــەر لەوێش بەهرەمەندیی دەرکـــەوتووەو کەڵـکەڵەی داهێنانی کەوتۆتە سەر • «لیۆناردۆ دافینشی» لە تێروانینێکی نیمچە فەلسەفی‌یەوە باوەڕی وابوو کـە پەیوەندی‌یەکی لەپچڕاننەهـاتوو هونــەرو زانست بەیەکترەوە دەبەستێتەوەو هەتا مردیش لەم رایەی پاشگەز نەبووەوە • ئەو لای وابوو دەبێ داهێنان لەبواری نیـــگار کێشاندا بەووردیی پشت بە شێوەی گونجاو ببەستێ ، دیارە ئەمەیش

(*) سەیر ئەوەیە سایکۆلۆژیا میتافیزیکی‌یەکەی «سیجموند فرۆید» هۆی بلیمەتی‌ی ئەو پیاوە مەزنە دەباتەوە سەر گرێی کـــەمو کوڕیی • «فرۆید» لەو لێکۆلینەوەیەیدا کە بۆ «دافینشی»ی تەرخان کردووە رای وایە ئــەو هونەرمەندە «هۆمۆ سیکسی» «الشذوذ الجنسی» هەبووە !!

ـ وەرگێڕ ـ

پێویستی بەوە هەبە ـ سووریش بوو لەسەر ئەم رایەی ـ نیگارکێش شارەزایی‌یەکی تەواوی لە ماتماتیکدا هەبێ • ئەگەر نیگارکێشێکی رەسەن بیەوێ بە وردیی تەعبیر لەجەستەی ئادەمیزاد بکا ، دەبێ ئاگاداری وردترین ئەندامی لەشی مرۆڤ بێ • کاتێکیش دەتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدا لە ئەناتۆمیا تێ گەیشتبێ ، بۆیە خۆیشی بایەخێکی تایبەتی بەم زانیاری‌یە دەدا • پاشان «لیۆناردۆ» پەیوەندی نێوان زانستو نیگا کێشانی بەهۆی سروشتەوە دەست نیشان کرد •

هەمیشەیش پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە سروشت بۆتەی گشت زانیاری‌یەکانەو لەهەمان کاتیشدا مەیدانی سەرەکی‌ی داهێنانی نیگارکێشانەو داوای لەهونەرپەیەندان دەکرد لە پێناوی داهێنانێکی هونەریی رەسەندا زانستی راستەقینە فێر بن •

لەمەوە «لیۆناردۆ» جگەلەوەی نیگارکێشێکی سەرکەوتووی لێدەرچوو ، بنچینەیەکی تیوریشی بۆ هونەری نیگارکێشان دامەزراند • پاش‌مردنیشی تێبینی‌یە گرنگەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا چاپکران • بەلای «لیۆناردۆ دافینشی»یەوە ، پایەی نیگارکێشان لە هەموو هونەرەکانی تر بالاترە ، چونکە دەتوانێ «هەموو ئەو شتانە دەربېرێ کە دەبینرێن» ، بۆیە بە زانیاری‌یەکی سەربەخۆیش ناوی دەبا • بێ گومان خۆیشی لەو مەیدانەدا ئەوەندە بەدەسەلاتو لیهاتوو بوو گەیشتە پلەی کەمالو ئەو چەند تابلۆ کەمەی لەپاشی بەجێمان ، تائێستا بە دەگمەنترین بەرهەمی هونەری نیگارکێشان دادەنرێن • ناوبراو لەناوەرۆکی ئەو تابلۆیانەیدا بەگەش‌بینی‌یەوە

سامـــانی لەبن نەهـــاتووی ســروشتو ژیانی دەردەبڕیو لـەهیچ بەرهەمێکیدا دەستبەرداری ئـــەم تێڕوانینەی نابێ وتەنانەت لــەو تابلۆیانەیشیدا کە بۆ کارەساتی ئاینیو پیاوانی کڵێســەی تەرخـــان کردوون هـەستبەو ترسو بیمـــە ناکرێ کـە لەبەرهەمی زۆر نیگارکێشــی هاوچەرخیدا دەبینران • «لیۆناردۆ» لە تابلۆی «مەریەمو گوڵ»دا ، داهێنەرانە بەختیاریی ئافرەتێك بەرجەستە دەکـا کـــە لەگەڵ کۆرپەکەیدا یاری دەکا • لە تابلۆ بەناوبانگەکەی «مۆنالیزا» یاخود «جۆکەندە»دا کەساڵی ١٥٠٣(١) نەخشاندوویەتی بەهـــۆی نیـــگاو زەردەخەنە تەماوی‌یەکەی ئـەو ئافرەتەوە ، مـەودایەکی هونەریی‌و لەهەمان کاتیشدا تایبەتی‌ی بەجوانی‌یە بێ وێنەکـــەی دەبەخشێ • بەڕادەیـەك زەردەخـەنەکەی «مۆنالیزا» ئەوسایش‌و ئێستایش مـایەی مشتومڕو لێکۆڵینەوەی چـەندین نیگارکێش‌و خەڵـکی پسپۆرە •

بـەو جـۆرە دەبینین سەرچـاوەی داهێنانەکـانی «لیۆناردۆ» دەچێتـەوە ســـەر شارەزایی‌یەکی قووڵو شۆڕبوونەوەی بـەناخی دەروونی کەسـانی ناو تابلۆکانیداو چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕەنـگ‌و گونجـاندنی لەتـەك ناوەڕۆکی بەرهەمـەکەدا • ئەمـــە جـگەلەو بزووتنەوەیەی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن لەوێنەکانیدا هەستی پێ دەکرێ • هەموو ئـــەم خاسی‌یەتانەی لە بەرهەمەکانی «لیۆناردۆ»دا

(١) تابلۆی «مۆنالیزا» ئەگەر لەهەموو ئەو شتانەی لەموزەخانەی «لۆڤەر»دا ، دانراون بەنرختر نەبێ ، ئەوا یەکێکە لەوانە •

دەرکەوتن ، کردیانە پێشەوای قۆناغی نوێی پەردەسەندنی هونەر لەئیتالیاو دوایش لەئەوروپادا • سەبارەت بەم هۆیانە ، ناتوانرێ ، «لیۆناردۆ»ی زاناو «لیۆناردۆ»ی نیگارکێش لەیەکتر جیابکرێتەوە • ناشێ نە ئەمیان ونەئەویان لە «لیۆناردۆ»ی مرۆڤ دابڕ بکرێن • «لیۆناردۆ» ئادەمیزادێکی کامڵو بلیمەتێکی هەڵکەوتووی ئەوتۆ بوو ، هەموو لقەکانی زانستی تێدا ئاوێتەی یەکتر دەبوونو هێزوپێزێکی تەواویان بە بەرهەمە جۆربەجۆرو ئاوازەکانی دەدا • ئەو پیاوە زانایەکی ئەوەندە بلیمەت بوو بەسەرنجو تێبینییە وردەکانی چەند مەڵۆیەکی بەپێتی خستە سەر شارای زانستی مرۆڤایەتی • لە ماتماتیكو رووەكناسیو میکانیكو فیزیكو ئەستێرەناسیو جیۆلۆجیاو ئەناتۆمیاو فسیۆلۆجیای ئادەمیزادو ئاژەڵو هونەرە سەربازییەکانی دەکۆڵییەوە • بۆ گەیشتن بەمەبەست ، جگە لە بۆچوونەکانی خۆی پەنای دەبردە بەر تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانایانی پێشوو • کە لە میکانیکی دەکۆڵییەوە پشتی بەدەستکەوتی ئەوانەی پێش خۆی دەبەست • خۆیشی وەك ئەندازیارێکی خاوەن تاقیکردنەوە شتی نوێی دەخستە سەر بۆچوونەکانی ئەوان • «لیۆناردۆ» بایەخێکی زۆری بە هەندێ مەسەلەی گرنگ دەدا ، وەك کاردانەوە «رد الفعل»و هاوکێشەیی «التوازن»و بەربوونەوەی تەنەکان «سقوط الاجسام»و شێوەی بەرگریی تەنە جۆربەجۆرەکان «مقاومة الاجسام المختلفة»و زۆری تریش • لەبەر رۆشنایی تاقیکردنەوەکانی چەند

پرۆژەیەکی بۆ شارێکی نمونەیی داناو چەند نەخشەو پلانێکی نوێی بۆ هونەری بیناکاریی ئامادە کردو دەیویست پەرە بە هونەری بیناکردنی گومەز بدا • یەکەم کەسیش بوو هەوڵی‌دا ئامێرێك دروست بکا توانای فڕینی هەبێ • بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردە بەر تاقی‌کردنەوەو لەشێوەی فڕینی باڵندە ورد دەبووەوە ، ئەنجامیش نزیکەی سەد تیوری لەم بارەیەوە دڕاشت‌و توانی چەند ئامێرێك دروست بکا بە هۆی دەست یاخود بەهۆی سپرینگەوە لەزەوی بەرز بنەوەو دوایی گەیشتە ئەو باوەڕەی ـ ئەمە بۆ ئەوکاتە شتێکی ئێجگار گرنگ بوو ـ کە ئامێرێك توانای فڕینی هەبێ دەبێ لەناو خۆیدا ماشینێکی سەربەخۆ بجووڵێنێ • دوای مردنیشی لەناو دەستنووسەکانیدا چەند وێنەیەکی پەرەشووت‌و فڕۆکەی ستوونی ـ هیلیۆ کۆپتەر ـ دۆزراوەتەوە وگەرەکی بوو بەهۆی پەرەشووتەوە بارمەتی ئادەمیزاد بدا تاوەکو لە شوێنە بەرزەکانەوە بەهێواشیی خۆی بهاوێتە سەر زەوی •

جگە لەمانە «لیۆناردۆ» چەندین نەخشەی بۆ ئامێرە تازەکان دانا ، لەوانە ئامێری چنین‌و شی‌کردنەوەی لۆکەو مشت‌وماڵ کردنی شووشەو دارتاشی‌ی‌و هەڵکەندنی جۆگاو تواندنەوەی میتاڵ‌و زۆری ریش • ئەو یەکەمین کەسە ویستی هێزی رووناکی‌ی دیاری بکاو پاشان لەسەر بنچینەی تاقی کردنەوە بیبەستێتەوە بە مەودای شوێن ـ البعد المكاني ـ ەوە • دەتوانرێ ئەو بەراوردەی «لیۆناردۆ» کردی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانی سەر رووی ئاو لەگەڵ

بلاوبوونەوەی دەنگ‌و رووناکیدا بە سەرەتای تیوری « شەپۆلی تیشك ـ التموج الضوئی» دابنرێ •

«لیۆناردۆ» بە درێژایی تەمەنی وەك نیگارکێش‌و زانایەك بایەخی بە «ئەناتۆمیا» دەداو هەر بەوەوە رانەوەستا نەشتەرکاریی جەستەی ئادەمیزاد بکا، بەڵکو لاشەی ئاژەڵی جۆربەجۆریشی یەکالا کردەوە • ئەو دەستنووس ووێنە ئەناتۆمیانەی دوای مردنی بۆمانی بەجێ هێشتووە ، نەك هەر لەبەرهەمەکانی سەردەمی خۆیی تێپەڕاندووە بگرە لەوانەی سەدەکانی دوای خۆیشی کامڵترن • ئەم زانا هونەرمەندە گەیشتە هەندێ ئەنجامی زۆر گرنگ • ئەوەبوو سەری بۆقی لەلاشەکەی جیاکردەوەو دڵی دەرهێنا • یەکەم کەسیشە ژمارەی راستەقینەی بڕبڕەکانی کلێنچە ـ العصعص ـی ئادەمیزادی دۆزی‌یەوە • رێی تێ دەچێ بیری لەوە کردبێتەوە چۆن ئادەمیزاد لە شێوە سەرەتایی‌یەکەوە نەش‌ونمای کردووە ، چونکە ئەو بەراوردکاری‌یەی لەنێوان ئادەمیزادو ئاژەڵی نزیك بەئادەمیزاددا کردوویەتی ، یەکێکە لەپرۆژە زانستی‌یەکانی •

لەمەیدانی ئەستێرەناسیدا ، بەهەموو توانایەوە دژی ئەو بیروڕایانە دەوەستا کە زەوی‌یان بەچەقی گەردوون دادەنا • یەکەمین کەسە سەلماندی رەنگی راستەقینەی مانگ خۆڵەمێشی‌یە• هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە دوور نی‌یە وشکایی‌و دەریاکان بە درێژایی مێژوو گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ • بەڵگەیشی بۆ ئەم رایەی

ئەوە بوو کە پاشماوەی ئاژەڵی دەریایی لەو شوێنانەدا دەدۆزرێنەوە کە ئێستا زۆر لەکەنار دەریاکانەوە دوورن . شایانی باسە «لیۆناردۆ» بەشداری‌یەکی گەورەیشی لەگەشە پێ‌کردنی ئامرازەکانی جەنگدا کرد . لەناو دەستنووس‌و نەخشە لەپاش بەجێ ماوەکانیدا هەندێ وێنە دۆزراونەتەوە زۆر لەتانك‌و زرێپۆش دەچن هەوڵێکی زۆریشی‌دا ، پەرە بەتۆپ‌و تەقەمەنی ئەو سەردەمە بداو چەند نەخشەیەکیشی بۆ جل‌وبەرگی ژێر ئاوو ئەو چەشنە پردانە کێشا کە لەوەختی شەڕو بەپێی پێویست دادەمەزرێنرێن . سەرباکی ئەم هەوڵ‌و کۆششەی «لیۆناردۆ» لەپێناوی ئەوەدا بوو سەربەخۆیی وولاتەکەی بپارێزێ . ئەوەتا لە یادداشتەکانیدا دەڵێ : « .. من ئامرازی بەرگری‌کردن‌و هێرش‌بردن دروست دەکەم تاوەکو بەهۆیانەوە بەرەنگاری ئەو زۆردارانە ببنەوە کە چاویان تێمان بڕیوە . بۆیە دروستیان دەکەم تاوەکو پارێزگاریی ئەو خەڵاتە گەورەیەیان پێ بکەم کە سروشت پێی بەخشیوین ، ئەویش سەربەستی‌یە ..»(١) «لیۆناردۆ» بەکوڵ‌ودڵ پاڵپشتی ئاشتی‌ی دەگرت‌و(٢) وەك زانایەك دژی شەڕ دەوەستاو لای وابوو ئەوپەڕی

(١) لەکتێبی «عبقرية ليوناردودافنشي في الهندسة»ی دکتۆر جەلال شەوقی وەرگێراوە . چاپی قاهیرە ١٩٦٤ ل٢٧٣ .

(٢) لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی ئاسایشی جیهان ، لەمانگی نیسانی ١٩٥٢دا ، چەند دەزگایەکی رۆشنبیریی جیهانی‌ی بەبۆنەی تێپەڕ بوونی پێنج‌سەد ساڵ بەسەر لەدایك بوونی هونەرمەندی داهێنەرو زانای گەورە «لیۆناردۆ دافنیشی» یەوە ئاهەنگیان گێڕا .

شێتی‌یه ، دیاره بەم قسانەیش تەواو نیشانی پێکاوە ، چونکە لـەو کـاتەدا نەیدەزانی چەند بەرهەمێـکی دانسقەی دەبنـە قوربانی شەڕەکانی «ناپلیۆن» و «هیتلەر» وتەنانەت ئـەو شەڕانەیش کـە لەسـەردەمی خـۆیدا روویان دا ئەوەبوو کـە پادشـای « میـلان » رووی لێنـا پـەیکـەرێـك بۆ « سـفۆرزای » گـەورەی بنەماڵەکـەیان دابڕێژێ ، «لیۆناردۆ» بەدڵو گیـان بەدەنـگی‌یەوە چوو ٠ هەر لەو نەخشانەدا کە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکـە ئامـادەی کردووە ، دەردەکەوێ کـە تەنها بەرزیی وولاخـەکەی حەوت‌مـەتر زیاتر بووە ٠ «لیۆناردۆ» مـاکێتی پەیکەرەکەی لەقوڕ دروست دەکا تا لەدواییدا بکرێتە قاڵبو بەبرۆنز دابڕێژێ ٠ ئەو سەلیقەی هونەری‌و وردەکاری‌یەی لەو نموونەیەدا بەکـاری هێنابوون ، وایان کرد تا ئـەو کـاتەی دادەرێژرێ لـە گۆڕەپانێکی شاردا دابنرێ‌و خەڵـکی‌ی دەستە دەستە بچن تەماشـای بـکەن ٠ بەلام ئـەو هێرشەی فەرەنسا کردی‌یە سـەر «میلان»و ڕێویستی‌ی وولات بە برۆنز ، ماوەی نەدا پرۆژەکەی بەئەنجـام بـگەیەنێ ٠ لەوەیشـس سـەیرتر ئەوەبوو ، کاتێك سـەربازە فەرەنسایی‌یەکان گەیشتنە ئـەو شـارە نموونەی پەیـکەرەکەی «لیۆناردۆ» یان کردە نیشانەو مەشقیان لەسەر دەکرد(١) بەو چەشنە کارێـکی هونەریی زۆر مەزنیان لەپێش چاوی خاوەنەکەی لەکەڵك

(١) M. L. Bush, Op. Cit., P. 163.

خستو ئەویش لەئاست ئەم کارەساتەدا خۆی پێ نەگیراو چووە «فینیسیا»و لەوێشەوە گواستی‌یەوە بۆ «فلۆرەنسا» •

«لیۆناردۆ دافینشی» هەموو تێبینیو بۆچوونە زانستی‌یەکانی بەزمانی نەتەوەکەی دەنووسی‌یەوەو بەتوندیی وەك رۆلەیەکی ئەمەکداری گەلو سەردەمەکەی دژی زمانی لاتینی بوو • لەم بارەیەوە بەچەند ووتەیەکی بەنرخ رای خۆی دەردەبڕێو دەڵێ : «•• لەناو زمانەکەی خۆمدا ئەوەندەم ووشە هەیە زۆر لەوە زیاترن تەعبیریان لە شتەکان پێ بکەمو ناوەرۆکی بیروڕایەکانمیان پێ دەرببڕم •• » •

«لیۆناردۆ» خوویەکی لەگەڵدا بوو ، هەمیشە دەفتەرێکی تایبەتی لە باخەڵدا هەڵدەگرتو تێبینی‌یەکانی تێدا تۆماردەکردنو پاشان بەپێی بابەت رێکی دەخستنو بەپێچەوانەیشەوە دەینووسینەوە ، واتە لەڕاستەوە بۆ چەپ • سەیر ئەوەیە دەیتوانی بە ئاسانیی بە هەردوو دەست بنووسێ ونیگار بکێشێ • مایەی داخە تائێستا تەواوی نووسینەکانی بەدەستمان نەگەیشتوون ، ئەوەیشی کە لەبەردەستدایە نزیکەی حەوت هەزار لاپەڕەیەکی جیاجیای دەستنووسەکانێتیو لەمۆزەخانەکانی ئەوروپا « لەندەنو پاریسو میلان » وەچەندێکی تردا ، پارێزراونو بە هۆیانەوە دەتوانرێ بیروڕایەکی ئاشکرا سەبارەت بەمەزنیی‌و گەورەیی ئەم زانا هونەرمەندە یەك بهێنرێ •

ئەوەی شایانی باسە لەناو یادداشتەکانیدا شتی وایان تێدایە ئەوە دەگەیەنن « لیۆناردو » ئاگاداری بەرهەمی زانا موسڵمانەکان بوو بێ ، لەوانە : « رازی » و « ئیبن سینا » • لەنیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست کرا بە چاپکردنی نووسینەکانی «لیۆناردۆ»و لەسی یەکانی ئەم سەدەیەدا کۆتایی یان هات • لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ، بۆچی ئەو کەڵە پیاوە نەیتوانیوە بەئەندازەیەکی زۆر کار لە گەشەکردنی زانست بکاو بەوخێرایی یەی کەپێویست بوو کار لەو داهێنانە زانستی یانە بکا کەزانایانی سەدەکانی دوای ئەو پێی گەیشتن ، لەکاتێکا « لیۆناردۆ » زۆر لە پێش ئەوانەوە دەستی بۆ درێژ کردبوون‌و دۆزیبوونی یەوە •

بەنموونە : « لیۆناردۆ» سەد ساڵێك بەر لە « گالیلۆ » چەند دیاردەیەکی لەبارەی هەڵهاتن‌و ئاوابوونی مانگەوە دۆزیبووەوە • ئەو کاتەیشی کە ئەمریکایی یەکان یەکەم « تایپ رایتەر » یان داهێنا(١) « لیۆناردۆ » ٣٥٠ ساڵ بوو نەخشەکەی کێشابوو •

راستی یەکەی کەس ناتوانێ داهێنانەکانی ئەم ئادەمیزادە مەزنە لەمەیدانی زانست‌و هونەردا سەرژمێر بکا • پێویستە ئەو حەقیقەتەیش فەرامۆش نەکرێ کە « لیۆناردۆ » هاوچەرخی سەردەمێك بوو ، وولاتەکەی لەرووی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی یەوە بەرەو هەڵدێر هەنگاوی دەنا • بەڕادەیەك ناچار

---

(١) یەکەم تایپ رایتەر «آلة الطابعة» ساڵی ١٨٦٧ دروست کرا •

بوو بیست ساڵی دوایی تەمەنی کـوڵبەکـوڵ بگەڕێ تا شوێنێك بدۆزێتەوەو تێیدا ئارام بگرێو پەرە بە داهێنانەکانی بدا • بێ گومان ئـەم بارە دەروونی‌یە بەتەواوی کاری کردە سـەر بەرهەمـەکانـی دوایی « لیۆناردۆ » وبە ئاشکرا پێوەیان دیارە • دوا جاریش لەسـەر داخوازیی (فرانسوای‌یەکەم)ی پاشـای فەرەنسـا چووە پاریس‌و لەدەرباری ئـەودا رێـزێـکی زۆری لێ‌نراو کـۆشکـێکی تایبەتی بەتـەنیشـت کۆشـکی پاشـایەتی‌یەوە بۆتەرخـان کراو شـەخسی « فرانسـوا » بەردەوام هامشۆی دەکردو هەموو جارێك ماوەی چەند سەعاتێـکی بە گفتوگۆ کردن لـەگەڵدا بەسـەر دەبرد • بەڵام جێی داخـە ئەم بەهەشتە زۆری نەخایاندو پاش دووساڵ ئەم هونەرمەندە بلیمەتـەی سـەری نیشتمانەکەی گـەیاندە کەشـکەلانـی ئاسـمان بەئاوارەیی سـەری نایەوەو دوا پیاوەتیشـی ئەوەبوو هەرچی هەبوو بـەو خزمەتکارەی بەخشـی‌ی کە بە درێژایی تەمەنـی وەفـادارو خزمەتگوزاری بوو •

میخائیل ئەنجیلۆ (١٤٧٥ ــ ١٥٦٤)

نیگارکێش‌و پەیکەرتاش‌و ئەندازیارو شاعیری ئیتالیایی ناسراوە• لـە « فلۆرەنسـە » پێ‌گەیشتووەو هەر لەوێ خۆیندوویەتی‌و فێری نیگارکـێشان‌و پەیکەرتاشـین بووە •

«ئەنجیلۆ» نزیکەی ٩٠ ساڵێك ژیا • واتە ژیانـی دەکەوێتـە نێوان ساڵەکانـی دوایـی سـەدەی پانزەهەم ونیوەی یەکەمی سەدەی

شانزەهەمەوە • بەو پێیە دەبێتە هاوچەرخی گرنگترین قۆناغەکانی شۆڕشی رۆشنبیریی نوێی ئەورووپا کە وولاتەکەی خۆی مەڵبەندی یەکەمی تیشکە پرشنگدارەکانی بوو • « ئەنجیلۆ » لە بەرهەمەکانیدا ئادەمیزادی کردە بابەتی سەرەکیی • هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی زۆری – خۆی واتەنی – « بە لەشولارە جوانەکەی ئادەمیزاد » دەدا • وێنەی ئادەمیزادی بە رووتیی دەکێشاو بەرجەستەی دەکرد • بە لەشولارەکەی هێزو ورەو بێ داگرتنی ئادەمیزادی دەردەبڕیو لەدەم وچاوو روخساریدا شانازیی بەخۆوە کردنو سەربەرزیی مرۆڤایەتییانەی دەنەخشاند • « ئەنجیلۆ » بەم شێوازی دەربڕینە دەیویست لەیاسا ئیستاتیکییەکانی سەدەی ناوەڕاستو بیروڕای کڵێسە دەرباز بێو پێ لەسەر ژیانی ئەم دونیایە دابگرێو شانازیی بە بلیمەتەکانی پێشوو ، بەتایبەتی پەیکەرتاشەوە بکا ، کە لە سەردەمی ئەوداو بۆ یەکەمجار بەرهەمەکانیان دۆزرانەوەو خەڵکی بە پەیکەری « ئەپۆلۆ » و « ئەفرۆدێت » و گەلێکی تریش ئاشنا بوون • بەو چەشنە «ئەنجیلۆ» سنووری تێڕوانینی کڵێسەو بیروڕا خەیاڵاویو رەشبینەکانی شکاند کە دەبوو هونەرمەند پەیڕەویان بکاو لەوروانگەوە شێوەو سیمای پیاوانی مێژوو دەربڕێ • پەیکەرە مەزنەکەی « داود » کە نزیکەی سێ ساڵ پێوەی خەریك بوو ، لەبەردی مەڕمەر هەڵکەندو بەرزاییی‌یەکەی پێنج مەتر زیاتر دەبێ ، هاوارێکە بەرووی یاسا ئیستاتیکیو فیکرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا • بۆ

دروســت کردنی پەیکەرە بەناوبانگەکانــی تریشــی وەك « بەزەیی ـ الرحمة » و « مووسا » و « کۆیلەی پێوەندکراو ـ العبد المقید » و « کۆیلەیەك لەگیانەلآدا ـ العبد المحتضر » هەمان رێبازی گرتەبەر •
بەلآم لەدوو پەیکەرەکەی دواییو هەندێکــی تــردا بەشێوەیەکــی داهێنەرانە پیاوەتی ئەو ئادەمیزادە ســادەیە دەردەبڕێ کــە سوورە لەســەر رزگاربوونو ســەرفرازیێ • «مووســا» کــەیشی هێند لــە ئادەمیزادی زیندووی دەکرد خۆی پێی ســەرسام بوو ، کاتێکیشــ لە داتاشینی بووەوە پڕ بەدەم هــاواری لێکــرد : دەی بــدوێ !!
شێوازی دەربڕینی « ئە نجیلۆ » وبیروڕایەکانــی نەدەچوونە دلــێ دەســەلآتدارانــی وولآتەکەیــەوە ، بەتایبەتــی چونکــە بەتوندیــی پشتگیریی ئــەو رێبازە سیاسییەی دەکرد کە سیستەمی جەمهووری دیموکراســیی لا پەســەند بوو • لەو کاتەیشــدا خەلکی ســەر بەو رێبازە دووچاری ململانێیەکــی توندوتیژ هابتوون • کاتێك رژێمی جەمهووری بۆ ماوەیەکــی کــەم لە فلۆرەنســادا سەقامگیــر بــوو « ئەنجیلۆ » بە دلو گیان پشــتگیریی کــرد • کاتێکیشــ لەلایــەن هێزەکانــی پاپاو لەشکری بێگانەوە ئابلووقــە درا ، شان بەشــــانی دانیشتووانی فلۆرەنســا ماوەی پانــزە مانگی رەبــەق وەك ســەرەك ئەندازیاران ئەرکی پاراســتنی شووراکانــی شاری گرتە ئەستۆ •
سالی ١٥٣٠ کە فلۆرەنســا خۆیدا بەدەستەوە « ئەنجیلۆ » ناچــار بوو لەبەر چاو ون بێو خۆی بشارێتــەوەو هــەتا گفتی بەپاپا نەدا چــەند کارێکی هونەریی بۆ ئەنجام بدا ، پاپا دەســتی لێهەلنەگرتو

لێی‌خۆش نەبوو • بەلام بەم خۆ بەدەستەوەدانەیشی ماوەی کڵێسەی نەدا دەست بەسەر هەستی قووڵو رەسەنیدا بگرێ • ئەوەتا لەشیعرێکیدا کە وەلامی « جیۆڤانین ستروٚتسی » پێ دەداتەوە ئەم هەستە بەکوڵەی لە قاڵبێکی هونەریی قەشەنگدا دەردەبڕێ •

« ئەنجیلۆ » لەپەیکەری « شەو » دا کیژۆڵەیەکی نازدارمان نیشان دەدا ، بە ئەندازەیەك نوقمی خەو بووە ، ئاگای لە دونیا نەماوە • « ستروٚتسی » ئەوەندە پەیکەرەکە کە لەباردڵی جوان دەبێ لێهاتوویی « ئەنجیلۆ » کاری تێ دەکا ، بە شیعرێك هەستی خۆی دەردەبڕێو دەڵێ : « گەر بێو ئەو کیژە بەئاگابێتەوە دەکەوێتە قسەکردن » !! کەچی ئەو «ئەنجیلۆ»یەی هەموو گیانی بزووتنو جۆشو خرۆش بوو ، بەشیعرێك لە ژێر ناونیشانی « بەختیاریی لە نووستندایە » وەلامی دەداتەوەو لای وایە ، بەختیاریی گەورەتر ئەوەیە « بیتە بەرد » چونکە « لەم سەدە تاوانبارو شەرمەزارەدا » « مردنو بێ ئاگایی چارەنووسێکن خۆزگەیان پێ دەخوازرێ » ، بۆیە بە زمانی کیژۆڵە نووستووەکەی ناو شەوەزەنگی نگوستەچاوەوە دەپاڕێتەوە «لەو خەوە قووڵە بەئاگای نەهێننەوە»(١) •

وەنەبێ ئەم هونەرمەندە بلیمەتە بیرووناکە لە زەبروزەنگی کۆنەپەرستانی سەردەمەکەی رزگاری بووبێ ، نەء • سیخوڕەکانی

(١) بڕوانە : أ•أ• جوبێر • سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٧ ، تێیدا دەقی شیعرەکەی «ستروٚتسی»و «ئەنجیلو» بلاو کراوەتەوە •

رژێـــم بەردەوام بەشـــوێنی‌یەوە بوون ، لەولایشـــەوە پاپا فـــەرمانی‌دا بـــە نیگارکیشێك « دەستـــکاریی » هـــەندێ دیمـــەنی رووتـــی تـــابلـــۆکانی بـــکا • ئەنجـــامیش کۆمـــەڵانی خـــەڵك ئـــەو هونەرمـــــەندە بەکرێ‌گیراوەی ریســـوا کـــــردو هونەرمەندانییش نەفرەتیان لەچارەی کرد • لـــەم باروزرووفـــەدا « ئەنجیلۆ » رۆژ لەدوای رۆژ زیاتـــر هەستی بەتەنهـــایی دەکـــردو وردە وردە لەنیگارکێشانو پەیکەرتاشین دوورکەوتەوەو سی‌ســاڵی دوایی تەمەنی بۆ هونەری بیناکاریی‌و شیعر تەرخان‌کردو بەقووڵی‌ی تراژیدیای ژیانی دەردەبڕی•ئەو کە بەشیعر لە خۆشەویستی‌ی‌دەدوا دەیویســـت تەعبیر لە پەیـوەندیی نێـوان ئادەمیـزادو جوانـــی‌ی سروشـــت بکا • هەروەها وەسفی تەنیایی هونەرمەنـــدی دەکرد کە چۆن دەوروبەرەکەی دوژمنایەتـــی دەکەن • ئـــەمە جگـــە لەوەی چەندیـــن بابەتـــی دیکەی کردە هەوێنی شیعرەکانـــی‌و لەهەموویاندا دڵ‌رەنجاویی یەکێك لە هومانیستەکان دەردەخا کە لەبەردەم تەوژمی جەوروســـتەمدا دەستەپاچە راوەستاوەو بەچەشنی هومانیستەکانـــی تر و لەبەر رۆشنـــایی ئەو بیروڕاو ئایدیایەی باوەڕی پێ‌ی هێنابوو ، ماوەی نەدا تۆقاندنو سەرکوت کردن ملی پێ کەچ بکەن •

«رۆفائیل سانتی ۱٤٨٣ـ۱٥٢٠ز» :

نیگارکێشـــو ئەنـــدازیاری بەناوبانگـــی ئیتالیایـــی « رۆفائیـــل ســـانتی » لەشاری «ئۆربینو »ی نزیك « فلۆرەنســـە » لەدایك بوو •

سالانی لاویتی‌ی له فلۆرەنسەدا بردۆته سەرو هەر لەوێشدا لە جموجۆڵی هونەرمەندانی پێشی خۆیو بەتایبەتی « لیۆناردۆ دافینشی » کۆڵیوەتەوە • هەرچەندە بەهۆی داهێنانەکانی‌یەوە زۆر شتی نوێی خستە سەر کەلەپووری هونەریی ئەو شارە ، بەڵام بەشی زۆری کارە هونەری‌یەکانی له « رۆما »دا جێ بەجێ کرد • « رۆفائیل » لەبەرهەمەکانیدا جێگایەکی تایبەتی بۆ کەلەپووری مرۆڤایەتی‌و پێشەوایانی تەرخان کردووە • تەنانەت وێنەی فەیلەسوفەکان « سوکرات ، ئەرستۆ ، ئەفلاتوون ، بەتلیمۆس » و زۆری تریشی کێشاو لەروانگەی بیری هومانیستانەوە له ناوەرۆکی ئەو تابلۆیانەدا کەبەپێی خواستی پاپا ، لەسەر دیوارو بنمیچی ڤاتیکان دروستی کردن پەنجە بۆ مەسەلە جۆر بەجۆرەکانی ژیان درێژ دەکا • « رۆفائیل » لەوەیشی زیاتر پێی لێ هەڵبری ، ئەو کە پیاوانی کڵێسەی رەسم دەکرد ، بەسرووش رای دەگەیاند ئەوانە کتومت دەڵێی سۆفستایی‌یەکانی سەردەمی پێشوون چونکە وەك ئەوان لەشت دەکۆڵنەوەو وەك ئەوانیش مشتومڕ دەکەن ، تەنها جیاوازی‌یان ئەوەیە ئەمان بەرگی قەشەو رەبەنیان لەبەردایەو هیچی تر •

سەبارەت بەوەی لەو سەردەمەدا شمشێری زوڵم وستەم لەگەردنی زانا ئیتالیایی‌کاندا توند کرابوو ، « رۆفائیل » نەیدەتوانی ئەو هەموو بیروڕا مرۆڤایەتی‌یانە دەرببڕێ کە لەدەروونیدا پەنگیان دەخواردەوە • بەڵام سەرەڕای ئەوەیشی بەپەرۆشەوە

بەشداریی بزووتنەوەی نیشتمانیی دەکرد ، چونکە دروشمە بنچینەییەکانی سەربەستیی بیروڕاو یەکێتیی ئیتالیا بوو •

ئەگەرچی « ڕۆفائیل » تەمەنی کورت بوو - بە۳۷ساڵیی مرد - بەڵام کۆمەڵێك تابلۆی بۆ بەجێهێشتووین‌و بەپێچەوانەی بەرهەمەکانی « دافنشی »یەوە ، زۆربەیان تا ئێستا ماون‌و هۆڵی ناودارترین مۆزەخانەکانی جیهان‌و دیوارو گومەزەکانی «ڤاتیکان»یان رازاندۆتەوە •

خاسییەتی تابلۆکانی «ڕۆفائیل» چ لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا وەك « خەونەکانی سوارچاکێك - احلام فارس »وچ لەو تابلۆیانەیدا کە مەرجە هونەرییەکانیان تێدا کۆبوونەتەوە ، ناوبانگیان دەرکردووە ، وەك « قوتابخانەی لاتینی - المدرسة اللاتينية » و « مریەم »و « شێوی خودایی - العشاء الرباني »و زۆری تریش ، دەڵێن خاسییەتیان لەوەدایە وردوقووڵ مەبەستەکانی دەردەبڕی •

چەند تابلۆیەکی تریشی هەیە دەست ڕەنگینانە جوانیی لەش‌و لاری ئافرەتی تێیاندا بەرجەستە کردووە • وا دیارە « ڕۆفائیل » لە جوانیی بێکۆتایی سروشت تینوویەتی نەشکاوە ، بۆیە لەنامەیەکیدادەڵێ : « بۆ ئەوەی جوانیی کیژێك دەربخەین ، پێویستە لەچەندین ئافرەتی جوان وردبینەوە • جا لەبەر ئەوەی ئافرەتی جوان کەمن‌و هەڵبژاردنیشیان کارێکی ئاسان نییە ، نیگارکێش ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر بیرو خەیاڵ‌و بەوێنە

دەری ببڕێ »(١) • لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ « ڕۆفائیل » هەندێ جار جڵەو بۆ خەیاڵی داهێنەرانە شل دەکا تاوەکو مەودایەکی ئیستاتیکی قووڵ بە بەرهەمەکانی ببەخشێ • « ڕۆفائیل سانتی » لەمەیدانی هونەری بیناکاریشدا بەسەلیقەو لێهاتوو بوو • بەر لەوەی کڵێسە ناودارەکەی « پەترۆس » لە « ڕۆما » تەواو ببێ ، ئەم هونەرمەندە کرایە ئەندازیاری لێپرسراوی ئەو پرۆژەیە • سەرپاکی ئەو ساختمانانەی لەژێر چاودێریی ئەودا بنیات نران گەواهی بلیمەتی‌ی و دەست ڕەنگینی‌یەتین لەم مەیدانەدا •

زۆر بلیمەتی تر ، لەرۆژگاری ڕێنیسانسدا دەرکەوتن و لەبواری داهێناندا بە بەرهەمی هونەری و فیکریی هاوبەشیان کرد • لەوانە «گۆتۆ» و «دوناتیللۆ»و «تیتیان»و گەلێکی تریش ، کە مێژوو بەشانازی‌یەوە ناوی نەمریانی تۆمار کردووە ، بەتایبەتی هەر ئەوانە بوون توانیان ڕاستەوخۆ ئازارو ئاواتی کۆمەڵو تاکەکەس دەرببڕن و هونەریشیان کردە هۆیەکی گرنگ بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە • ئەو پیاوە نەمرانە ئەوەندەیان بەسە کە هونەرەکەیان لەپاش خۆیان و هەتا هەتایشە لەپێناوی خزمەتی ئادەمیزاددا بەردەوام دەبێ • ئاقی کردنەوە دەوڵەمەندەکانی ژیانیش بەڵگەی سەلمێنەری ئەم حەقیقەتەن •

پەرەسەندنی هونەر لەرۆژگاری ڕێنیسانسدا بەتەنها لایەنی

---

(١) بڕوانە : أ٠جوبێر ، کەلتووری ڕێنیسانسی ئیتالیا ل١٢٦ ٠

نیگارکێشان و پەیکەرتاشینی نەگرتەوە ، بگرە پەلی بۆ زۆر مەیدانی تریش هاویشت • گرنگترینیان هونەری بیناکاری‌یە • لەگەڵ سەدەی رێنیسانسدا ساختمانی بەرزو بەشێوازێکی نوێ هاتە گۆڕێ و ئەمڕۆ لەخانەی شوێنەوارە نەمرەکانی شارستانیەتیدا دادەنرێن • ئەوەی شایانی باسە ، خێرایی کارو راپەڕاندنی یەکێکە لەدیاردەکانی تەکنیکی بیناکردنی تازە • پێشتر ، دروستکردنی ساختمانێك دەیان ساڵ و هەندێ جار چەند سەدەیەکی دەخایاند ، بەڵام لەسەردەمی رێنیسانسدا ماوەی بیناکردنی کۆشکێکی رەنگین یاخود کڵێسەیەکی گومەزداری بەنەخش و نیگار لەچەند ساڵێك زیاتری بێ نەدەچوو • بێ گومان هەموو ئەمانەیش چەند لاپەڕەیەکی دیاری ژیانی ئادەمیزادو مێژووی پەرەسەندنیەتی •

«پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی »

زانیاریی مێژوو ، لەریزی پێشەوەی ئەو زانیاری‌یە مرۆڤایەتی‌یانە دادەنرێ کە بیروڕای رێنیسانس کاری تێ کردن ؛ پێشتریش پەنجە بۆهەندێ لایەنی ئەم مەسەلەیە راکێشرا کە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە • بایەخ‌دان بە کەلەپووری کۆن ، بۆ ئەوەبوو رۆشنایی‌یەکی بەتین بخرێتە سەر لاپەڕە شاردراوەو نادیارەکانی مێژووی سیاسی و رۆشنبیریی وکۆمەڵایەتی ئەوروپا لەسەردەمی گرێك و رۆمان‌دا • هەر لەسەردەمی رێنیسانسدا بایەخێکی زۆر بەشوێنەوارە دێرینەکانی رۆژهەڵات درا • تەنانەت

توێژینـــەوەو لێکۆڵینەوەی نەخش‌و نیـــگارو پەیـــکەرە کۆنەکان (Epigraphy) بە مەبەستی شـارەزابوونی مێژووی بەر لەزاین، یەکێکە لـەو بابەتانەی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا سەری هەڵـداو پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بەو قۆناغـەوە هـەیە • لەلایەکی تریشەوە ، لێکۆڵینەوەی مێژوویی گۆڕانێکی بنەڕەتی‌ی بەسـەردا هـات‌و مێژوونووسـان لـە ڕوانـگەیەکی تازەوە دەیان ڕوانی‌یە کارەساتە مێژوویی‌یەکان‌و ڕۆڵی تاکـەکەسیان تێدا دیاری دەکرد • ئەوانە بەچاوێکی ڕەخنە گرانەوە لەسەرچاوەو لێکۆڵینەوە مێژوویی‌یە تۆمار کراوەکان ورد دەبوونەوە ، بەمەیش نەك هەردەستیان خستە سەر ناتەواوی‌و کەم‌وکووڕی‌یەکانی ئەو سەرچاوە کۆنانە ، بەڵـکو چەندین حەقیقەتی مێژوویی گرنگیان چەسپاندو بەهۆیانەوە بیـرو ڕای دەرەبەگایەتیان یەکالا کردەوە •

«لۆرێنزۆ ڤالا» لـەپاش لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی وردو بەڵـگەی سەلمێنەر دەری خست «بەخشی قوستەنتین» قـەواڵەیەکی ساختەو دروستکراوە • بێ گومان ئەم دەست‌پێشخەری‌یەی «ڤـالا» هەنـگاوێکی چاو نەترسانە بوو لەمەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژوویدا • هەر لەسەردەمی ڕێنیسانسیشدا بۆ یەکەمجار مێژوو بەسـەر سێ قوناغدا دابەش‌کرا - کۆن‌و ناوەڕاست‌و نوێ - ، ئەمە جگەلەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی‌مێژوویی نوێ سەریان هەڵداو لەناوەڕۆکیاندا بایەخێـکی زۆر بەڕووداوە نیشتمانی‌یەکان‌و شـان‌و شـکۆی دێرینەی میللەت دراوە ، بەجۆرێك لەگەڵ هەسـتی نەتـەوەیی‌و

نیشتمانی‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه‌دا بگونجێ • به نموونه : «ف گویجاردینی ۱٤۸۳ - ۱٥٤۰ز» یه‌که‌مین مێژوونووســـه لەسەرپاکی مێــژووی وولاتی ئیتالیای کۆڵی‌یه‌وه ، به پێچه‌وانه‌ی ئه‌وانه‌ی پێش خۆیــه‌وه که‌وه‌ك چه‌ند پارچه‌یه‌کی جیاجیا ده‌یان روانی‌یه وولاتی ئیتالیاو لــه‌و روانگه‌یه‌وه مێژووی هه‌ر به‌شه‌یان به‌جیا ده‌نووسی‌یه‌وه • هــه‌ستی نه‌ته‌وه‌یی‌یش بــه‌ڕاده‌یه‌ك پاڵی بــه مێژوونووســانه‌وه نا ده‌یانویست چاره‌سه‌ری به‌کرده‌وه بۆ کێشه کۆمه‌لایه‌تی‌یه‌کان بدۆزنه‌وه‌و هۆی راسته‌قینه‌ی کاره‌ساته مێژوویی‌یه‌کان ده‌ست نیشان بکه‌ن • لــه‌م بۆچوونه‌وه ئه‌و جۆره لێکدانه‌وانه‌یان ره‌ت ده‌کــرده‌وه گوایــه « هێــزه نادیاره‌کان » ده‌ستیــان لــه‌دروست بوون‌و چــاره‌نووسی رووداوه‌کاندا هه‌یه !! ئه‌نجامیش ده‌گه‌ڕان به‌دوای ئه‌و تاکه‌کــه‌سه هوشیاره‌دا کــه رۆڵێــکی دیاری له‌ره‌وتی به‌ره‌وپێشه‌وه بردنی به‌سه‌رهاته‌کاندا گێڕاوه • لێره‌دا پێویسته ئه‌و حه‌قیقه‌ته‌یش فه‌رامۆش نه‌کرێ کــه ژماره‌یه‌کی که‌می هومانیسته‌کان نه‌بێ که‌سی تر توخنی ئه‌م چه‌شنه لێکدانه‌وه شێوه پراگماتی‌یه‌ی مێژوو نه‌که‌وت • چونــکه مه‌به‌ستی بنچینه‌یی هه‌موویان ئه‌وه‌بوو له‌و هۆ مه‌نتیقی‌یانه بکۆڵنــه‌وه که‌ســـه‌رکرده سیاسی‌یه‌کانیــان ده‌بزواند • به‌پێی بیــــروڕای «گویجاردینی» خۆپه‌رستی‌ی تاکه‌که‌س مێژوو دروست ده‌کــــاو جه‌مــــاوه‌ر هیچ ده‌روێــکی لــه‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا نی‌یه • به‌وه‌یشــه‌وه رانه‌وه‌ستا ، به‌چاوێکی سووکه‌وه ده‌یڕوانی‌یه کۆمه‌ڵ‌و داوای ده‌کرد له‌دام‌و ده‌زگــای ده‌وڵــه‌ت دووربخرێته‌وه • چونکه به‌لای ئه‌وه‌وه

بەڕێوەبردنی رژێمی سیـاسی ئیشی توێژە دەست ڕۆیشتووەکانە !!•

ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لەو هومانیستانەی بەمەسەلەکانی ئەدەب و فیکرو فەلسـەفەوە خەریك بوون لەهەمـــان کـــاتیشدا مێژوونووسیش بوونو راستەوخۆ خزمەتێکی گەورەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی یان کرد • بەرهەمەکانی تریشیان بوونە سـەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو لێکۆڵەرانەی دەیانەوێ ئەمڕۆ لە مێژووی ئەوروپای دوادوای سەدەکانی ناوەڕاست بکۆڵنەوە • شان بەشانی ئەمانەیش لای هەندێ هومانیستی تر لێکۆڵینەوەی مێژوویی بووە بابەتێـــکی سەربەخۆو دەستی بەسـەر بیرو هۆشیـاندا گرتو چـی وزەو توانایان هەبوو ، بۆ توێژینەوەی رووداوە مێژوویی یەکانیان تەرخان کرد • یەکێکیش لەوانـــە «ماکیافیللی» یـــە کـــە بەدیارترین مێژوونووسی ســـەردەمی رێنیسانس دەژمێردرێو تائێستــایش بەشێوەی جۆر بەجۆرو سەرنج راکێش ناوی بەسەر زاری کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو رۆشنبیرییەکانەوەیە •

«ماکیافیللی ١٤٦٩ـ١٥٢٧ز» :

سـیاسییو مێـژوو نووسـی ناسـراو « نیکـۆلا دی بیرناردۆ ماکیافیللی» سـەر بەبنەماڵەیەکی خانەدانی فلۆرەنسایی یە • بـەر لەوەی بێتە دونیاوە گوزەرانی خێزانەکەی بەرادەیەك هەرەس دێنێ نابووت دەبێ • دوای ئەوەی «میدیتشی»ی فەرمانڕەوای پێشـــووی «فلۆرەنسا» سـالی ١٤٩٨ دەردەپەڕێنرێو سیستەمی جەمهووری

دادەمەزرێ «ماکافیللی» بەدڵ ‌و گیان لەتەك رژێمی نوێدا هاوکاری دەکا و پایەی سکرتێری «ئەنجوومەنی دەئەندام ـ مجلس العشرة»ی دەدرێتێ کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی کاروباری بەرگریی‌و سیاسەتی دەرەوەی جەمهووریەتی «فلۆرەنسا»ی پێ سپێردرا بوو. راستە «ماکیافیللی» یەکێك لەکەسەورە لێ پرسراوانی رژێم نەبوو، بەلام بەزیرەکیی‌و جموجۆڵی خۆی توانی لەو سەردەمەدا کار لەژیانی سیاسیی «فلۆرەنسا» بکا. «ماکیافیللی» بەمەبەستی راپەراندنی کاروباری سیاسی رژێمی جەمهووری بیست گەشتی دیپلۆماسی کردو لەهەموویشیاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناو لەرێگای ئەو گەشتانەوە چاوی بە ژمارەیەك گەورە پیاوی گرنگی ئەورووپا کەوت، لەوانە پادشای فەرەنسا «لویسی‌دوانزەهەم» و «پاپا» و ئیمپراتۆری رۆمانی پیرۆز «مەکسیمیلانی یەکەم» و ژمارەیەکی تریش.

پاش سالی ١٥١٢ز کە داموو دەزگای سیستەمی جەمهووری تێك‌وپێك دراو بنەماڵەی «میدیتشی» گەرانەوەو جڵەوی دەسەلاتیان گرتەوە دەست، «ماکیافیللی» دەستی لەە ئیش کێشرایەوەو پاش ماوەیەکیش بە تۆمەتی ئەوەی سەرلەنوێ هەولی دامەزراندنی سیستەمی جەمهووری داوە، دەگیرێ‌و دوای ئازاردان بەرەڵلا دەکرێ‌و دەینێرنە گوندێکی نزیك «فلۆرەنسا»و لەوێدا هەتا مردن بەنووسین‌و لێکۆڵینەوەوە خەریك دەبێ‌و لەپاش خۆی چەند لێکۆڵینەوەیەك بەجێ دەهێلێ کە تائێستایش بە گرنگترین بەرهەمی

فیـــکری سیاسی‌و مێژوویی ســەردەمی ڕێنیسانس دەژمێــردرێن ، بەتایبەتی کتێبە بەناوبانگەکەی «میر ــ الامیر» کە بەڕای زۆربـــەی مێژوونووسان لـــە ناو گشت بەرهەمەکانی ڕۆژگاری ڕێنیسانســـدا «بەڕاستی‌ی بەرهەمێکی نەمرە»(١) • بۆیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کــە دەبێ «وەك زانیاری‌یەك لێی بــکۆڵرێتەوە.» نـــەك وەکـو پڕوپاگاندەی سیاسی»(٢) ؛ جگە لەوەیش چـەند بەرهەمێکی دیکەی گرنـگی نووسیوە لەوانە «هونەری شەڕ ــ فن الحرب »و «مێژووی فلۆرەنسا» کــە لــە دووتوێی هەشت بەرگدا لە تێکڕای مێژووی سیاسی‌ی ئیتالیای کۆڵیوەتەوە ؛ ناوبراو بەحوکمی ئەوەی بەقووڵی‌ی لــە ڕووداوە سیاسی‌یەکان ورد دەبووەوە‌و بەشێوازێکی دراماتیکی‌و زمانێکی تونددوتۆڵ بابەتەکانی دادەڕشت بە «یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی نوێ لەقەڵەم دەدرێ »(٣) ، جا هەرچەندە کـــە دێتە سەر گێڕانەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی تووشی هـــەڵە دەبێ ، بەڵام تائێستایش نووسینەکانی نرخی خۆیان لەدەست نـــەداوە •

«ماکیافیللی» لەسەرەتاوە ڕای وابوو کە سیستەمی جەمهووری باشترین شێـــوەی ڕژێمی سیاسی‌یە ، لەبەرئەوە بەهـــەموو توانایەوە

(١) R. Palmer and J. Colton. Op. Cit.. P. 55.

(٢) Renaissance and Reformation 1300 - 1648, P. 106.

(٣) و.ل. فاینشتاین ، مێژووی ئـــەورووپای ڕۆژئاوا لەســـەدەی ناوەڕاستدا • بەزمانی ڕووسی • مۆســـکۆ ــ لینینـــگراد ١٩٦٤ ل ٢٧٩ •

هەوڵی بۆ دەدا • دواى ئەوەيش كــە باروزرووفى ئيتاليــاى شى كردەوە ، بينى رۆژ لەدواى رۆژ ئاگرى شــەڕو پشێوى و ناكۆكــى لەنێوان شــارو ناوچەكــاندا تاو دەستێنێو وولات پتر لاواز دەبێو هەل و مەرجى داگيركردن چاكتر بۆ بێگانە دەرەخسێنێ لــەكتێبى «مير»دا دەگاتە ئەو باوەڕى كە باشترين رژێم بتوانێ ئيتاليــاى يــەك بخــاو بەرگريى لێ بــكا ، ئەو رژێمەيە پشت بەمەركەزى يەتو ديكتاتۆريەتى موتڵەق ببەستێو گوێ نەداتە هيچ جۆرە مەسەلەيەكى ئاينى و دونيــايى و ئەخــلاقى ى • چونــكە بەرژەوەنديى گشتى ى دەوڵەتو بەتايبەتى يەكێتى ى وولات «مير» ياخود «پادشا» ناچــار دەكا لەو پێناوەدا هەموو رێگايەك بگرێتە بەر ، جا ئيتر ئەو رێــگايە بەكارهێنانى هێز بێ ـ وەك پێى لەسەر دادەگرت ـ يان ئازاردانو كوشتن و خيــانەتو پاڕانەوەو شوێنــەونى ى بەرتيلدانو فێڵبازيى و درۆكردن و دووزمانى ى بــێ گرنگ نى يە ، مادام مەبەست پيرۆزە دەشێ هــەموو جۆرە رێــگايەكى بۆبــگيرێ (*) هەميشــەيش ئامۆژگاريى دەسەلاتدارانى ئيتالياى دەكرد شەرم نەكەنو هــەر رێــگايەك بەپەسەند دەزانن ـ با ناڕەوايش بێ ـ بيگرنە بەرتاوەكو بەهۆيەوە خواستو ئامانجە سياسى يەكــانيان بهێننە دى • چونــكە

(*) سەبارەت بەو تيورەى «ماكيافيللى» كە «بۆ گەيشتن بە ئامانج هەموو رێگايەكى چاكو خراپ بەڕەوا دەزانێ» ماركس ووتويە : «ئامــــانج ومەبەست چەند پيرۆز بن ناشێ رێــگاى ناڕەواو چەپەڵيان بۆ بگيرێ ••• »

ـ وەرگێڕ ـ

فەرمانڕەوای سەرکەوتوو ئەو کەسەیە بتوانێ بەپێی پێویستی‌ی بارو زرووفی وولات پشت بەرێگای مرۆڤانەو نامرۆڤانە ببەستێو لــە یەك کـاتدا رێوی‌یەکی فێڵبازو شێرێـکی نەهەڵمەت بێو لەشوێنی خۆیدا دەست نەپارێزێ • لەم تێ‌روانینەوە «ماکیافیللی» گەیشـــتە ئەو ئەنجامەی کــە دەبێ سیاسەت بەمحەکی سەرکەوتن پێوانــە بکرێ • سەبارەت بەم لێکدانەوەیە دوای ئەو زاراوەی «ماکیافیللیزم ـ الماکیافیللیة »و «ماکیافیللیست ـ الماکیافیللی»ی هـــاتنە گۆڕێ • مەبەست لەیەکەمیان ئەو رێبازە سیاسی‌یەیە کەگوێ بە هیچ یاسایەکی ئەخلاقی‌ی نادا ، دووەمیشیان بەو کەسە دەوترێ کە پەیڕەوی ئــەو رێبازە دەکا • بەلام پێویستە بەچاوێـکی ترەوە تەماشای «ماکیافیللی» بـکرێ • ئەو بەر لەهەموو شتێك نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو ، دەیویست وولاتەکەی لەچنگی بێـگانەی داگیرکەر رزگاری ببێو ویەك بگرێو شکۆی رابوردووی بژیەنێتەوە • چونکە لەدڵەوە بۆی دەسووتا ، وەك خۆی لەنامەیەکیدا دانی پێدا ناوە «لەگیانی خــۆی خۆشتری دەوێ »(١) • ئــەم تیورەی «ماکیافیللی» ئەنجـامی شی‌کردنەوەیەکی قووڵی واقیعی ئیتالیاو تاقی‌کردنەوەی تایبــەتی‌و خۆشەویستی راستەقینەی بوو بەرامبەر بە وولاتەکەی • جائەگــەر بە دڵسۆزی‌یەوە هەوڵی بۆ بدرایە ، دەبوو لــەو کــاتەدا پشتی پێ ببەسترێو رێنومایی بکرێ • « ماکیافیللی » یەکێك بوو لـــەو

(١)
E. Chabod, Machiavelli and the Renaissance, Combridg 1960. P. 141.

کەسانەی بەتوندیی بەربەرەکانێی سیاسەتی دەرەبەگایەتیو پاپایەتی دەکردو لای وابوو ئەوانە گەورەترین کۆسپن لەبەردەم یەکگرتنی ئیتالیادا ، هەرچی بیروباوەڕی کڵێسەیشە هەستو نەستی ئادەمیزاد ئیفلیج دەکەنو ماوەی داهێنان بۆ ئادەمیزاد ناهێڵنەوە • بەڵام ئەمە ئەزە ناگەیەنێ «ماکیافیللی» دژی باوەڕی کڵێسە بووە ، بەپێچەوانەوە باوەڕی وابوو کە دەتوانرێ ئاین بکرێتە ئامرازێکی کاریگەرو بۆ خزمەتی سیاسەت بەکار بهێنرێ(١)• «ماکیافیللی» بەتوندیی رەخنەی لە سیستەمی سوپایی وڵاتەکەی دەگرت ، چونکە پشتی بەکۆمەڵە خەڵکێکی بەکرێگیراو «المرتزقة» دەبەست کە لە تالانو برۆ کردن بەولاوە هیچ ئامانجێکی دیکەیان نەبوو ، لەبەر ئەوە ناویشی نابوون خڵتەی کۆمەڵ • ئەو لەم بارەیەوە رای وابوو کە پێویستە دەوڵەت سوپایەکی رێكوپێکی هەمیشەیی خاوەن دیسپلینێ هەبێو ریزەکانی بەلاوانی تازە پێگەیشتوو پڕ بکرێنەوەو سەربازییش بکرێتە ئەرکێکی نیشتمانیو لەئەستۆی هەموو کەسێك بێ ، تاوەکو ببێتە ئامرازی رزگارییو هێزی راستەقینە بەدەست «میر»ی دیکتاتۆرەوە •

« ماکیافیللی » هەمیشە خەوی بەوەوە دەدی لە شکری شارەکانی ئیتالیا « لە پێناوی ئامانجە نیشتمانییەکاندا » بجوولێ تا ئیتالیاییەکان « لە بەردەم هەموو ئەوروپادا بەشانازییەوە سەر بلند بکەنەوە »(١) • جا بۆ ئەوەی « میر »ی تازە ئەم ئەرکە پیرۆزە

(١) Ibid. PP. 95 - 96 .

(٢) Ibid, P. 135, R. Palmer and J. Colton. Op. Cit.. P. 55.

بەجێ بهێنێ ، دەبێ بزانێ چ جۆرە خەڵکێك بەیارمەتیدەری نزیکی خۆی هەڵدەبژێرێ • ئەوانە پێویستە لەو جۆرە کەسانە بن کە مەرایی‌و ریایی‌کردن نازانن • دەبێ دڵسۆزو لێوشاوەو بەتوانا بن‌و بەدڵ پاڵپشتی رژێمەکە بگرن • لەهەمان کاتیشدا پێویستە تێبگەیەنرێن کە پلەوپایەی سیاسی‌یان بەندە بەرادەی دڵسۆزی‌یانەوە بەرامبەر بە دەوڵەت‌و رادەی پشتگیری‌کردنی هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی «میر» ەوە • بیروڕای سیاسی‌ی «ماکیاڤیللی» رۆڵێکی گەورەی لەگەشەکردنی تیورو لێکۆڵینەوە مێژوویی‌یەکاندا گێڕا • هەر زوو لەنووسینەکانیدا سنووری لێکدانەوەی پراگماتیزمی‌ی شکاند • ئەنجامی تاقی کردنەوەو شی‌کردنەوەی تایبەتی خۆی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لێکدانەوەی لاهوتی‌ی سەبارەت بەمەسەلەی فەرمانڕەوایەتی‌ی‌و تیوری مافی خودایی « نظرية الحق الالهی » تێڕوانینێکی بێ بناغەن • لەبەر ئەوە ریالیستانە دەیڕوانی‌یە دەوڵەت‌و یاساکانی‌و لای وابوو رووداوەکانی حەتمی‌یەتی مێژوو دروستیان دەکاو ئەو کەسانەی هەڵیان دەسووڕێنن رۆڵێکی ئەوتۆیان تێدا نی‌یەو پێویستە چاویان لێ بپۆشرێ • سەرەنجامیش پوختەی بیروڕای لەوەدا کۆ دەکاتەوە کە ململانێی سیاسی داینەمۆیەکەو مێژوو دەبزوێنێ‌و مادام ناکۆکی‌یەکی توندوتیژ لە نێوان چەوساوەو چەوسێنەردا هەیە - وەك لەنووسینەکانیدا ئێی دواوە - ئەو ململانێیە مۆرکی کۆمەڵایەتی وچینایەتی بەخۆیەوە دەنێ • لەکتێبە گەورەکەی

« مێژووی فلۆرەنسا »دا شوێن پێی خەباتی جەماوەرو چینی بۆرستۆکرات بەدرێژایی مێژووی ئیتالیا هەڵدەگرێ • هەر لەم بۆچوونەوە لەهۆی راستەقینەی رووداوە مێژوویی یەکان دەکۆڵێتەوەو خواستو ئارەزووی تایبەتی تاکەکەس بەلاوە دەنێو هەموو مێژوونووسانی سەردەمی رێنیسانس بەجێ دەهێڵێ •

« ماکیافیللی » بە بیروڕایەکانی تەعبیری لە ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوای تازەپێگەیشتوو دەکرد • لە بەرهەمەکانیدا بە شانو شکۆی بازرگانو پیشەگەری شارەکانی ئیتالیادا هەڵیدەداو هەر ئەوانەی بە میللەت (Popolo) دەزانی • داوای لە « میر » دەکرد چاودێرییان بکاو بارووزروفێکیان بۆ برەخسێنێ تێیدا بەرژەوەندییەکانیان پەرە پێ بدەنو بەخۆشی بژین • بەڵام چینی بۆرژوای ئیتالیا بەو خێراییەی لەدایك بوو لەنەشو نماکردنیش وەستاو لەسەردەمی « ماکیافیللی »دا کەوتە گێژاوی تەنگوچەڵەمەیەکی ئەوتۆوە بۆی نەلوا لەو بارودۆخە گرانەی ئیتالیا تێیدا دەژیا ، بیێتە هێزێك ئەو ئەرکە گەورانە بەجێ بهێنێ کە لێی چاوەڕوان دەکرا •

جا ئەگەر لەئەنجامی ئەم ئاڵو گۆڕەدا « ماکیافیللی » بیروباوەڕی گۆڕدرابێو بەپەرۆشەوە ئاواتەخوازی سیستەمی پاشایەتی موتڵەق بووبێ ، شتێکی سروشتییە • چونکە ئەم هەڵوێستەی خۆی لەخۆیدا جۆرە پشی پشییەك بوو بۆ بیری

دەرەبەگـایەتی(١)و ئاکـــامیش خستی‌یە ریـــزی دوژمنانی جەماوەرو بیری دیموکراسـی‌یەوە ، بەرادەیەك وای لێهات سڵـی لەجەماوەریش دەکردەوەو بەڕای ئەو کـۆمەڵانی خەڵك « بەئاسانی شوێن سەرەڕۆیی دەکەون » • بەوەیشـەوە نەوەستا ناوی « رەشە خەڵك ـ (Plebs) ـ » یشی لێنان‌و بەئاشکرایش دوژمنایەتی دەکردن‌و لەو نووسینانەیدا کە باسـی چەند راپەڕینێکـی جەماوەری ئیتالیا دەکات بە تەواوی هەڵوێستی دوژمنانەی خۆی بەرامبەریـان دەردەبـڕێ • لەم روانگـەیەوەو بەحوکمـی ئـەم هەڵوێسـتەی لەهەمووو بەرهەکانیدا رووی دەم دەکاتـە (میر)و دەسەڵاتداران‌و زانایانی هاوڕێی‌و بۆ ئەوان دەنووسێ نـەك بۆ جەماوەر (٢) • تێـکڕای ئـەم خاڵـە سـەلبی‌یانەی لەبیروباوەڕی « ماکیافیللی »دا دەبینران ، وەك مێژوونووس‌و نیشتمانپـەروەرێـکی دڵسۆز هیچ لە پلەوپایەی کەم ناکەنەوە ، بەتایبەتی گەر بێ‌و لە چوارچێوی کات‌و شوێنی خۆیدا دای بنێین‌و بەوردیی لەکرۆکـی مەبەست‌و مـەرامی

---

(١) لە دوادوای سەدەکانی ناوەڕاستدا چەند سیستەمێکی موتلەق لەئەوروپادا هاتنە کایەوە • سەرهەڵدانی ئەم چەشنە رژێمـــە تارادەیەکی زۆر لەگـــەڵ پێداویستی‌یەکانی ئـــەو قۆناغە مێژوویی‌یەدا دەگونجان • هەرچەندە ئەوانە بالاترین شـ[illegible]ەی سیستەمی سیاسی دەرەبەگایەتی بوون . ، بەلام لەسـەردەمی ماکیافیللیدا هەندێ لایەنی ئیجابی‌یان تێدا مابوو •

(٢) The Civilization of the Renaissance in Italy. An Essay by J. Burckhardt, New york and Toronto, P. 93.

تێ بگەین • ئەوی راستیی بێ ماکیافیللیستەکان تارادەیەکی زۆر ناوو شۆرەتی « ماکیافیللی »یان شێواندووە • هەندێ لەو فەرمانڕەوایانەی بەهەڵس و کەوت و سیاسەتی رۆژانەیان لە « میر » ەکەی ئەو تێیان پەڕاندبوو ، هێرشێکی زۆریان کردە سەر • لەوانە « فرەدریکی دووەم »ی پاشای « پروسیا » بوو • ناوبراو کتێبێکی سەربەخۆی سەبارەت بە بیروڕایەکانی «ماکیافیللی» دانا و مەبەستی بوو گوایە «پووچیان» بکاتەوە • شایانی باسە هەر لەو ساڵەدا کە « فرەدریك » چووە سەرتەخت ئەو کتێبەیشی نووسی(١) • لەلایەکی تریشەوە چەندین فەرمانڕەوای دیکتاتۆر ، لەزەمانو زەمینی جۆربەجۆردا کە زۆر لە باروزرووفی ئیتالیای سەدەی شازدەهەم جیاواز بوون ، لەپێناوی پەرژەوەندی خۆیانداو بەمەبەستی هێشتنەوەو درێژە پێدانی دەسەلاتی سیاسیی یان پەنایان بردە بەر بیروڕایەکانی ئەوو بەوجۆرەی دەیانویست بەکاریان دەهێنا • سەرکردەی بەناوبانگی « فەرەنسا » « ریشیلیۆ ١٥٨٥ - ١٦٤٢ » کە لە مەیدانی سیاسیدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا یەکەمین فەرمانڕەوای دیکتاتۆرە بێ ترس و سڵەمینەوەو بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێ کە لەزۆربەی بیروڕاو هەڵوێستە سیاسیی یەکانیدا قەرزداری « ماکیافیللی » یە • ئەوانی تریش هەرچی « ماکیافیللی » ووتبووی بەکردەوە پەیڕەویان دەکرد ، بەڵام وەك بنچینەیەکی تیوریی رەتیان

(٢) «فرەدریکی دووەم» ئەوکتێبەی لەساڵی ١٧٤٠ زدا بە ناونیشانی «دژی ماکیافیللی» نووسی •

دەکردەوە • زۆرجاریش لە بارودۆخێکی وەهادا بەکاریان دەهێنا جیاوازی‌یەکی بنەڕەتی‌یان نەك هەر لەگەڵ ئەو کات‌و شوێنەدا هەبوو کەبیروباوەڕی « ماکیافیللی » تێیدا سەری هەڵدا ، بەڵکو لەپێناوی ئەو ئامانجەیشدا نەبوو کە ئەو مەبەستی بوو • ئەوەیشی کە ناوو شۆرەتی « ماکیافیللی »ی‌و بیروڕایەکانی ئەوەندەی‌تر زڕاند ، هەڵوێستی دوژمنانەی کڵێسەو ئەو بڕیارەی بوو کە سەبارەت بە قەدەغەکردنی کتێبەکانی ئەو دەری‌کرد • ئەمە لەکاتێکدا ماکیافیللی لەسەر خواستی پاپا مێژووی « فلۆرەنسا »ی نووسیبووەوە (١) • بەسەرێکی تریش مێژوونووسە بۆرژواکان‌و بەتایبەتی سۆسیۆلۆجیستەکانی فاشیزم ئەوەندەی تر ناوو شۆرەتی « ماکیافیللی » یان شێواند ، چونکە ئەمانەیش بەتەنها لەسەر ئەو تیورەی سوورن کە پەیوەندیی بە سیستەمی دیکتاتۆریەتی موتڵەقەوە هەیە ، بێ ئەوەی توخنی ئەو بیروڕایانەی بکەون کە باسی خاسی‌یەتەکانی رژێمی جەمهووری دەکاو بە چاکترین سیستەمی دادەنێ‌و ماوە نادادەسەڵات بەمیرات بکەوێتە دەست فەرمانڕەواو لای وایە پێویستە تواناو لێهاتوویی بکرێتە محەکی هەڵبژاردنی حوکمڕانان • سەرباری ئەمانەیش نازی‌یەکان‌و فاشیستەکان بەڕادەیەك ڕێنومایی بیروڕای « ماکیافیللی » یان دەکرد [illegible]کەسێکی

(١) سەیر ئەوەیە سالی ١٥٥٩ز کڵێسە بڕیارێکی دەرکرد تێیدا فەرمانی‌دا ماکێتی پەیکەرەکەی بسووتێنرێ • کەچی بەر لەوە بەچارەکە سەدەیەك «رۆما» خۆی تەواوی نووسینەکانی چاپکردبوو • کۆمیدیاکانیشی لەبەردەم «پاپا» دا نیشان دەدران •

وەك « هیتلەر » هەمیشــە کتێبەکەی « میر » لەسەر مێزەکەی بوو •
« مۆسۆلێنی » یش لەو لێکۆڵینەوەیەیدا کە لەبارەی هەمان کتێبەوە ئامادەی کردو پلــەی دکتــۆرای پێوەرگــرت ، بەشــانو باڵــی «ماکیافیللیدا» هەڵدەدا • دوای ئەوەیش کــە دەسەڵاتی سیاسیی کەوتە دەست باسێــکی دیــکەی هەر لەو بارەیەوە ئامادە کردو تێیدا هەڵوێستی «ماکیافیللی»ی سەبارەت بەحوکمــی تاکەکەس روون کردەوەو گەیشــتە ئەو ئەنجامەی کــە « بیروڕایەکــانی لەپاشــی چوار سەدە هێشتا هەر زیندوون »(١)* •

بەو جۆرە « ماکیافیللی » لەلایەن هەندێکەوە بەر تانەو تەشەرو بڕێکی تریشــی بەبێ ئەوەی لەروانگەیەکی زانستییانــەوە بــۆی بچن کەوتنە بەرگری لێکردنیو لایان وابوو لە هەمــوو کەســی راستگوترە چونکە وەك دەڵێن « هــەموو ئادەمیزادێك لــەناو خۆیدا

(١) نیقولا ماکیافیللی ، الامیر ، تعلیق : بنیتو موسولینی ، مقدمــة کریستیان غاوس ، تعریب خیری حماد ، بیروت ، الطبعـــة الثالثة ١٩٧٠ ص ٦ •

(*) وەنەبێ بیروڕاکانی «ماکیافیللی» بەتەنیا کاریان لەبیری پیــاوە سیاسییەکــان کردبێو بەم یان بەو شێوە بەدرێژایی چــوار ســەدەو نیو پەیرەو کرابێ ، بەڵــکو بە ئەندازەیەکی دیاریش کاری لەهەستو هۆشی نووسەرە دەرکەوتووەکانی دوای خــۆی کردووە • سەرنج دانێك لەناوەرۆکی شانۆییە بەناوبانگەکانی «ولیــام شەکسپیر» وشــانۆیی « جوولەکەکەیمالتا »ی « کریستۆفرمارلۆ » بەڵگەی ئەم راستییەنو لە شوێنی خۆیدا پەنجەیان بۆ رادەکێشین •

— وەرگێڕ —

ماکیافیللی‌یە » • بەڵام چ ئەمان وچ ئەوان «ماکیافیللی» مێژوونووس‌و « ماکیافیللیزم » تێکەڵ بەیەك دەکەن • ئەوانە کە دێنە سەر هەڵسەنگاندنی بیروڕایەکانی هیچ حساب بۆ زەمان‌و زەمینی ناکەن کە چۆن تەماشای رووداوەکانی کردووەو بە چ دڵسۆزی‌یەکەوە هەوڵی داوە چەند ڕێگایەك ـ باش یان خراپ ـ بدۆزێتەوە، تا بەهۆیانەوە بگاتە ئەو مەبەستە پیرۆزانەی بە بڕوایەکی تەواوەوە هەوڵی بۆ دەدان • کەواتە « ماکیافیللی » رۆڵەی سەردەم‌و کۆمەڵەکەی خۆی بوو •

لەبە ئەوە هەروا بەخۆڕایی‌ و لەخۆوە نی‌یە کە زاناو فەیلەسووفی وەك « مارکس »و « دیکارت »و « بیکۆن »و « ریشیلۆ »ی سەرەك وەزیرانی فەرەنسا کە بەسەرکەوتووترین پیاوی سیاسی نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم دادەنرێ و « ئەلیزابێتی یەکەم »ی پادشای ئینگلستان کە سەردەمەکەی بە « سەدەی زێڕین » ناسراوەو « ناپلیۆن بۆناپارت » کە بە وردیی « میر »ی خوێندۆتەوەو رێی تێدەچێ هەر ئەویش کردبێتی بە فەرەنسایی ، شوێن پێی ئەویان هەڵگرتووەو سوودی پێیان بەخشیوەو پشتیان پێی بەستووە • شایانی باسە « ماکیافیللی » لەمەیدانی ئەدەبیشدا دەستێکی باڵای هەبووەو چەند سروود‌و شیعرو نامەو بەخشانی لەدوا بەجێ ماوەو لەناودرۆکیدا بەتوندی رەخنە لەنەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی‌و هەڵوێستی ناڕەوای کڵێسە دەگرێ‌و بەهۆی روونی مەبەست‌و رەوانی‌ی زمان‌و دەربڕینی قووڵ‌و

دوورکەوتنەوەی لە درێژدادریی ، سامانێکی زۆری خستە سەر گەنجینەی ئەدەبیاتی ئیتالیایی • وابزانم ئەوەندە بەسە بڵێین : مێژوونووسی گەورەی سەردەمی ڕێنیسانس بەراستی لایەقی ئەو چەند ووشەیەیە کە لەسەر مەزارەکەی نووسراوەو دەڵێ : « هیچ ستایشێك نی‌یە شایانی ئەم ناوەبێ : نیکۆلۆ ماکیافیللی » • هەر ئەم دێڕەیش بەسە بۆ ئەوەی ناوو شۆرەتی هەتا هەتایە بە نەمریی بهێڵێتەوە •

بێ گومان لەناو پێشەوایانی ڕێنیسانسدا بەتەنها « ماکیافیللی » بەرەنگاری واقیعەکەی نەبووەوە بەڵکو زۆری تریش لەو هومانیستانەی هاوچەرخی قۆناغی دوایی ڕێنیسانس بوون ، بەهەمان شێوەی «ماکیافیللی» چوون بەگژ واقیعی کۆمەڵگاکانیانداو رووبەروویان بوونەوە •

تەقینەوە بە ڕووی واقیعدا

بیروڕای ئایدیالیزمی‌و نیازو مەبەستی مرۆڤایەتی‌یانەی پیاوانی سەردەمی ڕێنیسانس‌و داهێنانەکانیان،نەك هەر پاڵپێوەنەرێکی گەورەی بزووتنەوەی فیکری‌بوون لەئەوروپادا ، بەڵکو بوونە هۆی ئەوەی لە قۆناغەکانی دوایدا تەوژمێکی بەگوڕ بە ڕێنیسانس ببەخشن • بەڵام ئەو هەموو نیازومەبەستانە ، نەیانتوانی ئامانجەکانیان بهێننە دی • ئەو ڕۆژەی ئەوان بەتەمای بوون ، بەلاچوونی پەردەی

دەرەبەگایەتی هەڵنەهاتو لەو حەقیقەتەیش تێ نەگەیشتبوون کە ئەو ئاڵوگۆڕە بە تەنها ناتوانێ سەرفرازی ڕاستەقینە بۆ ئادەمیزاد بهێنێ •
لەبەر ئەوە هەر دەبوو نەوەی دوایی‌یان بەرووی واقیعدا بتەقنەوە ، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە پەرەسەندنی پەیوەندیی‌یەکانی سەرمایەداری لەکیشوەری ئەوروپادا بووە هۆی ئەوەی ناکۆکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان تیژتر بکاو توێژە کۆمەڵایەتی‌یە جۆربەجورەکان زیاتر گرد بکاتەوەو دراو « پارە » ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێو لەپێناوی نیازو مەبەستی تایبەتیدا فێڵو تەڵەکەبازیی زۆرتر بخرێتە کار • دیارخستنی ئەم واقیعەیش بە ئاشکرا لەبەرهەمەکانی دوو نووسەرە بەناوبانگەکەی قۆناغی دوایی سەردەمی ڕێنیسانسدا رەنگ دەدەنەوە کە « شەکسپیر »ی ئینگلیزیو « سەرڤانتس »ی ئیسپانیاییەو هەردووکیان لە دوادوای سەدەی شانزەهەمو سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا گەیشتنە لوتکەو لەیەك ساڵیشدا کۆچیان کرد •

شەکسپیر ١٥٦٤ ـ ١٦١٦

شاعیری گەورەی ئینگلیزو دراماتووسی جیهانیی « ولیام شەکسپیر » لەشاری « ستراتفورد » لە ناو خێزانێکی پیشەگەردا هاتووەتە دونیاوەو هەر لەو شارەیشدا گراماتیكو زمانی ئینگلیزی خوێندووە • ئەو بارە ناهەموارەی بەسەر ژیانی باوکیدا هاتو نەدارایی خێزانەکەی ناچاریان کرد لەتەمەنی چواردە ساڵیدا دەست لەخوێندن هەڵگرێو یارمەتی باوکی بداو

نەتوانێ خوێنــــدنی باڵا تەواو بـکا • لەهــەرەتی لاوێتیدا چــووە «لەندەن»و لەشانۆیەکی ئەوێدا بووە ئەکتەر • بەمووچەی ئەکتەری و قازانجێکی کەمی ئەو تێکستە شانۆیی‌یانەی دەینووسین ژیانی بەڕێوە دەبرد •

لەبەر ئەوەی لەبارەی مێژووی ژیـانی « شەکسـپیر »ەوە زانیاری‌یەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نی‌یە لەناوەڕاســـتی ســـەدەی نۆزدەهەمەوە چەند بیروڕایەکی نازانستی‌یانە هاتنە گۆڕێو نکولی‌یان لەوە دەکرد « شـەکسپیر » هەبووبێ • بۆسەلماندنـی ئەم بۆچوونەیان هەوڵیان دەدا بەهەرمەکانی بەجۆرێك نیشان بدەن گوایە هی‌خەڵکی وەك « بیکۆن »ی فەیلەسـووف وهەندێ نووسەری ئەو سەردەمەو ئەو ئۆرستۆکراتی‌یانەن بە ئەدەبیاتەوە خەریك بوون • بەڵگەیشیان بۆ ئەم رایە ئەوە بوو : ناشێو مەحـاڵە ئـەو داهێنانـە مـەزنانەی « شـەکسپیر » بەرهەمی ئەکتەرێکی سادەی وەك ئەو بن • سەرەڕای ئەوەیش ناوبراو سـەر بە خێزانێکـی ئۆرستوکراتـی نـەبووەو لەدانشگادا رۆشنبیری‌یەتێکی بەرزی پەیدا نەکردوە !

« شـەکسپیر » بەبێدەنـگی‌ی خزمەتێـکی گـەورەی ئەدەبو شـانۆی کـردو بەراسـتی‌ی رۆڵـەیەکی مـەزنی میللەتەکـەی بـوو • لـــە ناوەرۆکی (١٥٤) کـــاری ئەدەبی‌ی و « ٣٧ » شانۆیێدا جارێك توخنی ناوی خۆی نەکەوتووە •
« شـەکسپیر » پەنای دەبردە بەر شـانۆی میللـی‌ی و شــیعری ئینگلیزی‌ی و ئەفسانەی مێژوویی‌ی و لەرێـگای ئەوانـەوە ، چارەسەری

گیروگرفتەکانی ڕۆژگاری خۆی دەکرد • ناوەرۆکی شانۆیی‌یە سەرەتایی‌یەکانی بۆ ئامانجێکی دوور تەرخان کردووەو لای وایە کۆمەڵ پێویستی بەرژێمێکی بەهێز هەیە تاوەکو سنوورێك بۆ دەرەبەگایەتی دابنرێ • هەرچەندە « شەکسپیر » سیستەمی پاشایەتی لەجەمهووری بەلاوە پەسەندترەو باوەڕیشی وابوو کە دەبێ خانەدانەکان ئیمتیازی تایبەتی‌یان هەبێ ، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش نووسەرێکی ریالیست بوو • ئەو پادشایەکی هۆشمەندو مرۆڤ‌پەروەری دەویست تاوەکو یەکێتی‌ی وولات‌و ئاشتی‌و ئاسایش بپارێزێ • بۆیە « هەنری‌پێنجەم »ی کردە نموونەی ئەو پادشایەو خستی‌یە ناو دڵ‌و دەروونی خەڵکی‌یەوە • لە بەرهەمەکانی تریشیدا لەهەمان ڕوانگەوەو بۆهەمان مەبەست پەردە لەسەر ئەو فەرمانڕەوایانە هەڵدەماڵێ کە توانای بەڕێوەبردنی وولاتیان نی‌یە وەك « هەنری‌شەشەم »و « ریشاردی دووەم » وپادشا دیکتاتۆرەکان لەبابەتی « ریشاردی سێ‌یەم »و «شا جۆن»و زۆری تریش • بەکورتی هەوڵ دەدا بیروڕای گەلی ئینگلیز سەبارەت بەشەخ‌ی ئەو فەرمانڕەوایانەو سیستەم‌و ڕووداوی سەردەمەکانیان دەربڕێ • ڕاستی‌یەکەی بیروڕای قۆناغی دووەم‌و سێ‌یەمی سەردەمی ڕێنیانس‌و بزووتنەوەی مرۆڤایەتی لەنووسینەکانی « شەکسپیر »دا ڕەنگیان داوەتەوە • لەبەرهەمە زووەکانیدا « ڕۆمیۆوجولیت »و « خەونی شەوێکی هاوین » و « بازرگانی ڤینیسیا »* ئادەمیزادی

(*) دکتۆر لە ژمارە «٦»ی ساڵی ١٩٧٩ی گۆڤاری «آفاق عربية» دا باسێکی تری بەناونیشانی «تاملات تاريخية في ماكيافيللي =

خێرخوا بەسەر هێزی شەڕخوازو دواکەوتوودا سەر دەخا • لەو بەرهەمە دراماییيانەیشمدا کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا نووسیونی تراژیدیاکان قوولتر دەبنەوەو تەعبیر لەو ناکۆکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یانە دەکەن کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەدەستێنن • لە شانۆیی «هاملێت»و «ئۆتێللۆ»و « شا لیر »و تەیمونی ئەتینایی » و

=

والماكيافيللية» بلاو کردەوە ، تییێدا بە دووروودرێژیی لەم مەسەلەیە دواوە •
لەو قۆناغەدا کە دکتۆر پەنجەی بۆ ڕاکیشاوە ، بەهۆی گەشەکردنی پەیوەندی‌یەکانی سەرمایەدارێتی‌یەوە ، سەرمایە کەڵەکە بوو • سەرمایەدارانیش گەرەکیان بوو بە شێوەی جۆربەجۆر پارەکانیان بخەنە گەڕ • لەمەوە کڵێسەی کاتۆلیکی کەوتە خۆو فەتوایدا سوود خواردن حەرامەو وناشێ پارە بەسوود بدرێ • «شەکسپیر» وەك هەر کەسێکی سەر بەرێبازی کاتۆلیکی لە شانۆیی «بازرگانی ڤینیسیا»دا بیروڕای کلێسە بەرجەستە دەکا • جا لەبەر ئەوەی جووەکان پەیڕەوی بیروڕای ئاینی مووسایی‌یان دەکردو ملکەچی بڕیارو فەتوای کلێسە نەبوون ، بێ‌ترس‌و سڵەمینەوە پارەیان بەسوود دەدا • «شەکسپیر» لەو شانۆیی‌یەیدا پشتگیریی باری سەرنجی کلێسە دەکاو لەهەمان ڕوانگەیشەوە ئاینی مووسایی تاوانبار دەکا • دەبێ ئەو حەقیقەتەیش لەیاد نەکەین کە یەکێك لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەورووپادا ئەوە بوو قەدەغەکردنی سوود لابرێ‌و ماوەی سەرمایەداران بدرێ پارەکانیان بەشێوەی جۆرەبەجۆر بخەنە کارەوە • بەم هەڵوێستەیش ڕێبازی پرۆتستانتی بووە یارمەتیدەرێکی باشی سەمایەداران‌و کەڵەکەبوونی سەرمایە «تراكم الرأسمال» •
ـ وەرگێڕ ـ

زۆری تریشدا ئەو حەقیقەتەمان نیشان دەدا کە تا چ رادەیەك خواستو ئاواتەکانی پیاوانی سەردەمی رێنیسانس لەگەڵ واقیعی ژیانو کۆمەڵ لەیەکتر دوورن • « شەکسپیر » هەوڵیدا لەرێگای بەرهەمەکانی‌یەوە پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە چۆن پەرژەوەندی تایبەتی‌ی خەڵکی‌ی دەجووڵێنێ • لەهەمان کاتیشدا ئاشکرای دەکا کە لە گێژاوی ئەو ملەملانێ‌یەدا خەڵکی سادەو دڵو دەروون خاوێن دەبنە قۆچی قوربانی‌ی مەبەستو ئارەزووی دەسەڵاتداران • بەنموونە : تراژیدیای « هاملێت » دەکاتە روانگەیەك لێوەی دەڕوانێتە فێڵو تەڵەکەی ژیان • ئەو بەدەرخستنی چارەنووسی پاڵەوانەکەی لەوە بەولاوە کە دەیەوێ تراژیدیای ئادەمیزادێکی دڵپاك نیشان بدا کە رووبەڕووی زوڵمو ستەمی کۆمەڵەکەی بووەتەوە هیچ مەبەستێکی دیکەی نی‌یە* • تەقینەوە بەڕووی ئەو واقیعەدا

(*) «هاملێت» بۆ ئەوەی تۆڵەی کوشتنی باوکی لە مامو دایکی بستێنێ ، چەند رێگای جیاواز دەگرێتە بەر • جاروبار خۆی شێت دەکا • هەندێ جاریش وەك ئادەمیزادێکی گەمژەو هیچ‌نەزان خۆی نیشان دەدا • لەشوێنی خۆیشیدا هێز بەکار دەهێنێ • کەوابوو «شەکسپیر»یش کەم یان زۆر کەوتووەتە ژێر تەئسیری بیری «ماکیافیللی» یەوەو هەمان تێڕاوانینی هەبووە • لەشانۆیی «ئۆتێللۆ»دا «ئ[illegible]کۆ» ماکیافیللی واتەنی : رێوی‌یەکی فێلبازو لەشوێنی خۆیشیدا شێرێکی چاونەترسو بەهەلمەتەو چی رێگای ناڕەواو ناشایستە هەیە دەیانگرێ بۆ ئەوەی تۆڵە لە «ئۆتێللۆ» بستێنێ • «ماکبێت»یش بۆ ئەوەی دەسەلاتی بکەوێتە دەست هەرچی نەشێ دەیکا • لەشانۆیی «یولیۆس قەیسەر»دا «شەکسپیر» بیروڕایەکانی

لەشانۆیی « تەیموونی ئەتینایی »دا قووڵتر بەرجەستە دەبێ(١) •
« شەکسپیر » لەناوەرۆکی ئەو بەرهەمانەیدا ئاشکرای دەکا ، پایەی تاکە کەس لەکۆمەڵی نوێدا هیچ پەیوەندییەکی بەسیفەتی شەخسییەوە نییەو سامانی ماددی ، پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی ئادەمیزاد دەستنیشان دەکا • (تەیموون) هەتا دەوڵەمەندە جێگای رێزی خەڵکییە ، کە نابووتیش دەبێ هەموو لێی دەتەکێنەوەو کەس بەدەورییەوە نامێنێ • « تەیموون » بەنابووتی کە داخو خەفەت هەڵدەڕێژێ مەبەستی ئەوەیە ، هێزو جادوی زێڕ نیشان بدا کە چۆن « ناشیرینیی دەکاتە جوانیی » و « درۆ دەکاتە راستیی » و « پیر دەکاتەوە بەلاو » ، بۆچی ؟ چونکە زێڕ « جوانترین دیارییە بۆ چاوە گەشەکان » وتیشکەکەیشی « وەك کڵپەی ئاگر لە هەموشتێك بەتین ترە » وهیچ « ئافرەتێکیش نییە سنگی بۆ ئەم خۆشەویستە نازدارە نەکاتەوەو پشوازیی لەو دڵدارە نەکات کە بە کلاورۆژنەدا بۆی دێتە خوارێ » •

=
بەتەواوی لەگەڵ «ماکیافیللی»دا جووت دەبێ • «شەکسپیر» کە کوشتنی «یولیۆس قەیسەر» دەکاتە بابەتی شانۆییەکەیو لەروانگەی خۆیەوە دای دەڕێژێتەوە مەبەستی ئەوەیە رای بگەیەنێ گوایە لەناوبردنی پادشایەکی وەك « قەیسەر» ئەنجامەکەی ناکۆکیو دووربەرەکییو شنەڕی ناوخۆ دەخولقێنێو گەل بەرەوە هەڵدێری نەهامەتی دەبا •
— وەرگێڕ —

(١) دکتۆر «عەبدولواحید لوئلوئە» ئەم تێکستە بەنرخەی «شەکسپیر»ی کردووە بە عەرەبیو ساڵی ١٩٧٧ لە «کوێت» چاپ کراوە •

کاتێك « تەیموون » دەبینێ زێڕو سامان ، ئادەمیزاد دەکەنــە کۆیلەو لەوەوە کە بوونەوەرێکــی کۆمــەڵایەتــی قســە خۆشـو نوکتەزانە ، دەبێتە ئادەمیزادێکــی گۆشەگیرو رقی لەهەمــوو ئــەو خەڵکە دەبێتەوە کە لەپێش چاوی بوونەتە « بووکـــە ســـەماکەرە بەدەست زێڕدارانەوە » ، لەمەوە « پشــت کردنــە ئادەمیــزاد »و « بەسووکیی تەماشاکردنی خەڵك » دەکاتە یاسای « رۆژانی دوایی تەمــەنی »و « دۆســتایەتیو میــوانداریی‌و کۆمـــەڵو بــەزەیی » لەبەرچاوی دەبنە « چەنــد ووشەیــەکی پڕو پووچ » و خــزم و دراوسێو نیشتمان » یش دەبنە « چەند ناوێکی مردووی بێ کەڵك » .
لەبەر ئەوە ئەگەر « شەکسپیر » لەبەرگی مرۆڤێکی رەوشت بەرزی ئەتینایدا ئادەمیزادێکی هاوچەرخمان نیشان بداو ئاواتەخوازی ئەوەبێ « دەردێکی کوشندە لەســەر زەمین بکەوێتەوە » شتێکــی سەیر نییە !!
«تەیموون» پاش ئەوەی رووبەڕووی واقیعی کۆمەڵی نوێ دەبێتەوە ئینجا لەهێزی جادوگەرانەی پارەوسامان تێ دەگاو بۆی دەردەکەوێ ئەوانەی هەمیشــە عەوداڵی پارەنو هەڵپەی بۆدەکەن وایان لێهاتووە ئەزانــەت « ســەگ لەسواڵکەریش بفرێنــن » بۆیە دەڵێ :

« لــە حەوشی ماڵەکەمدا درەختێکم هەیە ، نەش‌ونما دەکا
وا پێویســتیی پاڵم‌پێوە دەنێ ، بیبڕ[illegible]ە ، ناچارم پەلــە بکەم ،
بە دۆستەکانم بڵێ ، بەدانیشتووانی ئەتینای رابگەیەنــە ،
هەر لەگەورە تا بچووکیان ، بەپێی پلە یا پایەیان ،

له مه‌زنان تا گه‌نده پیاو ،
کێ ده‌یه‌وێ به‌ڵاکانی ببڕێته‌وه‌ ،
ده‌ستو بردکا ، بێته‌ ئێره‌ ،
تا ده‌می ته‌ور دره‌خته‌که‌ی نه‌په‌ڕاندووه‌ ،
په‌تێك هه‌ڵخاو خۆی هه‌ڵواسێ »

ئا به‌م وێنه‌ هونه‌ری جوانو قووڵه‌ «ته‌یموون» ئه‌و واقیعه‌ تاڵو دڵ ته‌زێنه‌ ده‌رده‌بڕێ که‌ تا « ده‌ست بڵاویی نه‌یکرده‌ سواڵکه‌ر » هه‌ستی به‌خۆی نه‌کرد بــه‌ڕاده‌یه‌ك « دۆسته‌کانی به‌ته‌واوی نه‌یـــان ده‌ناسی‌یه‌وه‌ » وته‌نانه‌ت « سه‌رنجی ئه‌و که‌سانه‌یشی رانه‌ده‌کێشــا که‌ پێشتر مه‌رایی‌یان ده‌کردو خوا خوای ئه‌وه‌یان بــوو ئه‌م به‌لاچاوێـــك ته‌ماشایان بکا » • « سێرڤانتس » یش هه‌ر له‌م روانگه‌یه‌وه‌ ته‌عبیـــر له‌هه‌مان واقیع ده‌کا ، به‌ڵام به‌ شێوازێکی تر •

سێر ڤانتس

« سێرڤانتـــس » به‌ناوبانگترین نووســه‌ری ئیسپانیایــه‌و به‌نووسینه‌کانی بنچینــه‌و بناغــه‌ی بۆزمانـــی یه‌کگرتــووی ئیسپانی دارشتو یه‌کێکــه‌ لــه‌و که‌سانه‌ی به‌شداری‌یان له‌گه‌شه‌ پــێ کردنی ئه‌ده‌بیاتــی جیهاندا کرد • ناوبراو ته‌مه‌نــی لاوێتی‌ی له‌ئیتالیادا به‌سه‌ر بردو له‌لایه‌ن چه‌ته‌ ده‌ریایی‌یه‌کانی جه‌زائیره‌وه‌ به‌دیل ده‌گیــرێو له‌ماوه‌ی پێنج ساڵ دیلێتیدا ئازایانه‌ به‌چه‌ندین شێوه‌ هه‌وڵــێ خــۆ رزگارکردن ده‌دا • پاش ئه‌وه‌ی ده‌گه‌ڕێتــه‌وه‌ بــۆ ئیســپانیا وه‌ك

فەرمانبەرێك دەست بەكار دەبێ‌و بەهۆی ئەوەوە كەزۆر ناوچەی وولاتەكەی دەگەڕێ لەنزیكەوە ئاگاداری هەرەس هێنان‌و تێ‌شكانی ژیانی دانیشتووان دەبێ • هەر لەوكاتەیشدا زەبروزەنگی كلێسەو دادگای پشكنین بووبوونە بارێكی گران بەسەر شانی بزووتنەوەی فیكریی ئیسپانیاوە ئەویش بەتۆمەتێكی دروستكراو دوجار دەگیرێ‌و كتێبە بەناوبانگەكەی « دۆن كیخۆت » یان « دۆن كیشۆت » كە چیرۆكێكی ریالیزمی‌یە لە بەندیخانەدا دەنووسێ‌و لەناوەرۆكیدا گیانی سەردەمەكەی بەشێوازێكی هونەریی زۆر بەرز نیشان دەدا • پاڵەوانی چیرۆكی « دۆن كیشۆت » خەو بەزیندوو كردنەوەی نەریتی سوارچاكی‌یەوە دەبینێ، لەكاتێكدا سەردەمی بەسەرچووە • ئەو پاڵەوانە تاقە كەسێكە لەم حەقیقەتە تێ‌نەگەیشووە • بۆیە لەبەردەم خوێنەردا بەرگێكی پێكەنیناوی دەپۆشێ‌و دەیەوێ لەسەر ڕێ‌و شوێنی دەرەبەگایەتی واقیع بگۆڕێ •

لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا هەموو شتێك پشتی بەهێزی بازوو دەبەست • ئەوەتا « دۆن كیشۆت »یش دەیەوێ بەزەبری دەست‌و قامكی خۆی واقیعی تفت‌و تاڵی كۆمەڵەكەی بگۆڕێ • لەبەر ئەوە دەبینین جارێك لەسەر هەتیوو بێ‌دەرەتانان دەكاتەوەو جارێكیش سزای ستەمكاران دەدا، بەڵام لەواقیعدا هیچی بێ ناكرێ‌و دەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوەو زەرەروزیانیش بەخەڵكی دەگەیەنێ • سەرەڕای ئەمانەیش « دۆن كیشۆت » لەدڵدا ئادەمیزادێكی

خێرخوایەو خۆشویستنی مرۆڤ پاڵێ پێوە دەنێ بە دەستپاکی‌یەوە بەرگریی لەسەربەستی‌ی‌و عەداڵـەت بکاو دڵدارودولبەر بپارێزی‌و دڵبەستەی شیعرو زانستیش بێ •

کەواتە ئەم سوارچاکە ڕەوشـت بەرزە نموونەی هومانیستێکی ڕەسەنـە • ئایدیای ئـەو بیروبڕوای دژ بەدەرەبەگایەتی‌یـە کە لە سـەردەمی ڕێنیسانسـداو لەناوجەرگەی کۆمەڵگای دەرەبەگیـدا سـەری هەڵدا • بەڵام ئەو کۆمەڵگا نوێ‌یەی لەجێی ئـەو بنیاتنرا نەیتوانی خەونەکانـی بهێنێتـە دی • لەبەر ئەوە لەلایەك جووتیارە دەوڵەمەندو دڵڕەقەکانو لەلایەکی‌تریشـەوە بازرگـانەکان بەچاوی سووك تەماشـایان دەکـردو گاڵتەیان بەشـێوەی بەرگری‌کردنـی لەهەژارانو لێقەوماوان دەکرد •

« سێرڤانتس » بە بلیمـەتی‌ی خۆی توانی واقیعو هەڵوێستی نوێژە کۆمەڵایەتی‌یە تازەکـانو ئەو ململانێ‌یە دەرببڕێ کە نە بیری ئایدیالیزمی‌و نە خەونی ڕۆمانسـی‌یانە بۆیـان چارەسـەر نەکـرا • کتێبـی « دۆن کیشۆت » بەهـۆی ڕەوانی‌ی دەربڕینو شـێوازە کۆمیدیایی‌کەیەوە ، ناوو شۆرەتێـکی وای پەیداکرد ، بەچـەندین زمان وەرگێڕدراو دەیان جارو بەدرێژایی چەنـد سەدەیەك لەچاپ درایەوە •

ئەنجام

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەی کە باسکران ، بۆمان دەردەکەوێ سەردەمی رێنیسانس چرایەکی رۆشنی شارستانیەتی ئادەمیزادو قۆناغێکی مێژوویی پڕ لەدەرس و تاقی کردنەوەو دەستکەوتی گەورە گەورەیەو دەهێنێ لێی بکۆلرێتەوەو شتی نوێی لێوە فێربین • جا لەبەر ئەوەی رۆژگاری رێنیسانس یەکێکە لەو بابەتە مێژوویی یانەی سەدان مێژوونووس و خەڵکی تریش توخنی کەوتوون و بایەخیان پێ داوە ؟ بەلام تائێستایش بەر بەرەڵلایە بۆ ئەو کەسانەی مەبەستیانە شتی نوێ بخنە سەر ئەو دەریا لەبن نەهاتووەو رۆژهەلاتی یەکانیش دەتوانن شتی تازەی لێ هەلبهێنجن و شتی نوێ بخەنە سەر سامانی دەولەمەندی • دووریش نی یە بەهۆی پشکنین و بەشوێنداگەڕانی تێکڕای ئەو دەستنووسە عەرەبی و ئیسلامی یانەوە کە تا ئەمڕۆیش چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی یانەن و لەبەر رۆشنایی سەرچاوە رەسەنەکانی سەردەمی رێنیسانسی ئەوروپا ، بتوانن ئەم ئامانجە زانستی یە مەزنە بهێننە دی •





سەرچاوە



به زمانی ئینگلیزی

« Action and Conviction in early Modern Europe » .
editors J. K. Rabb and J. E. Seigel, Princeton, 1969.

Baron H., The crisis of early Italian Renaissance,
Princeton, 1967.

Bush M. L., Renaisssance, Reformation and the Outer
World. London, 1967.

Chabod E., Machiavlli and Renaissance, Cambridge,
1960.

Gage J., Life in Italy at the time of Midici. London.
1968.

Gilmore R.. The World of Hummanism, 1453 - 1517,
New York .

Grain E., Italian Humanism. Philosophy and civic
life in the Renaissance, translated by P. Munz.
Oxford, 1965.

Grant A. J., A history of Europe, part II, London,
1929.

Hay, D., The Italian Renaissance in its historical
background. Cambridge. 1966.

Laven P.. Renaissance Italy 1464 - 1524. London 1966.

Palmer R. R. and Colton J., A history of the Modern World, third edition, New York, 1965.

« Renaissance and Reformation, 1300 - 1648 ». Edited by G. R. Elton. Second edition, New York - London , ?

Schweitzer F., Dictionary of the Renaissance.

Sellery G. Cl., The Renaissance. Its nature and origins , Madison, 1962.

Singleton Ch., Art, Science and History in the Renaissance, Baltimore. 1967.

Strayer J. R. and others, The Mainstream of Civilization, second edition, New York, 1974.

The Civilization of the Renaissance, New York. 1959.

« The Civilization of the Renaissance in Italy » , An Essay by J. Burckhardt, New York and Toronto , ?

The Renaissance and the Reformation 1300 - 1600 », Edited by D. Weinstein, New York.

Weiss R., The spread of Italian Humanism, London, 1964.

به زمانی رووسی

یفیاکینا ن.ف. ، هومانیست پیێر پاولۆ ڤێرجیریۆ ـ چـالاکیی رووناکبیری و زانایان ، ـ «ئەوروپا لە سەدە ناونجییەکاندا . ئابووری ، رامیاری ، رووناکبیری» ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۲ .

جوبێر أ.أ. ، بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەی مرۆڤایەتی لە سەدەی پازدەمیندا ، ـ «مێژووی جیهان» ، بەرگی سێیەم ، مۆسکو ، ۱۹۵۷ .

جوبێر أ.أ. ، دانتێ ، ـ «مێژووی جیهـان» ، بەرگی سێیـەم ، مۆسکۆ ، ۱۹۵۷ .

جوبێر أ.أ. ، فرانچیسکۆ پەترارك ، ـ «مێژووی جیهـان» ، بەرگی سێیەم ، مۆسکۆ ، ۱۹۵۷ .

رۆتێنبورگ ف.ی. ، کـەلە پیـاوانی رێنیسانس ، لێنینگراد ، ۱۹۷٦ .

سیمیۆنۆف ف.ف ، مێژووی سەدە ناونجی یەکان ، چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۰ .

فاینشتین و.ل. ، زانستی مێژوو لە ئەوروپای رۆژئاوادا لـە سەدە ناونجییەکاندا ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ، ۱۹٦٤ .

به زمانی عه‌ره‌بی

جلال شوقي ، الدكتور ، عبقرية ليوناردو دافنشى في الهندسة ، القاهرة ، ١٩٦٤ ٠

شكسبير ، تيمون الاثيني ، ترجمة الدكتور عبدالواحد لؤلؤة . الكويت ، ١٩٧٧ ٠

عبدالقادر احمد اليوسف ، الدكتور ، علاقات بين الشرق والغرب بين القرنين الحادى عشر والخامس عشر ، صيدا - بيروت ، ١٩٦٩ ٠

عبدالمطلب صالح ، دانتى ومصادره العربية والاسلامية ، بغداد ، ١٩٧٨ ٠

نيقولو ماكيافيللى ، الامير ، تعليق بنيتو موسولينى، مقدمة كريستيان غاوس ، تعريب خيرى حماد ، الطبعة الثالثة ، بيروت ، ١٩٧٠ ٠

هربرت فيشر ، اصول التاريخ الاوروبى الحديث ، نقله الى العربية الدكتورة زينب عصمت راشد والدكتور احمد عبدالرحيم مصطفى ، الطبعة الثالثة ، القاهرة ، ١٩٧٠ ٠

پێرستی ناو



الدكتور كمال مظهر احمد

النهضـــة

RENAISSANCE

ترجمـة

فؤاد ميسري

بغـداد ـ ١٩٨٤

ـ ١٩٠ ـ



دانەی بە دینارێکە

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە (٩٤٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی دراوەتێ




«ڕێنیسانس»
جێگ... ...یاری نەك هەر لە مێژووی
ئەورو...ادا ، بگر... لە سەرانسەری مێژووی
ژیاری... مرۆڤدا هەیە .
«ڕێنی... ...ۆژگارە نەمرەیە کە
پێویست... ...اسن .
... بە رۆژگاری «ڕێنیسانس»
هێن...
ئێ... ...یش دەتوانین زۆر لە
ت... ... دەوڵەمەندەکانی
«ڕێنیس... ...غێربین .